# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

ژمارە ٦٤٠، پێنجشەممە، ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٣، ٦ی نۆامبری ٢٠١٤، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

**ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ پێکهاتنی لایەنەکانی کوردی ڕۆژئاوا**

**پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بۆ شەشەمین کۆنگرەی پارتی ماف و ئازادی**

**دوو لایەنی سیاسیی کوردی سووریە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کرد**

٢ ⇐



کورد پیادە نیزامی ڕێژیمی ئێران نیە

٤



توندترکردنی سەرکوت و کپکردن لە کوردستاندا

٧



چەواشەکاری و شاردنەوەی ڕاستییەکان لە پێناو چی دا؟

٨



پرژاندنی تێزاب، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسەتێکی ...

٩

# بازەکان باڵیان بەسەر کۆنگرێسدا کێشا



حیزبی کۆماریخوازەکانی ئامریکا بە سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی نێوان دەورەیی ئەم وڵاتەدا کە ڕۆژی سێشەممە ٤ی نوامبر بەڕێوە چوو، توانی بۆ یەکەمجار لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا کونترۆڵی سێنا و مەجلیسی نوێنەرانی ئەو وڵاتە بەدەستەوە بگرن.

بەم پێیە، پاڵێوراوە کۆماریخوازەکانی سێنا لە ویلایەتەکانی ویرجینیای ڕۆژئاوا، ئارکانزاس، داکۆتای باشوور، مۆناتا و کۆلۆرادۆ سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و کورسییەکانی سێنایان کردە هی خۆیان.

بە سەرەنجدان بە ئاکامەکانی ئەم خولە لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرەی ئامریکا، دێموکراتەکان بە لەدەستدانی لانیکەم ٦ کورسی بوون بە حیزبی دووهەمی سێنا.

کۆنترۆڵی کۆماریخوازەکان بەسەر سێنای ئامریکا ڕەوتی سیاسەتی دەرەکی ئەم وڵاتە لە پێوەندی لەگەڵ کێشە جیاوازەکانی وەك دۆسییەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی، شەڕ لەگەڵ داعش و وەرچەرخانە نێوخۆییەکانی سووریە و ئۆکراین و هاوکێشەکانی دیکە تووشی گۆڕان دەکات. باراك ئۆباما سەرۆك کۆماری ئامریکا لە دوو ساڵی کۆتایی سەردەمی سەرۆککۆمارییی خۆیدا دەبێ ویست و پلانەکانی خۆی بە هاوکاریی لەگەڵ کۆنگرەیەکدا بەرەوپێش ببات کە بە تەواوەتی لە دەستی کۆماریخوازەکاندایە.

کۆماریخوازەکان بە بەدەستهێنانی ٥١ کورسی لە ١٠٠ کورسی سێنا و زۆرینەبوونیان لە مەجلیسی نوێنەراندا، شکستیان بە دێموکراتەکان هێنا.

هەر یەك لە ویلایەتەکانی ئامریکا، سەرەڕای پانتایی جوگرافیای و ڕێژەی دانیشتووان، نوێنەرێك بۆ مەجلیسی نوێنەران و دوو نوێنەر بۆ سێنا بەڕێ دەکەن. ماوەی دەسەڵاتداریی ئەم نوێنەرانە لەم مەجلیسانەدا ٦ ساڵە. یەك لەسەر سێی نوێنەرانی ئەم دوو دامەزراوە هەر دوو ساڵ جارێك سەر لە نوێ هەڵدەبژێردرێنەوە.

کۆماریخوازەکان ئێستا دەتوانن بە پاڵپشتیی زۆرینەبوونیان لە کۆنگرەدا، یاساکانی بەرسەرەنجی خۆیان بە پەسەند بگەیەنن، باراك ئۆباما سەرۆك کۆماری دێموکراتی ئامریکا دەتوانێ ئەم یاسایانە ڤیتۆ بکات.

بەم پێیە ئۆباما ئیدی ئەو توانایەی نییە کە لە ئەگەری دژایەتی کۆماریخوازەکان ویستەکانی خۆی دابین بکات. بە واتایەکی دیکە، بەرەوپێشچوونی سیاسەتەکانی ئامریکا لە دوو ساڵی داهاتوودا لە گرەوی هاوکاریی کۆماریخوازان و دێموکراتەکاندا دەبێت.

## داعش لە بەرامبەر پارێزەرانی کۆبانێدا پاشەکشە دەکات

تێکهەڵچوونە توندەکان لە شاری کۆبانێدا بەردەوامە و بە هۆی بەرەنگاریی توندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و یەکینەکانی پاراستنی گەل، تیرۆریستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە لە دەوروبەری ئەم شارە بوون. شاری کۆبانێ چەندین حەوتووە لە گەمارۆی هێزەکانی داعشدایە.

بە پێی ڕاپۆرتی سەرچاوەکانی هەواڵ لە سنووری تورکیە و سووریە، بە چوونی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی عێراق و سوپای ئازادی سووریە بۆ شاری کۆبانێ، بەرگریی لەم شارە توند و تۆڵتر بووە.

بە چوونی چەکە قورسەکانی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ شاری کۆبانێ، مەتەریزەکانی هێزە کوردەکان لەم شارەدا، بە تایبەت لە بەرەی ڕۆژئاوادا، بەهێز بووە.

وەزیری بەرگری عێراق وتوویەتی لەمە بەدوا چەکە قورسەکان دەدرێت بە هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لە عێراق و سووریەدا.

ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە هێزەکانی پێشمەرگە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ سەرقاڵی شەڕێکی خەستن لەگەڵ هێزەکانی داعشدا.

هێزە هاوپەیمانەکانی دژی داعش لە ڕۆژانی دواییدا لە چەندین زنجیرە هێرشی هاوئاهەنگ لەگەڵ پێشمەرگەکان و یەکینەکانی پاراستنی گەل لە کۆبانێ، مۆڵگە و سەیارەکانی داعشیان لە شاری کۆبانێ بوردمان کردووە، ئەم هێزانە هەروەها هێرشیان کردووتە سەری شاری مۆنبەج لە نزیك شاری حەلەبدا کە هێزەکانی داعش داگیریان کردووە.

## بێ متمانەیی لە نێوان ئێران و ئامریکا بەردەوامە

لە کاتێکدا کە تەنیا سێ حەوتوو لە مۆڵەتی دانووستانە ناوکییەکانی ئێران و گرووپی ١+٥ ماوە، ئامریکا دەڵێ هیچ بەختێ بۆ درێژکردنەوەی وتووێژەکان لە ئارادا نییە.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆیتێرز، سەرۆك کۆماری ئامریکا کە ڕۆژی چوارشەممە ١٤ی خەزەڵوەر بە ئامادەبوونی هەواڵنێران لە کۆشکی سپیدا قسەی دەکرد وتی، سوننەتی لەمێژینەی بێ متمانەیی لە نێوان هەر دوو وڵاتدا هەروا بەردەوامە.

ئێران و گرووپی ١+٥ تا ڕۆژی ٢٤ی نوامبر(٣ی خەزڵوەر) مۆڵەتیان هەیە تا بە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنە بگەن لەسەر دۆسییەی ناوکیی ئێران.

بە نزیکبوونەوە لە دوایین مۆڵەتی دانووستانە ناوکییەکان، ئامریکا و فەڕانسە ڕۆژی چوارشەممە داوایان لە ئێران کرد کە یان بیسەلمێنێ کە پرۆگرامە ناوکییەکەی ئاشتیخوازانەیە یان مەترسی لەنێوچوونی باشترین هەل بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن و دەربازبوون لە ئابلۆقە ئیفلیجکەرەکان قبووڵ بکات.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی فەڕانسە، جان کێری، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئامریکا، ڕۆژی چوارشەممە دوای دانیشتنێ لەگەڵ لۆران فابیووس، وەزیری کاروباری دەرەوەی فەڕانسە، ڕایگەیاند کە ئامریکا بۆ دووبارە کردنەوەی مۆڵەتی دانووستانەکان ئامادەیی نییە. بەم حاڵەشەوە ئەو ئەم ئەگەرەی هێشتەوە کە لە ئەنجامدا لایەنەکان بەم ئاکامە بگەن کە تەنیا چەن بست لە ڕێککەوتنی کۆتایی پێکەوە مەودایان هەیە و ئەگەری هەیە ڕەوتەکە بە شێوەیەکی دیکە بەرەوپێش بڕوات.

شارەزایان لەسەر ئەو بڕوایەن لە ئەنجامی بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماریخوازەکان لە سێنا و کۆنگرەی ئامریکا کە کارەکانیان لە ژانوییەی ٢٠١٥وە دەست پێ دەکەن، بەردەوامبوونی ڕەوتی دیپلۆماتیك لەمەڕ دۆسیەی ناوکیی ئێران لە ئەگەری نەگەیشتن بە ڕێککەوتن تا ڕێکەوتی دیاریکراو، بەختێکی ئەوتۆی نابێت.

### پەیڤ

**ناهید حسێنی**

لە سەروبەندی دانووستانەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی ١+٥ دا، ئەمڕۆژانە هاواری مەرگ بۆ ئامریکا لە ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە ١٣ی خەزەڵوەر، دووبارە لە هەموو شەقامەکانی ئێرانەوە دەبیسترێت. ڕێپێوانگەلێك کە پەیوەندییان بە ڕۆژی قوتابی و هەروەها ٣٥ەمین ساڵوەگەڕی دەستبەسەردا گرتنی سەفارەتی ئامریکا و یان بە وتەی ئەوپەڕگیرەکانی ئێران "هێلانەی سیخوڕیی ئامریکا" لە لایەن خوێندکارانی سەر بە هێڵی خومەینییەوە هەیە.

٣٥ ساڵە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئامریکا هێمنی بە خۆیەوە نەبینیوە و ویڕای هەڵکێش داکێشی کاتی، هەمیشە بە گرژی ماوەتەوە. لەو ماوەیەدا ئامریکا ئێرانی بەوە تۆمەتبار کردووە کە پشتگیری لە تێرۆریسم دەکات و هەوڵی تێکدانی تەناهیی ناوچەیی و ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئەو وڵاتانە دەدات کە لە سیاسەتەکانی ئامریکاوە نزیکن. لە هەمووی گرینگتر بۆ ئامریکا قبووڵ ناکرێ کە ئێران ڕاشکاوانە هەڕەشەی سڕینەوەی هەبوونی ئیسرائیل وەك هاوپەیمانێکی نزیکی ئەو دەدات. ئامریکا هەر وەها ئێران بە وڵاتێکی پێشێلکاری مافی مرۆڤ دەناسێ، بۆیە ئێرانیش پێی وایە کە هەنگاوەکانی ئامریکا لە ڕەوتی لاوازکردنی هێز و دەسەڵاتی ئەو، لە نێوخۆ و لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا بوون.

ئێران بە نۆرەی خۆی هەوڵ دەدا بە دەستتێوەردان لە سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتانی ناوچە، وەك هێزێکی کاریگەری ناوچەیی خۆی بسەپێنێ و بە تەیارکردن و پڕ چەککردنی خۆی بە کەرەستەی شەڕ وەك مووشەکی ستراتێژیك و وەگەڕخستنەوەی هەموو تواناییەکانی، سەرەڕای حاشاکردنە بەردەوامەکانی بۆ وەدەست خستنی چەکی ئەتۆمی، ببێتە جەمسەرێکی بەهێزی نیزامی لە ناوچەدا. لەو سۆنگەوە، کۆماری ئیسلامی دەیەوێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەدا بسەپێنێت و خەونی خومەینی بۆ هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆدەرەوە بێنێتە دی. لە هەمان کاتیش دا دەیەوێ زلهێزە ڕۆژئاواییەکان بە هەڕەشەی چەکی ئەتۆمی، ملکەچی خواستە نامرۆییەکانی خۆی بکات.

ڕەوتی دانووستانەکانی ٥+١ سەرەڕای هێماکانی بەئاکام نەگەیشتنی، هەرجارە ماوەکەی درێژ دەکرێتەوە. ئەوەش دەریدەخا کە هەوڵەکانی بەڕێوەبەریی ئۆباما بەرەو ئاقارێك دەچن کە بە دوور لە توند وتیژی کێشەی ناوکی ئێران، لەم سەردەمە پڕ لە قەیران و ئاڵۆزییەدا چارەسەر بکەن. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە داخوا هەڵبژاردنی نێواندەورەیی

٢ ⇐

## دوو لایەنی سیاسیی کوردی سووریە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کرد



ڕێکەوتی ٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندی بزووتنەوەی کۆمەڵگای دێموکراتیک "تەڤدەم" (TEV_DEM) بە سەرپەرەستیی بەڕێز "ئاڵدار خەلیل" و شاندی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە (ENKS) بە سەرپەرەستیی بەڕێز "تاهیر سفوک" سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکەوە بە سەرپەرەستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتەوە پێشوازییان لێکرا. سەرەتا، بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای بەخێرهاتنی میوانەکان، بەبۆنەی ڕێکەوتنی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی سووریە، ئەو هەنگاوە گرینگەی لە دوو شاندی بزووتنەوەی کۆمەڵگای دێموکراتیک "تەڤدەم" (TEV_DEM) و ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە (ENKS) و نەتەوەی کورد بە گشتیی پیرۆزبایی کرد. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە درێژەی قسەکانی خۆیدا لە سەر پێویستی و زەروورەتی یەکڕیزی و یەکگرتوویی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان جەختی کردەوە و وتی: یەکگرتوویی حیزبە سیاسییەکان، باوەڕمەندی بە تولێرانس و یەکتر قەبوول کردن ڕەمزی سەرکەوتنی گەلی کوردە. بەڕێز مستەفا هیجری، لە درێژەی قسەکانیدا وتی: دوژمنانی گەلی کورد لە یەکگرتوویی و ڕێککەوتنی حیزبە سیاسییەکان زۆر قەڵس و نیگەرانن و دەیانهەوێ بە هەموو شێوەیەك یەکگرتوویی حیزبە سیاسییەکانی کورد لە کوردستانی سووریە تێك بدەن، هەر بۆیە دەبێ زۆر وریا بین ئەو پیلانانەی دوژمنان تێك بدەین. بەڕێز هیجری لە درێژەی قسەکانیدا سەرەڕای جەخت کردنەوە لە سەر یەکگرتوویی ئێستا وتی: "هیوادارین تێکۆشەران و شەڕڤانانی کوردستانی سووریە سەربکەون و دوژمنانی کورد نەتوانن ئەو یەکگرتن و ڕێککەوتنەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی سووریە تێك بدەن. پاشان شاندی مێوان پێکهاتوو لە شاندی بزووتنەوەی کۆمەڵگای دێموکراتیك "تەڤدەم" (TEV_DEM) و شاندی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە (ENKS) ڕایانگەیاند: ئێمە هاتووین هەواڵی ڕێکەوتن و یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی سووریەتان پێ ڕابگەیەنین و خوازیاری پشتیوانی و هاوکاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو ڕێکەوتنەین و ڕێنوێنی و ڕاو بۆچوونەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە گرینگەوە وەربگرین. شاندی بزووتنەوەی کۆمەڵگای دێموکراتیك و شاندی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە (ENKS) لەو سەردانەدا وتیان: ئێمە بە دروستکردنی مەرجەعییەتێکی یەکگرتووی سیاسیی، ئیدارەیەکی بەڕێوەبەریی هاوبەش و پێك هێنانی هێزێکی چەکداری یەکگرتوو بۆ ئاسایش و پاراستنی کوردستانی سووریە ڕێکەوتووین. لە کۆتایی ئەو سەردانەدا شاندی مێوان و خانەخوێ پێداگرییان لە سەر بەردەوامی هاوکاری و هاوپێوەندیی خۆیان کردەوە و پاراستنی یەکگرتوویی حیزبەکانی کوردستانی سووریەیان بە ئەرکی هەموو نەتەوەی کوردی زانی.

## چاوپێکەوتنی نوێنەری حیزبی دێموکرات لەگەڵ بەرپرسانی وزارەتی دەرەوەی وڵاتی دانمارک

ڕێکەوتی ١٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی، سەعید سوڵتانپور، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ "ئانا مولێر" و "مالتی کریستینسن" لە بەرپرسانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و عێراق لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی دانمارکدا، چاوپێکەوتنی کرد. سوڵتانپور لەم چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ بەرپرسانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و عێراق لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی دانمارك، لە پەیوندی لەگەڵ نالەبارتربوونی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران دوای هاتنە سەرکاری حەسەن ڕووحانی چەند باسێکی پێشکەش کرد. بەردەوام بوونی کوشتنی کۆڵبەران و هاووڵاتییانی کورد، درێژە پێدانی شەپۆلی دەستبەسەرکران، بانگهێشت و سەرکوتی هاووڵاتییان، بە تایبەت هاووڵاتییانی سەر بە نەتەوە بندەستەکانی دانیشتووی ئێران وەکوو کورد، عەرەب و بەلوچ تەوری سەرەکیی وتووێژ لەم دانیشتنەدا بووە. هێرشی گرووپی تیرۆریستی داعش بۆ سەر کوردستانی عێراق و سووریە و یارمەتییە مرۆییەکانی وڵاتانی ئورووپا و بەتایبەت دانمارك لە بابەتەکانی دیکەی ئەو چاوپێکەوتنە بوون. بەرپرسانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و عێراق لە وزارەتی دەرەوەی دانمارك، "ئانا مولێر" و "مالتی کریستینسن" لەگەڵ وتەکانی نوێنەری حیزبی دێموکرات، سەبارەت بە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران هاوڕا بوون و ڕایانگەیاند کە دوای هاتنە سەرکاری حەسەن ڕووحانی هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا نەهاتووەتە ئاراوە.

## درێژەی سەروتار

ئامریکا، ڕەوتەکە ناگۆڕێ؟ ئایا پاش ئەوەی کە کۆماریخوازەکان، کە هەردەم ڕەخنەیان لە سیاسەتە نەرمەکانی ئۆباما بەرامبەر بە ئێران گرتووە، و ئێستا زۆرینەن و سێنای ئامریکایان بەدەستەوە گرتوە، ڕەوتی دانووستانەکان بەرەو ئاراستەیەکی دیکە ڕاناکێشن؟ ئەگەر لە ڕەوتی دانووستانەکاندا بەم زوانە ڕێککەوتنێك نەهاتە ئاراوە و سیاسەتی ئامریکا لە بەرامبەر ئێران دا توندتر بووەوە، چ کاریگەرییەکی لە سەر دانووستانەکان دەبێ؟ گەلۆ چڕتر کردنەوەی گەمارۆکان لە دەرئەنجامی ئەو ڕێکنەکەوتنە، دۆخی وێرانی ئابووریی ئێران بەرەو چ ئاراستەیەك دەبات و دەرئەنجامەکانی داهاتووی چ دەبێت؟ ئەوانە کۆمەڵە پرسیارێکی چارەنووسسازن کە باڵیان بەسەر سیاسەتە ناوچەیی و جیهانییەکاندا کێشاوە.

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ پێکهاتنی لایەنەکانی کوردی ڕۆژئاوا

پێکهاتنی لایەنە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان لەم هەلومەرجە هەستیارەدا کە کۆبانێ پێدا تێپەڕ دەبێ و کەوتووەتە بەر یەکلابوونەوەی چارەنووسی ئەو شارە قارەمانە لە نێوان شەڕوانانی کوردی حیماسە خولقێنی ئەو شارە کە بە خوێنی خۆیان بەرگری لە زێدی باب و باپیرانیان دەکەن و هێرشی داگیرکارانەی لەشکری جەهل و نەزانی داعش، بێجگە لە ورە بەخشین بە جەنگاوەرانی ئەو مەیدانە، ڕووحێکی تازەی بە بەر هەزاران ئاوارەی ئەو شارەدا دەکاتەوە کە ئێستا لە دەربەدەریدا بە حەسرەتی ڕزگارکردنی شارەکەیان و گەڕانەوەیان بۆ ماڵە وێرانکراو تاڵانکراوەکانیاندا ڕۆژ دەژمێرن. بێگومان پەیوەست بوونی هێزی نوێی ئەو کوردە ئاوارانەی کە ماوەیەکی زۆرە لە باشووری کوردستان لە باری سەربازییەوە پەروەردە کراون دەتوانێ کارتێکەری بەرچاو لە بەرەکانی شەڕدا، لە بەرژەوندیی شەڕوانانی کورد دابنێ، بەڵام ئێمە لەو باوەڕەداین کە شوێندانەریی گرنگتری ئەم پێکهاتنە لە باری سیاسییەوە لە هەموو بوارەکانی دیکە گرنگتر و شوێندانەرترە، ئەو پێکهاتنە نێو و نێوبانگی کورد زیاتر لەوەش کە لە ئێستادا هەیە بەرز دەکاتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی دۆستانی کورد لە ناوچە و جیهاندا بە متمانە و باوەڕ پێ بوونێکی زیاترەوە یارمەتییەکانی خۆیان پێشکەش بە کورد بکەن و دوژمنانی گەلەکەشمان کە بە درێژایی مێژوو گرەویان لە سەر دووبەرەکی نێوان لایەنەکانی کورد کردوە، لەوە بەدواوە حیسابێکی دیکە بۆ کورد بکەن. بۆیە بەردەوامیی ئەو ڕێککەوتنە دەتوانی ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی چەندین ساڵەی پڕ لە دوژمنایەتی و بەربەرەکانێی نێوخۆی کورد کە هەمیشە دوژمنانی کوردی پێ خۆش بووە و کەڵکیان لێ وەرگرتووە. ئێمە بەو ڕێکەوتنە خۆشحالین و ئەو دەسکەوتە بەرز دەنرخێنین و بە دەسکەوتی هەموو گەلی کوردی دەزانین. بەم بۆنەوە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکەش بە هەمووی ئەو حیزب و لایەنانەی کوردی ڕۆژئاوا دەکەین کە بە گیانێکی لێبووردەییەوە ئەم دەسکەوتە بە نرخەیان دەستەبەر کرد، هەر بەم بۆنەوە پیرۆزبایی و دەسخۆشی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی و هەموو ئەو لایەنانە دەکەین کە بۆ ماوەیەکی زۆر و بە بێ ماندوو بوون، شێلگیرانە بۆ لێکنزیکردنەوەی ئەو لایەنانە تێکۆشاون و ئەو سەرکەتنەیان بە سەرئەنجامی دڵخواز ڕاگەیاند.

لەگەڵ هەمووی ئەمانەشدا، دەمانەوێ ئەو ڕاستییە وەبیر هەموو لایەك بێنینەوە کە دوژمنانی گەلەکەمان بەو سەرکەوتنە زۆر دڵگران و نیگەران دەبن و وەك هەمیشە دەکەونە پیلانگێڕان بە مەبەستی، لەباربردنی ئەم سەرکەوتنە، ئێمە هیوادارین کە براکانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان، بە وریایی و یەکگرتوویی زیاترەوە بەرەوپێش بچن، هەموو پیلانەکانی دوژمنانمان پووچەڵ بکەنەوە و بێ هیوایان بکەن.

سەرکەوێ خەباتی کورد لە ڕۆژئاوا
پەرەگرتوو و بەردەوام بێ
یەکگرتوویی کورد
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسیی

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بۆ شەشەمین کۆنگرەی پارتی ماف و ئازادی

پەیام بۆ کۆنگرەی شەشەمی پارتی ماف و ئازادی

بەڕێز کەماڵ بورکای سەرۆکی پارتی ماف و ئازادی

بەڕێزان ئەندامانی ڕێبەری

هاوڕێیانی بەشدار لە کونگرەی شەشەمی پارتی تێکۆشەر و ئازادیخوازی "هاك پار"

بەبۆنەی بەڕێوەبردنی شەشەمین کۆنگرەی دێموکراتیك و پێشکەوتنخوازانەی حیزبی دۆست و هاوڕێمان، پارتی ماف و ئازادی، پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان پێ دەڵێین و زۆر خۆشحاڵین کە ئێوە دۆستان و هاوڕێیانمان لە ڕەوتی بەردەوامی خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی تورکیەدا، کۆنگرەیەکی دیکە لەم سەردەمە هەستیارەدا دەبەستن. پێشەکی هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین و ئاواتەخوازین کە کۆنگرەیەکی پڕ نێوەرۆك و پڕ لە هیوای گەییشتن بە دوارۆژی گەشتان هەبێ.

دۆستان:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی ماف و ئازادی "هاك پار" دوو حیزب لە یەك نەتەوە و لە دوو بەشی جیاوازی نیشتمان، بەڵام بە یەك ڕوانگە و بۆچوون بە نیسبەت مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانن و ڕابردوویەکی دوور و درێژی پێوەندیی دۆستانە و هاوڕێیەتیمان هەبووە و ئێستاش لە دوو گۆڕەپانی جیادا، بەڵام بە ڕوانگە و بۆچوونی هاوئاراستە و هاوشێوە بە دژی ستەمی سیاسیی و نەتەوەیی لە سەر گەلەکەمان خەبات دەکەین و لە ساڵانی پڕ کەندوکۆسپی خەباتدا یار و پشتیوانی یەك بووین و پێداگری لە سەر ئەو پێوەندییانە دەکەینەوە. هەر لەو ئاراستەیەدا و لە ڕوانگەی هاوبەشمانەوە بۆ خەباتی ئازادیخوازانە و دێموکراسیخوازانە، هەم ئێمە و هەم ئێوە باوەڕی قووڵمان بە هاتنەدی ویست و داواکارییەکانی گەلەکەمان لە هەر بەشەی نیشتماندا لە چوارچێوەیەکی دادپەروەرانەدا هەبووە و بۆ گەییشتن بە سیستمێکی دێموکراتیك و وەدیهێنەری مافی یەکسان بۆ نەتەوەکان تێکۆشاوین و بەردەوامین لە سەر ئەو ڕەوتە. هەر لەو پێوەندیەشدا هەردوولا باوەڕمان وا بووە کە گەیشتن بە داهاتوویەکی گەش و دێموکراتیك پێویستیی بە خەبات لە گەل بیر و هزری دیکتاتۆرانە و سیستمی پاوانخوازانە لە هەموو شێوە و سیمایەکیدا هەیە و خوازیاری دێموکراسی و داهاتوویەکی خەڵك تەوەرانە، ناتوانێ دژی ئازادیی تاك و کۆ بێ و هەڵسەوکەوتی حاشا لێکەرانە و دیکتاتۆرانەی هەبێ. مێژووی خەبات و تێکۆشانتان سەلماندوویە کە پێشەنگ و پێداگر لە سەر مافە نەتەوەییەکان و گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی دێموکراتیك و دادپەروەرانە لە وڵاتی تورکیە و هێنانەدی سیستمی دێموکراتیك و یەکسان بۆ نەتەوەی کورد و تورك لەو وڵاتەدا بوون. هیوادارین کە لەم کۆنگرەیەشدا بە لە بەر چاوگرتنی دۆخی نوێ و هەستیاری ناوچە و هەروەها گۆڕانکاری و دەرەتان و دەرفەتە نوێیەکان لە تورکیە و لە کوردستانی تورکیەدا، لە پێناوی گەیشتن بە داهاتوویەکی باشتر و وەدەستخستنی دەسکەوتی مەزن بۆ گەلەکەمان، وەك ڕابردوو بڕیار و سیاسەتی ئازایانە و ئازادیخوازانە بگرنە پێش و کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو و جێگای دڵخۆشیی گەلتان هەبێ.

لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، جارێکی دیکە پەیامی دۆستی و هاوڕێیەتی و هاوپێوەندیمان هەیە بۆتان و لەگەڵ خۆشحاڵی و دڵخۆشیمان بۆ بەستنی کۆنگرەکەتان، پەیمانی دۆستی و پشتیوانیتان لە پێناوی ڕێگای دوور و درێژی گەییشتن بە ئاواتەکانی نەتەوەکەمان، لەگەڵتان نوێ دەکەینەوە.

سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان
سەرکەوتن بۆ گەلەکەمان
بەردەوام بێ خەبات تا گەیشتن
بە ماف و ئازادییەکان
حیزبی دێموکراتی کوردستانی
ئێران
دەفتەری سیاسیی

## ڕێژیمی ئێران پابەندبوونی بە پێشنیارەکانی کۆبوونەوەی ژنێڤ، وەدواخست

ڕێکەوتی ٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی، کۆبوونەوەی ساڵانەی شووڕای مافی مرۆڤ لە بنکەی ئەو ڕێکخراوەیە لە ژنێڤ بە بەشداریکردنی وڵاتانی ئەندام و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و شاندی نوێنەرانی ڕێژیمی ئێران بەڕێوەچوو. لە کۆبوونەوەی شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لەلایەن ١٠٨ وڵاتی بەشدار بوو، ٢٩١ پێشنیار و ڕێوشوێن بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران پێشنیار کراوە بۆ جێبەجێ کردن و باشتر بوونی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە. ڕاگرتنی ئیعدامی منداڵان، سزای بەردباران، ئازادیی ئینتێرنێت، لابردنی سانسۆڕ و پەرەپێدانی ئازادی ڕادەربڕین، چاکسازیی دۆخی ژنان، بەشداربوونی ژنان لە کۆمەڵگادا، لەبەرچاوگرتنی مافی زیندانییان و مافی بوونی پارێزەر، باشتر کردنی دۆخی زیندانییان، لابردنی دانپێدانانی زۆرەملێ و ئەشکەنجە کردنی زیندانییان، کۆمەڵێك پێشنیاری سەرەکی بوون کە خرایە بەردەم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەوەی لە داهاتوودا جێبەجێ بکرێن. بەپێی ڕاپۆرتە بڵاو کراوەکان شووڕای مافی مرۆڤ، چاکسازیی دۆخی کەمینە مەزهەبییەکان، ئازادی بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە، ئازادی زیندانییانی سیاسی، مافی کەمینە ئێتنیکییەکان، لەبەر چاوگرتنی مافی دەروێشەکان، ئازادیی کەمینەی مەزهەبی وەك بەهاییەکان و لەبەر چاوگرتنی مافەکانیان، لابردنی بەرنامە فەرمییەکانی میدیاکان بە مەبەستی سووکایەتیکردن بە نەتەوە بندەستەکان، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی و ڕەگەزی و ئازادیی ڕۆژنامەوانان بەشێکی دیکەی پێشنیارەکانی ١٠٨ وڵاتی بەشدار لە کۆبوونەوەکەی لەخۆ گرتبوو.

سەرجەم ئەو پێشنیارانە دوای پۆلێنبەندی و ڕێك و پێك کردن لە لایەن لێژنەی دیاری کراوەوە، ڕادەستی نێردراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرا و ئەو ڕێژیمە بۆ جێبەجێ کردنیان لە داهاتوودا پابەند بوون خۆی دەربڕێ. بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی ڕادیۆ فەردا، شاندی نێردراوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ بەشداری لە دانیشتنی شووڕای مافی مرۆڤ کە لە ژنێڤ بەڕێوەچوو، بڕیاری قبووڵ یان ڕەت کردنەوەی پێشنیارەکانی ١٠٨ وڵاتی جیهانی بۆ مانگی مارسی ٢٠١٥ی زایینی (١٠ی ڕەشەممەی، هەتا خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی) وەدواخست. تاوتوێکردنی جیهانی دۆخی مافی مرۆڤی لە ئێران، لە بنکەی شووڕای مافی مرۆڤ لە شاری ژنێڤ بەڕێوەچوو و تێیدا ڕێژیمی ئێران ٢٩١ پێشنیاری ١٠٨ وڵاتی جیهان کە بۆ چاکسازیی دۆخی ماڤی مرۆڤ لە ئێران پێشکەش کرابووی وەرگرت. لێژنەی وڵاتانی ئامادەبوو لەم کۆبوونەوە، پێکهاتبوو لە ئارژانتین، فیلیپین و ڕۆمانی، پاش کۆکردنەوە و پۆلینبەندیی پێشنیارەکان داوا لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کراوە تا ئەو پێشنیارانە بخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بەڵام ڕێژیمی ئێران، دوا بڕیاری خۆی بۆ پابەندبوون بەو پێشنیارانە بۆ پێنج مانگ وەدواخست.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی "هاک پار" لە ئانکارا بەشداری کرد

ڕێکەوتی ٤ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی ڕۆستەم جەهانگیری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە شەشەمین کۆنگرەی پارتی ماف و ئازادی "هاك پار" لە شاری ئانکارای پێتەختی وڵاتی تورکیە، بەشداری کرد. ڕۆستەم جەهانگیری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی شەشەمین کۆنگرەی پارتی ماف و ئازادییەوە، پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێشکەش بە کۆنگرەکە کرد و لەگەڵ پێشوازیی بەشداران بەرەوڕوو بوو. شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم کۆنگرەیەدا کۆمەڵێك چاوپێکەوتن و دیداریان لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان پێکهێنا و هەروەها چەندین وتووێژیان لەگەڵ میدیاکان ئەنجامدا. کۆتایی کاری کۆنگرە، هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێ بوو کە، "فەهمی دەمر" جێگەی سەرۆکی پێشووی پارتی ماف و ئازادی، واتە "کەماڵ بورکای" گرتەوە.

## ڕێورەسمی کۆتایی دەورەی ٢١٣ی سەرەتایی پێشمەرگە لە فێرگەی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی ڕێوڕەسمی تایبەت بە کۆتایی هاتنی دەورەی ٢١٣ی سەرەتایی پێشمەرگە بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات، لە سالۆنی فێرگەی کۆمیسیونی پەروەردە بەڕێوەچوو. ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد. لە بەشێکی ئەو ڕێوڕەسمەدا خوازیارانی دەورەی ٢١٣ی سەرەتایی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بە ڕژەی نیزامی، شەڕێ سەرنێزە و بڕینی مەیدانی مەوانیع لێهاتووی خۆیان دەرخست. بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە لە سالۆنی ڕێورەسمەکانی فێرگەی کۆمیسیۆنی پەروەرد بەڕێوەچوو. "ڕووناك فەتحی" ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. لە بەشێکی دیکەدا "خالید سەفەری" ماموستای فێرگەی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە پەیامی "فێرکاری"ی خوێندەوە. لە درێژەدا پەیامی دەورەی ٢١٣ی سەرەتایی لەلایەن بەشداربووی دوورە خاتوو "هیوا ئەحمەدی پوور" خوێندرایەوە. ڕێورەسمەکە بە دابەشکرانی خەڵات لە دوو بەشی "دەرس و ئەخلاق" لە لایەن سەلاح نادری و سەلیم زەنجیری کادری حیزبی دێموکرات پێشکەش بە بەشداربووانی سەرکەوتووی دەورەکە کرا. هەروەها خەڵاتی تایبەتی فێرگە پێشکەش بە پێشمەرگەی دەورە "سەردار چۆلاك" کرا. لە نێوئاخنی ڕێورەسمەکە دا چەند گۆرانی بە دەنگی "عەلی شیرینی" بەشداربووی دەورەی ٢١٣ی پێشمەرگە و "مەحموود خەزایی" بە هاوکاری کۆڕی هونەری حیزب چەند گۆرانییەکیان پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

## لە سلێمانی وێنەی پێشەوا "قازی محەممەد" لە سەر سینگی قوتابییان نەخشا

قوتابییەکانی قوتابخانەی بنەڕەتی نموونەیی "پێشەوا" لە سلێمانی بە جل و بەرگێکی تایبەت کە وێنەی قازی محەممەدی لە سەر نەخشیندراوە، بۆ قوتابخانە دەچن. سامان ساڵح کەریم، بەرپرسی قوتابخانەی بنەڕەتی "پێشەوا" لە پێوەندیەکی تەلەفونی لە گەڵ هەواڵنێری ماڵپەڕی کوردستان میدیا ڕایگەیاند: قوتابییەکانی ئەم قوتابخانەیە کە لە ساڵی ١٩٨٨ دامەزراوە، لە ساڵی ٢٠١٣ زایینی بەم لاوە بەو جل و بەرگەوە لە سەر پۆلەکان ئامادە دەبن. سامان سالح لە درێژەدا ئاماژەی بە کەسایەتیی گەورەی پێشەوا قازی محەممەد کرد و وتی: بەڕێوەبەرانی قوتابخانەی پێشەوا بە مەبەستی ڕێزدانان بۆ "قازی محەممەد"، وەك ئەرکێکی نەتەوەیی بۆ ئەم هەوڵە دڕوانن.

## ڕێپێوانی هێمنانەی خەڵک لە سنە لە لایەن هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم بە توندوتیژی وڵامدرایەوە

ڕێکەوتی ١٠ی ١٣٩٣ی هەتاوی، خەڵکی سنە لە ڕۆژی جیهانی لەگەڵ کۆبانێ و بە مەبەستی پشتیوانی لە خەڵکی خۆڕاگری کۆبانێ، ڕێپێوانێکی هێمنانەیان پێك هێنا. بەڵام لە لایەن هێزە ئینتزامییەکان و لیباس شەخسییەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ توندوتیژی ڕووبەڕوو بووەوە. چەند کاتژمێر پێش لە دەستپێکردنی ڕێپێوانەکە لە هەندێك شوێنی شار وەك مەیدانی ئازادی، شەقامی فردەوسی، شاپوور و ئەو جێگایانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی ڕێپێوانەکە دیاری کرابوو، هێزە ئەمنییەتییان جێگیر کرابوون. سەرەڕای میلیتاریزە بوونی شاری سنە لە لایەن هێزە ئینتزامیی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە، خەڵکی شاری سنە لە سەر شەقامەکانی فێردوسی و شاپور ڕێپێوانێکی هێمنانەیان پێك هێنا و دروشمی نەتەوەییان بۆ پشتیوانی لە کۆبانێ دەوتەوە. لە ڕێپێوانەکەدا، خەڵکی بەشدار بوو دروشمی "بژی هێزی پێشمەرگە، دوژمن نەسیبت مەرگە"، "کۆبانێ تەنیا نییە، سنە پشتیوانیە" و "کوردستان ناوی بەرزە، دوژمن دەخاتە لەرزە"یان وتوەتەوە. بەشداریی بەرچاوی خەڵکی سنە لە ڕێپێوانی پشتیوانی لە کۆبانێ و مەحکووم کردنی تیرۆریسم، بووە هۆی ئەوەی کە هێزە ئینتزامیی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئێران ئەو ڕێپێوانە بە توند و تیژی بکێشن. هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئێران لەم ڕێپێوانەدا لە باتۆمی کارەبایی و گازی فرمێسك ڕێژیان کەڵکیان وەرگرت. هەروەها لە هێرشی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر خۆپێشاندەران، چەند کەس لە خەڵك بریندار بوون و لانیکەم ٢٠ کەس دەستبەسەر کراون.

## لە سنە سزای ١٣ مانگ زیندانی بە سەر هاووڵاتییەکی کورد داسەپێنرا

بەپێی ڕاپۆرتی کەمپەینی بەرگری لە زیندانییانی سیاسیی و مەدەنی، "تەیب خودایار" خەڵکی گوندی ئاوێهەنگی سەر بە ژاوەرۆی سنە، لە لایەن دادگای شۆڕشی ڕێژیمی ئێرانەوە سزای ١٣ مانگ زیندانی بە سەر داسەپا. تەیب خودایار لە لقی دووی دادگای شۆڕشی ڕێژیمی ئێران لە شاری سنە، بە تۆمەتی "هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە حیزبە کوردیەکانی دژبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران" بە ١٣ مانگ زیندانی تەعزیری سزا دراوە.

## هەڵپەساردنی مافی وانەوتنەوەی مامۆستایەکی زانکۆی بۆکان بە هۆی پۆشینی جلوبەرگی کوردی

ئیسماعیل پوورئەقدەم مامۆستای زانکۆی فەننی بۆکان و پاریزەر و مافناس، لەگەڵ دەستپێکی سالێ نوێی خوێندن، لەلایەن بەرپرسانی زانکۆی فەننی بۆکانەوە سەبارەت بە پۆشینی جلوبەگی کوردی لە وانەوتنەوە بێبەش کراوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو مەسەلەیە حیراسەتی زانکۆی فەننی بۆکان پێشتریش چەندین جار سەبارەت بە جۆر و شێوازی جلوبەرگ، هۆشداری بەو مامۆستایە دابوو. دوای چەندین جار هۆشداریدان بەو مامۆستایە، بەرپرسانی زانکۆ ڕایانگەیاندووە کە بە هۆی "هاوکاری نەکردن لەگەڵ بەرپرسانی زانکۆ" هیچ واحیدێکی دەرسی بەو مامۆستایە نادرێت.

## وەرگرتنی پارەی زۆرەملی لە قوتابییانی قوتابخانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات

بەرپرسانی قوتابخانەکانی شاری شنۆ، بە مەبەستی دابین کردنی سووتەمەنی و پێداویستییەکانی قوتابخانە پارەی زۆرەملی لە قوتابییان وەردەگرن. گوشاری بەرپرسانی قوتابخانەی گوندەکانی ئەو شارە بە مەبەستی وەرگرتنی پارەی نەختی لە قوتابییان، بە بیانووی دابین کردنی تێچووی قوتابخانەکان دەستی پێکردووە. هەروەها هەر لەو پێوەندییەدا بەرپرسانی قووتابخانەکانی سایین قەڵا و گوندەکانی سەر بەو شارە بە قوتابییانیان ڕاگەیاندووە کە دەبێ تێچووی سووتەمەنی قوتابخانە خۆیان دابینی بکەن.

## لە پیرانشار دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان ماڵاوایی لە ژیان کرد

ڕێکەوتی ١٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی دایە "عایشە" دایکی شەهید "ئیسماعیل باگردان" بە هۆی ڕووداوی هاتوچوو کۆچی دوایی کرد. تەرمی دایکی شەهید ئیسماعیل باگردان لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك ئەسپێردرا. شەهید ئیسماعیل باگردان ساڵی ١٣٤٢ لە شاری پیرانشار لە دایك بووە و لە شەڕێکی نەخوازراودا، ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لە ناوچەی "قوڵقوڵە"ی شاری "سەقز" شەهید کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و کەس و کاری دایە عایشە دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## لە نەغەدە، ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٨ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، "عەلی مستەفاپوور" کوڕی عەبدوڵڵا، تەمەن ٤٠ ساڵە و ئەندامێکی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی ڕووداوی هاتوو چوو گیانی لە دەست دا. عەلی مستەفاپوور لە ساڵی ١٣٥٣ لە شاری نەغەدە لە دایك بووە و خاوەن سێ منداڵ بوو. ناوبراو ئەندامێکی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری نەغەدە بوو. کاك عەلی مستەفاپوور لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر پێگەییشتبوو و بەردەوام لە کار و مەئمورییەتی حیزبی و بواری ڕێکخراوەیی چالاك بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری "عەلی مستەفاپوور" دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## لە پاوە پێشمەرگەیەکی دیرینی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی "عەنایەت زارعی" کوڕی "لوتفووڵڵا" خەڵکی گوندی "زەردۆیی" باینگانی سەر بە شاری پاوە لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا بە هۆی پیری ماڵاوایی لە ژیان کرد. تەرمی کاك عەنایەت بە بەشداریی بەرچاوی خەڵکی ناوچەی باینگانی پاوە لە گۆڕستانی گوندی زەردۆیی بە خاك سپێردرا. عنایەت زارعی لە دەیەی شەستی هەتاوی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و لە هێزی "شاهۆ" سازمان دراوە و لە چەندین عەمەلیاتی قارەمانانەدا بەشداری کردووە. ئەو پێشمەرگە دێرینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێك لە کەسایەتییە خۆشناو، ناسراو و باوەڕپێکراوەکانی ناو خەڵکی ناوچەی باینگان و شاری پاوە بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری ئەو پێشمەرگە دێرینە دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی پێشمەرگەیەکی دێرین و شۆڕشگێڕ، فەرماندەری بە ناوبانگی حیزب لە ناوچەی سەڵماس بە ناوی "زۆڵمات مامەدی" ناسراو بە "زلمۆ" لە وڵاتی تورکیە کۆچی دوایی کرد. زۆڵمات مامەدی لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و پاش ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزب، چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کرد و بە هۆی لێهاتوویی لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٥٩ی هەتاوی هەتا ١٣٦٣ی هەتاوی وەك فەرماندەرێکی قارەمان و بە ناوبانگی حیزب لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا خزمەتی بە حیزب و گەلەکەی کرد و لەو ماوەیەدا وەك فەرماندەری هێزێکی تایبەت بە ناوی "هێزی پارتیزان" لە شیمالی کوردستانی ئێراندا هەڵدەسووڕا و لە دەیان شەڕی قارەمانانەدا بەشداری کرد. زۆڵمات مامەدی کە کەسایەتییەکی بە ناوبانگی ناوچەکانی سەڵماس و شپیران و سۆما بوو ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە وڵاتی تورکیە نیشتەجێ بوو و هەتا کۆتایی ژیانی هەر لەوێ مایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك "زۆڵمات مامەدی" دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## لە ژاوەرۆی سنە، ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ی هەتاوی، "باسام ئیبراهیمی" کوڕی "مەولان" لەدایك بوی ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی و خەڵکی گوندی تەنگیسەر سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا بە هۆی جەڵدەی دڵ کۆچی دوایی کرد. تەرمی "باسام ئیبراهیمی" بە بەشداریی بەرچاوی خەڵکی ژاوەرۆی سنە لە گوندی تەنگیسەر بە خاك سپێردرا. باسام ئیبراهیمی، ساڵی ١٣٦٠ لە گەڵ تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێوەندی گرتووە و بە شێوەی فەرمی وەکوو ئەندامێکی حیزبی دێموکرات چالاکی و کاروباری حیزبی و ڕێکخراوەیی خۆی دەست پێکرد و تا دواساتەکانی ژیانی بە حیزبی دێموکرات وەفادار مایەوە. بنەماڵەی باسام ئیبراهیمی، لایەنگری ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن و چەندین کەس لە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە هاتوونەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و ٣ کەسیان لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا شەهید بوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە دانیشتوانی ناوچەی ژاوەرۆ و بە تایبەت گوندی تەنگیسەر و بنەماڵە و کەس و کاری کاك باسام ئیبراهیمی دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## پێشمەرگەیەکی دێرین و ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٣٠ ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی "ئەحمەد شاوەیسی" کوڕی "عەزیز" پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکی گوندی "دەرەتفێ"ی سەر بە ناوچەی بەگزادەی شاری مەریوان، لە باشووری کوردستان بە هۆی نەخۆشی و بە ساڵاچوویی کۆچی دوایی کرد. ئەو پێشمەرگە دێرینەی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان و لە شاری "هەڵەبجە" بە هۆی نەخۆشی و بە ساڵاچوویی کۆچی دوایی کرد. کاك ئەحمەد هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە بوو بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە هێزی"زرێبار"ی مەریواندا سازمان درا و بەو پەڕی دڵسۆزی و فیداکارییەوە ئەرکی پێشمەرگایەتی خۆی بەجێ دەگەیاند. کاك ئەحمەد دوای سێ ساڵ تەمەنی پێشمەرگایەتی لە کوردستانی باشوور نیشتەجێ بوو. پاشان وەك ئەندامێکی دلسۆز و دەروەستی حیزب درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا. کاك ئەحمەد شاوەیسی بێجگە لەوەی خۆی وەك پێشمەرگە خزمەتی دەکرد، برازاکەشی بە ناوی "ڕەحمان شاوەیسی" کە وەك کوڕی خۆی گەورەی کردبوو و باری هێنابوو هێنایە ڕێزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و شان بە شانی خۆی تێدەکۆشا. کاك ڕەحمان شاوەیسی برازای کاك ئەحمەد ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لە شەڕی "دزڵی" شەهید کرا. کاك ئەحمەد هەتا کاتی کۆچکردنی وەك ئەندامێکی وەفادار لەگەڵ حیزبەکەی مایەوە و ئێستاش بەشێك لە ئەندامانی بنەماڵەکەی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە کەس و کاری کاك ئەحمەد دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# کورد پیادە نیزامی ڕێژیمی ئێران نیە

سەلام ئیسماعیلپوور

ئاڵوگۆڕەکانی پاش هێرشی تاقمی تێرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر دوو پارچەی کوردستان و ڕۆڵی چەواشەکارانەی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا، هێندێك لە چالاکان و سیاسەتمەدارانی ساویلکەی خستۆتە نێو گێژاوی ئەو وەهم و خەیاڵە کە کۆماری ئیسلامی تاقە دۆستی جێی متمانە و دڵسۆزی ڕاستەقینەی نەتەوەی کوردە. کۆمەڵێك لەم سیاسییە ناشارەزایانە، بە تایبەتی لە کوردستانی باشوور لەوەش تێپەڕیون و لەوە سڵ ناکەنەوە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران بە کۆسپێك لەسەر ڕێگای خزمەتکردنی زیاتری کۆماری ئیسلامی! بە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە قەڵەم بدەن.

بە هەڵکەوت نیە کە وەها تێگەیشتنێکی پێچەوانە لە پرسی کورد و پێداگریی ئەم کەسانە لە سەر یەکخستنی ئاراستەی خەباتی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دژ بە دەوڵەتی تورکیە (کە بە بۆچوونی ئەوان تاقە دوژمنی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە) و بەو پێیەش وەهمی گۆڕانی ڕۆڵ و پێگەی ڕێژیمی ئێران لە کرمی گەڵاخۆرەوە بۆ پەپوولەی بێئازار، بە شێوەیەکی سەیر هاوئاراستەی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت گوتاری پانئێرانیستییە. هەموومان ئاگادارین کە چۆن لە پڕێکدا کۆماری ئیسلامی بە ناوی پشتیوانی لە مافەکانی خەڵکی کۆبانێ یان شنگاڵ، هەوڵی دا کە شەپۆلی هەستی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستانی ئێران بەرەو ئاراستەی مەبەستەکانی خۆی کاناڵیزە بکات و کەوانی ڕقی کوردەکان لە هەر جۆرە داگیرکاری، تیرۆریزم، هۆڤانییەت و کوردکوژییەك (کە کۆماری ئیسلامی نموونەی بەرچاوی هەموویانە) ڕوو لە تورکیە، عەرەبستان، ئیسراییل، ئەمریکا و ڕکابەرە ناوچەییەکانی دیکەی خۆی بکێشێت و ئەگەر لە شوێنێکدا وەك مەریوان دروشمەکانی خۆپیشاندەران، هێڵە سوورەکانی ڕێژیم ببەزێنێت، ڕوخساری ڕاستەقینە و هەمیشەیی ئەم ڕێژیمە بەرانبەر بە نەتەوەی کورد دەر دەکەوێت و شەپۆلی دەستبەسەرکردن و هەڵسوکەوتە ئەمنیەتییەکان وەڕێ دەکەوێت.

دروشمی پانئێرانیستیی "لە هەر شوێنێکدا کورد هەبێت، ئەو شوێنە ئێرانە" کە لە پۆششێکی دایکانەدا دەری دەبڕن (بەدەر لەوەی کە لە بنەڕەتدا هەر ڕاستیش نیە)، نیشاندەری زێدەخوازی و تەماحی ئاشکرای ڕێژیمەکانی زاڵ بە سەر ئێراندا بۆ زاڵبوون بە سەر هەموو پارچەکانی کوردستان و کەڵکوەرگرتن لە ژێئۆپۆلیتیکی کوردستان و هێزی مرۆیی نەتەوەی کورد بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەدایە. ئەم جۆرە دروشمانە بە داخەوە لەم دیو و ئەو دیوی سنوورەکانی کوردستانیش کڕیاری خۆیان هەیە. ئەم کەسانە سەرەڕای ئاگاداربوون لە هەموو تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ئێران، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەم تاوانانە بە لوتف و بەزەیی لە قەڵەم بدەن و دێموکراسی، خۆشبژێوی و دادپەروەریی! زاڵ بە سەر ئێران و کوردستانی ئێراندا بە نموونەیەکی زۆر باش بۆ هەمووان و مایەی ئێرەیی خەڵکی ناوچەکە لە قەڵەم بدەن و هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی کە سێبەری ئەم ڕەحمەتانەی ڕێژیم بە سەر پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا بکێشن.

گوشارە سیاسییەکان و پڕوپاگاندای ژەهراویی ئەم کەسانە دژ بە حیزبە ڕەسەنەکان و لایەنە سیاسییە خەباتگێڕەکان و تەنانەت بژاردە فیکرییەکان و کەسایەتییە سەربەخۆکانی کوردستانی ئێران و بردنە ژێر پرسیاری مێژووی درەوشاوە و جێگەی شانازیی خەباتی ڕزگاریخوازی ئەم بەشەی کوردستان، پرۆژەیەکە کە لە تارانەوە ڕێنوێنی دەکرێت و هێندێك لایەنیش خوازراو یان نەخوازراو و لە ڕووی نەزانیی سیاسییەوە دەبنە مۆرەی ئەم کایەی شەترەنجەی کۆماری ئیسلامی و جێگەی داخە کە هەوڵ دەدەن هەموو نەتەوەی کورد و پرسە ڕەواکەشی بکەنە ئامرازێك بۆ خزمەت بە سیاسەتی زاڵخوازانەی دەسەڵاتدارانی تاران.

پێداگریی بەردەوام و چەواشەکارانە لە سەر کۆمەڵێك چەمکی وەك ڕیاڵ پۆلیتیك، بەرتەسکیی ژێئۆپۆلیتیکی کوردستان، دیپلۆماسی، بەرژەوەندییە ڕەواکانی دەوڵەتێکی دۆست و دراوسێ و منەتبارکردنی نەتەوەی کورد بە هۆی یارمەتییە سنووردار و ئامانجدارەکانی ڕێژیمی ئێران بە هێندێك کەس و لایەنی سیاسیی کورد و چاوپۆشیکردن لە سیاسەتی داگیرکارانە و دەستێوەردانی ئاشکرای ڕێژیمەکانی پێشوو و هەنووکەی ئێران لە ژێر ئەو پۆششانەدا لە کوردستان، دەرخەری خۆشخزمەتی یان ساویلکەیی کەسانێکە کە مەخابن هێندێك لەوانە لە سیما ئاکادێمیك و فەرهەنگییەکان و بڕیاردەرانی سەرەکیی هێندێك لە ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیشن.

زێدەبێژی لە باسکردنی ڕۆڵی ئەرێنیی کۆماری ئیسلامی (ئەگەر لە بنەڕەتدا وەها پێناسەیەك دروست بێت) بۆ پێشگرتن لە پێشڕەویی داعش تا قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان و بە قارەمان نیشاندانی پاسدارانێك کە نە لە نێو خەڵکی ئێران و نە لە ئاستی نێونەتەوەییدا هیچ پرێستیژ و ئابڕوویەکیان نیە و ڕیسوایی و گەندەڵییەکانیان تەنانەت سەرکۆماری پێشووی ڕێژیمیشی وە دەنگ هێنا تاکوو بە "برادەرانی قاچاخچی" ناویان ببات، زیاتر لەوەی کە لە ڕاستییەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت، دەرخەری ڕادەی ئۆگری و بەستراوەیی ئەم جۆرە کەس و لایەنانە بە کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانی لە ناوچەدایە.

**به قارەمان نیشاندانی پاسدارانێک کە نە لە نێو خەڵکی ئێران و نە لە ئاستی نێونەتەوەییدا هیچ پرێستیژ و ئابڕوویەکیان نیە ... دەرخەری ڕادەی ئۆگری و بەستراوەیی ئەم جۆرە کەس و لایەنانە بە کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندیەکانی لە ناوچەدایە**

لە نێوخۆی کوردستانی ئێرانیشدا کەسانێك لە ژێر ناوی چالاکی سیاسی و مەدەنی یان ئاکادێمیسیەن، کاتێك کە شرۆڤەی پرسی کورد و داخوازییە ڕەواکانی ئەم گەلە و ئەو ستەم و سەرکوتانە دەکەن کە بە سەریدا سەپێنراون، هەر ئەم ڕەوتە دەپێون. ئەم کەسانە لە باسکردنی ستەم و هەڵاواردنەکانی دژ بە نەتەوەی کورددا تا ئەو جێگایەی کە پێوەندیی بە ڕێژیمەکانی عێراق، تورکیە و هێندێك جار سووریەوە هەبێت، بە وردبینی و ڕاستبێژیی تەواوەوە شیکاریی بابەتەکان دەکەن، بەڵام کاتێك کە باس لە ئێران دەکەن، یان لە بنەڕەتدا حاشا لە بوونی ستەمی نەتەوایەتی دژ بە کورد دەکەن، یان تەواوی ستەمەکان لە قۆناغی پێش شۆڕشی ٥٧دا تاوتوێ دەکەن و خۆیان لە باسکردن سەبارەت بە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی و بەرگریی قارەمانانەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا دەبوێرن. لە نێو ئەمانەدا کەسانێك هەن کە ستایشی بەرگریی ڕەوای چەکدارانە لە کوردستانی باشوور، باکوور و کۆبانێ دەکەن و داکۆکی لە مافی نەتەوەی کورد بۆ بەرگریی چەکدارانە لە بەرانبەر گرووپە تێرۆریستییەکان و ڕێژیمەکانی زاڵ بە سەر سێ پارچەی کوردستاندا دەکەن، بەڵام کەڵکوەرگرتن لەو شێوە خەباتە لە کوردستانی ئێراندا بە پەرەپێدانی توندوتیژی و نیشاندەری شەڕخوازی، بەستراوەیی، چەقبەستوویی فیکریی بزووتنەوە و توندئاژۆییەکی ناتەبا لەگەڵ ڕۆحی داخوازییەکانی نەتەوەی کورد دەزانن. سەیرتر ئەوەیە کە هەر ئەم کەسانە خەباتی مەدەنی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بە هێمای پێشکەوتن و ئاشتیخوازیی بزووتنەوەی کورد دەزانن، بەڵام ڕەچاوکردنی هەمان سیاسەت لە لایەن بزووتنەوەی کوردستانی ئێرانەوە بە نیشانەی دەستەوەستانیی بزووتنەوە و بە بنبەست گەیشتنی گوتاری کلاسیکی حیزبەکان! لە قەڵەم دەدەن.

کاکڵی هەموو ئەم هەڵوێستانە، لایەنە هاوبەشە واتادارەکانیان لەگەڵ هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامییە کە دەیهەوێ لەم قۆناغە هەستیارەدا کە پرسی نەتەوایەتیی کورد لە سێ پارچەی کوردستاندا کەوتۆتە بەر سەرنجی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، باسی کوردستانی ئێران و داخوازییە مرۆییەکان و ڕابردووی شۆڕشەکەی پەراوێز بخرێت و پۆتانسێلی خەباتەکەی لە جیاتی ئەوەی کە لە خزمەت بزووتنەوەی ڕەوای ئەم بەشەی کوردستاندا بێت، ببێتە سووتەمەنیی سیاسەتە ناوچەییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ بە دەستهێنانی جێگەپێ لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا. کۆماری ئیسلامی لەم ڕێگەیەوە هەم وزەی ڕووخێنەری بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران کۆنترۆڵ و بەرەو مەبەستەکانی خۆی کاناڵیزە دەکات و هەم بە هەڵڕشتنی فرمێسکی تیمساح بۆ ستەملێکراویی کوردی پارچەکانی دیکە، هەوڵ دەدا خۆی وەکوو باوکی دڵسۆزی نەتەوەی کورد بە هەمووان و بە تایبەتی بە بیروڕای گشتیی نەتەوەی کورد بناسێنێت. ساویلکەکان و ناشارەزاکانیش کە خۆیان خزاندۆتە نێو جلی کەسایەتیی سیاسیی کورد، بە یارمەتیدان بە بەرەوپێشچوونی ئەم سیاسەتەی ڕێژیم، لەم ڕۆژانەدا لە گۆڕەپانی ئاڵۆزی سیاسەتی کوردستاندا ڕەمبازێن دەکەن. لەم نێوانەدا وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك دەتوانێ چەواشەکارییەکانی ڕێژیم و فریوخواردوویی ئەم کەسایەتییە پووچەڵانەش ئاشکرا بکات:

یەکەم ئەوەی کە: کۆماری ئیسلامی بەو هەموو تاوانەوە کە دژ بە خەڵك و بزووتنەوەی ڕەسەنی کوردستانی ئێران خولقاندوویە، چۆن دەتوانێ پشتیوانی پرسی کورد لەو دیوی سنوورەکانی خۆی بێت؟

دووهەم ئەوەی کە: ئەگەر هەڵوێستەکانی یەك دوو مانگ لەمەو پێشی ڕێژیمی ئێران بەرانبەر بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردستانی باشوورتان بەم زووییە لە بیر کردووە، باشتر وایە جارێکی دیکە ئەو پرسیارە لەم پشتیوانە دڵسۆزەی! گەلی کورد بپرسن کە گەلۆ ڕوانگەی بەرانبەر بە کورد گۆڕانێکی بە سەردا هاتووە؟

و سێهەم ئەوەی کە: ئەگەر ڕابردووی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ خەڵك و بزووتنەوەی کوردستانی ئێراندا بە بێ کەم و کوڕی و تەنانەت شایانی ستایش دەزانن، ئەودەم پاساوی ئێوە بۆ بردنە ژێر پرسیاری هەڵسوکەوتی حکوومەتەکانی تورکیە، عێراق، سووریە، ڕێژیمی پەهلەوی و تەنانەت گرووپی داعش لەگەڵ نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا چ دەبێت؟

# مەرگی ڕێحانە جەباری مەرگی یەکێک لە هەزاران گیانی شەیدا بۆ ژیان

سەوڵی ئاویەر ـ سنە

هەموو ڕۆژێك برینەکانمان دێننەوە سۆ. دابڕانەکان لە ڕەنگ و بۆنی مەرگ دەچن... لە کۆمەڵگایەکدا کە تان و پۆیەکەی بۆنی دابڕانی لێ دێت، ئازاری ئەو دابڕانانەی کە بینی مرۆڤ تا قوڵایی قوڵترین خانە ساکارەکانی ڕۆحی مرۆڤ دەهەژێنێت، ئازاری دەدات، ئازاری هەژانی ڕۆح و گیانی هاوبەش لە نێوان دیلەکانی وڵاتی هەژاری و بەڵادا، ئازاری هەژانی ئەو دڵانەی ئەنگاوتوون و هەردەم لە قوڵایی دەستەوەستانیدان، کەچی هێشتاش هیوادارن...ژان و ئازاری هەر هەژانێك لە خۆیدا ئاوێنەیەکە لە هەژاری، دیسانەوەش هیوا و ئاواتەخوازیی "بوون"...دیسانەوەش دەردی "ڕەنگە"، تا دوایین ساتەکان بە هیوای ژیان.... بۆ هەرکام لە ئێمەش، هەژانی برینی هەژاری لە گیانی هاوچارەنووسێکدایە، گرفتار و بێ پەنا و بێ فریاڕەس، ئێمە هەمان بینەرانین کە ناتوانین هاواری ئازارە هاوبەشەکانمان بکەین، هەربۆیەش توانای چارەسەریمان نییە... بەڵام ئازارەکان دەبنە هاوار و سەرهەڵئەدەن، ژان و برکی مرۆڤ بوون لە وڵاتێکدا کە لە هەر شار و کۆڵانێکییەوە، لە ئەرز و ئاسمانییەوە هاواری جەرگبڕی ناڵەی دەردە بێ دەرمانەکانی برینی کاریی شیری دوژمنە هاوبەشەکەیان سەری هەڵداوە، و هەموو ڕۆژێك نیشتنی ڕەنگی خوێن لە ئاسمانی کازیوەی بەیان، هەمان هاوارە کە داوای دادپەروەری لە ئەرز و ئاسمان دەکات، سەڵای ڕابوونی بەیان، هاواری جەرگبڕی پچڕانی تاڵە نەبینراوەکانی پەیوەندیی بزەکان و هیواکان و بێهیواییەکانە، بەڵێ مەرگی مرۆڤێك واتە دابڕان لە ژیان، مەرگ واتە دابڕانی مرۆڤێك لە خەونەکانی، لە هەستەکانی و ئەو دڵانەی بە هیوای دیدارێکی نوێ لێ دەدەن، پچڕ□انی ئەو هەستە مرۆییانە لە خۆیدا هەڵگری گەلێك مەرگی دیکەیە...مەرگی مرۆڤێك، بۆ دیتران، هاوتەریبە لەگەڵ مەرگی ئەو خەونانەی کە چیدیکە لە ڕابردوودا گلیان خواردۆتەوە، ئەم چەشنە دابڕانە، مەرگی ژیانی هاوبەش لەگەڵ دیترانە، ئەی وا نییە؟ مەرگیش لە تان و پۆی دابڕانە، دابڕانەکانیش چەشنێك لە مردنن، مەرگی پەیوەندییەکان، ئازارێك بە قووڵایی برینی پچڕانی هەموو تاڵەکانی پەیوەندی نێوان دۆستایەتییەکان، مەرگی پێکەوەبوونەکان، بۆ یەکتر بوونەکان و چاوەنوارییەکان و خەون و خولیا شیرینەکان بۆ خزم و کەس وکار و هاوڕێ و نزیکانت، هەرچەند پەیوەندییەکان چڕتر و بیرەوەرییەکان قوولتر و شیرینتر، ئازاری دابڕانەکانیش بەسوێتر، مەرگی مرۆڤێك، ئازار و ژانی مەرگی هەستەکانی هەموو مرۆڤە هاوڕا و هاوپێوەندەکانیەتی، کوشتنی مرۆڤێك، کوشتنی گەلێك مرۆڤە لە نێو گیانە شەیدا و تامەزرۆکانی ژوانە دڵخوازەکاندا، کوشتنی بەشێکە لە دڵ و ڕۆحی باوك و دایك و خوشك و برا و هاوڕێیان، وەك زۆر جاران بینراوە کە کوشتنی مرۆڤێك مەرگی نزیکترین پەیوەندییەکان و مەرگی فیزیکیی نزیکانی بەدواوە بووە، کوشتن، واتە کوشتنی بە ئەنقەستی ڕێکخراو دەرحەق بە کۆمەڵگەی مرۆیی، نابوودی بەشێکە لە کۆمەڵگەی مرۆیی، بەشێك کە پەیوەندی بە هەموو کۆمەڵگەوە هەیە... چونکە کوشتنی مرۆڤ، مەرگی پەیوەندیی هەستە جوراوجۆرە مرۆییەکانی لە دڵ و ڕۆح و گیان و بوونی دیکەی ئەندامانی بنەماڵە و هاوڕێ و هاوشاری و دیکەی مرۆڤەکانی بە دوادا دێت، دەستدرێژی کردنە بۆ سەر مافەکانی کۆی کۆمەڵگا، بکوژی کەسێك، بکوژە ڕاستەقینەکانی کۆی کۆمەڵگان، چونکە بکوژانی هەموو پەیوەندییە مرۆییەکانن، بەو کوشتنە پەیوەندییە مرۆییەکان لەت و پەت و پێشێل دەکەن... برینێك کە تا هەتا ساڕێژ نابێت. برینی چاوەڕوانیە بێکۆتاییەکان. کوشتنی مرۆڤێك، تاوانێکی ڕێکخراوە دەرحەق بە هەموو ئەو مرۆڤانەی کە پەیوەندییان بە قوربانییەوە هەیە، تاوانێکە دەرحەق بە کۆی کۆمەڵگەی مرۆیی... لە نێوان ئاژەڵەکاندا، ئەم پەیوەندییە عاتفییە تەنیا تا کاتی شیرەخۆرەیی لە نێوان دایك و بەچکەکەیدا دەمێنێتەوە... وەبیری بێننەوە چلۆن ئاژەڵێك لە کاتی مەترسیدا بەرگری لە بەچکەکەی دەکات، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی مرۆییدا کوشتنی مرۆڤێك تەنیا و تەنیا پەیوەندیی بە خۆیەوە هەیە و ئەوە کێشەی خۆیەتی... بینەرانێکی خەمسارد، شاکر بە ئاستانەی خودا، دە با هەوڵ بدەین کۆمەڵگەیەکی مرۆییامان هەبێ، شایستەی ناوی مرۆڤ بین... یەکترمان خۆش بوێت و پەیوەندییەکانمان مرۆیی بکەینەوە، ئێمە مرۆڤین و شایستەی کۆمەڵگەیەکی مرۆیین، با پێکەوە هاوار بۆ ئازارە هاوبەشەکانمان بکەین. مەرگی ڕێحانە جەباری مەرگی یەکێکە لەم هەزاران گیانە شەیدایە بۆ ژیان، کە مەخابن لە خاڵێکی بێ شوناسی ئەم جیهانە دڕندەیەدا و لە کات و ساتێکی نەگونجاودا پێ دەنێتە شانۆی ژیانەوە، بریا لە بیابانەکانی "کالاهاری" لە ئافریقا و لە نێوان دڕندەکانی ئەوێدا لەدایك دەبوو، ڕەنگە ئەوسا چارەنووسێکی دیکەی دەبوو،... بژی ژیان، دەبا بوون و بوونەوەرێك بە نێوی مرۆڤمان خۆش بوێت...مرۆڤ خودی جوانیی بوونە، با جوانییەکانمان خۆشبوێت.....



یەکشەممە ٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٣
بەرامبەر بە ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

# چاو خشاندنێک بەسەر دیمۆگرافی پارێزگاکانی ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام

سەعدوون بەهرامیان

هەر کات ئێمە باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین لە یەکەم بیرکردنەوەدا چوار پارێزگای ورمێ، سنە، کرماشان وئیلام دێتەوە بیرمان. هەرچەند بە بۆچوونی زۆر لە کارناسانی جوگرافیای کوردستان پارچەی لای ئێران ڕووبەرێکی زۆر فراوانتر لەو چوار پارێزگایە لە خۆ دەگرێ بەڵام باسەکەی ئێمە لێرەدا تەرکیبی حەشیمەتی و دیمۆگرافی ئەو چوار پارێزگایەیە.

لە بواری جوگرافییەوە ڕووبەری ئەو چوار پارێزگایە ١١١٦٧٩کیلۆمیتری دووجایە کە دەکاتە ٩.٦ لە سەدی خاکی ئێران ـ ئەو چوار پارێزگایە لە ٤٩ شارستان، ١١٧ بەخش، ١١٨شار، ٣٢٢ دێهستان پێک دێت. لە بواری حەشیمەتەوە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی ڕێژەی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە ٧٠٧٧٠٤٧ کەسە کە لە کۆی حەشیمەتی ٧٥١٤٩٦٦٩ کەسی وڵاتی ئێران دەکاتە ٩.٤٢ لەسەدی کۆی گشتی حەشیمەتی وڵات. کە لەو ڕێژەیە ٤.١٠ لەسەدی لە پارێزگای ورمێ و٠.٧٤ لە سەدی لە پارێزگای ئیلام و ١.٩٩ لە سەدی لە پارێزگای سنە و ٢.٥٩ لە سەدی دانیشتوویی پارێزگای کرماشانن. چڕیی دانیشتووان (تراکم) لە سەراسەری وڵاتدا ٤٦ کەس لە یەک کیلۆمیتری دووجایە بەڵام لە پارێزگای ئیلام ئەو ڕێژەیە بە ٢٨ کەس لە یەک کیلۆمیتردا لە نێونجی وڵات کەمترە.

بەڵام لە پایزگاکانی سنە، کرماشان و ورمێ ڕێژەی دانیشتووان بە ڕیز ٥١ کەس، ٧٨ کەس و ٨٢ کەس لە یەک کیلۆمیتردایە. لە ساڵی١٣٨٥ هەتا١٣٩٠ نێونجی زیادبوونی حەشیمەتی ساڵانەی وڵات ١.٢٩ لەسەد بووە کە بۆ پارێزگاکانی ورمێ، ئیلام، سنە، کرماشان ئەو ڕەقەمە بە ڕیز ١.٤٠ ، ٠.٤٣ ، ٠.٧٣ ، ٠.٦٩ لە سەدە بەو پێیە ڕێژەی زیادبوونی حەشیمەت لە پارێزگای ورمێ لە نێونجی وڵات زیاترە و لە سێ پارێزگاکەی دیکە ئەو ڕێژەیە لە نێونجی وڵات کەمترە.

هەروەها ڕێژەی دانیشتووانی نێو شارەکانی ئەو چوار پارێزگایە بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی پارێزگاکانی دیکەی ئێران کەمترە هەر چەند لەو ساڵانەی دواییدا ڕێژەی زیادبوونی حەشیمەت ڕووی لە زیادبوون کردووە.

بە گشتی لە ساڵی ١٣٩٠دا نزیك بە ٧١.٤ لەسەدی دانیشتووانی ئێران لە نێو شارەکاندا دەژین هەر لەو ساڵەدا ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگای ورمێ ٦٢.٧، لە پارێزگای ئیلام ٦٤، لە پارێزگای سنە٦٦، لە پارێزگای کرماشان ٦٩.٧ لە سەد بووە واتا نێونجی شارنشینی لەو چوار پارێزگایە کەمترە لە ڕێژەی شارنشینی ناوچەکانی دیکەی ئێران دیسانیش زۆربەی حەشیمەتی ئەو چوار پارێزگایە لە شارەکاندا دەژین. — نێونجی زیادبوونی ساڵانەی حەشیمەتی شارنشین لە ئێراندا لە نێوان ساڵەکانی ٨٥ هەتا ٩٠ی هەتاوی ٢.١٤ لە سەدە، ئەو ڕێژەیە لە ئوستانی ورمێ ٢.٣٠، لە ئوستانی ئیلام ١.٥٠، لە ئوستانی سنە ١.٨٧، لە ئوستانی کرماشان دەگاتە ١.٥٤ لە سەد . لێرەدا پێویستە هێما بۆ دابەزینی ڕێژەی حەشیمەتی ئاواییەکانی ئەو چوار پارێزگایە بکەین کە ڕوو لە دابەزینە بە واتایەکی دیکە گەشەی نەرێنییان هەیە کە زۆرترین ڕێژەی کەمبوونەوەی حەشیمەتی ئاواییەکان تایبەتە بە گوندەکانی پارێزگای سنە بە ڕێژەی نەرێنی ٢.٧٧ لە سەد و سێ پارێزگایەکەی دیکەش ڕێژەی دابەزینی حەشیمەتیان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران لە سەرترە کە ئەوەش بۆ سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە کە چۆل بوونی گوندەکانی ئەو پارێزگایانە لە چەند لایەنەوە لە بەرژەوەندی حکوومەتی ئێسلامیدایە ئەگەر بە کورتی هێمایان بۆ بکەین بریتین لە:

١-لە بواری ئابووریدا ناوچەکە لاوازتر دەبێت. ٢-گوندەکان هەمیشە پارێزەری زمان، فەرهەنگ، داب و نەریتی ڕەسەنی خۆیان بوونە کە بە نەمانی گوندەکان ئەو پاراستنە لاواز دە بیت. ٣-لە کاتی شۆڕشەکان ئاواییەکان وەک پشتیوانی شارەکان جووڵاونەتەوە. ٤. لە کاتی شۆڕشی چەکداری جێگەی حەوانەوەی پێشمەرگە بوونە و بە دەیان خاڵی دیکە کە دەکرێ هێمایان بۆ بکەین.

هەر وەها بنەماڵەی یەک و دوو کەسی لەو چوار پارێزگایە لە نێونجی وڵات کەمترە ئەوە لە حاڵێکدایە بنەماڵەی پێنج کەسی و یان زیاتر لە نێونجی گشتی وڵات لە سەرترە ئەو وەزعە دەرخەری جیاوازی لە شێوەی ژیاندایە هەر چەند لە ڕەهەندی بچووکدایە. قەبارەی بنەماڵەکان لە ساڵی ١٣٩٠ لە ئێران ٣.٥، کەسە بەڵام لەو پارێزگایانەی هێمایان بۆ کراوە ئەو ڕێژەیە زیاترە کە بۆ پارێزگاکانی ورمێ، سنە، کرماشان ٣.٧ و لە پارێزگای ئیلام ئەو ڕێژیە دەگاتە ٤.١ کەسی. بەڵام ئامارەکان پێشاندەری بچووک بوونەوەی قەبارەی بنەمالەکانن.

بە وتەیەکی دیکە قەبارەی بنەماڵەیی لەو چوار پارێزگایە گەورەتر لە قەبارەی بنەماڵەکانی شوێنەکانی دیکەی ئێران. — ئەگەر بەو ئامارانە کە سەلمێنەری گەورەبوونی قەبارەی بنەماڵەکانی ئەو چوار پاڕێزگایەن ئاماری بێکاری پێوە زیاد کەین ڕەقەمێکی سەرسووڕهێنەر دەکەوێتە بەر دەستمان، بە وەبەرچاوگرتنی قەبارەی بنەماڵەکان وێڕای گرفتە ئابوورییەکانی وەک بێکاری، هەڵاوسانی ئابووری، کارتێکەری نەرێنی لە سەر قەبارەی بنەماڵەکان هەبووە. دیارە سیاسەتە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا ئەم دۆخەی زەقتر کردۆتەوە، ڕێژیم بە بەکارنەهێنانی خەڵکانی خۆجێیی لە کاروبارە ئیدارییەکان و کەڵک وەرگرتن لە خەڵکانی دیکە، نەرەخساندنی هەلی کار لە ناوچە، نەبوون یا کەمی کارگە و کارخانەکان، بۆتە هۆیەکی سەرەکی لە شێوانی دیمۆگرافیای ناوچەکە. دیارە ڕێژیم لەو ڕاستایەدا سیاسەتەکانی خۆی پەیڕەو دەکات کە بریتیە لە:

١-کەم بوونەوەی لاوان لە ناوچەکە و چوونیان بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران بۆ دۆزینەوەی کار. ٢. بەکارهێنان و دامەزراندنی خەڵکانێک لە ناوچەکانی دیکەی ئێران کە بۆ مانەوەیان لەو چوار پارێزگایە زۆر ئیمتیازی تایبەتیان پێ دەبخشرێت بۆ وێنە لەو شارانەی پارێزگای ورمێ کە سەداسەدی دانیشتوانیان کوردن کارمەندی ئێدارەکان بە زۆری خەڵکی شارەکانی پارێزگای تەورێزن ئەوە لە حاڵەتێک دایە کە لاوانی کورد پاش تەواوکردنی زانستگا بۆ پەیدا کردنی کار ڕوو لە شارە گەورەکانی دیکەی ئێران وەک تاران و تەورێز و باقی شارەکانی دێکە دەکەن. هەر بە پێی ئامارە ڕەسمییەکانی ڕێژیم لە ساڵی ١٣٨٩دا لە پارێزگای ورمێ ٨٣٠٠٠ کەس و لە پارێزگای ئیلام ٤٩٠٠٠ کەس و لە پارێزگای سنە ٩٩٠٠٠ کەس و لە پارێزگای کرماشان١٤٣٠٠٠ کەس لە هەوڵی دۆزینەوەی کاردا شناسایی کراون. دیارە ئەو ئامارانە دوورن لە ڕاستی و ئارمارە ڕاستەقینەکان زۆر لەوەی زیاترن هاتوون.

بابەتێکی دیکە کە دەبێ سەرنجی بدەینێ (ڕووداوە چوارینەکان) لەدایکبوون — مردن — زەماوەند — تەڵاقە کە ئەگەر بمانەوێت بە وردی باسی بکەین لە تاقەتی ئەم بابەتە بەدەرە هەر بۆیە بە کورتی هێمای بۆ دەکەین و بە نموونە تەڵاق دێنینەوە.

بە چاوخشاندێکی کورت دەبینین کە درێژەسەندنی بارودۆخێکی لەو شێوەیە دەبێتە هۆی پیر بوونی حەشیمەتی وڵات، دیارە لە ساڵانی ڕابردوودا حەشیمەتی ئێران حەشیمەتێکی لاوی لە نێو وڵاتانی دونیادا هەبوو ،هەروەها تەڵاق و سست بوونی بناخەی بنەماڵەکان دەبێتە هۆێ پەرەسەندنی ئەو ڕەقەمە کە لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٨٥ هەتا ٩٠ی هەتاوی ڕوو لە زیادبوون بووە هەر چەند ڕێژیم گرینگی ئەوتۆی پێ نەداوە، زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق لەو چوار پارێزگایەی ڕۆژئاوای ئیران بە تایبەت پارێزگاکانی کرماشان و سنە و هێندێک لە شارەکانی ئەو پارێزگایانە وەک: کرماشان، سنە، سقز، بۆکان، قوڕوە، جوانڕۆ، پاوە، ورمێ و مهاباد لە لایەن بەرپرسان و کارناسانی ئەو بوارە پشتگوێ خراوە. زیادبوونی تەڵاق لە وڵات خەسارگەلێکی زۆری کۆمەڵایەتی بەدوودا دێت بۆ وینە: ١. زۆربوونی بنەماڵەکانی تەک سەرپەرەست ٢. منالانی تەڵاق و داهاتوویان ٣. فەقری ئابووری و کۆمەڵایەتی ٤. خەسارە دەروونییەکان لەسەر تاک و کۆی کۆمەڵگا ٥. لەشفرۆشی وهتد....بەداخەوە خۆ بواردن لەو بابەتە، کۆمەڵگای تووشی نەهامەتی دەکات و قەرەبوو کردنەوەی زۆر ئەستەمە.

| سال | تعداد واقعه | درصد تغيير نسبت به سال قبل |
|---|---|---|
| 1386 | 99852 | 2/6 |
| 1387 | 110510 | 7/10 |
| 1388 | 125747 | 8/13 |
| 1389 | 137200 | 1/9 |
| 1390 | 142841 | 1/4 |

جدول شماره 4 ـ ثبت طلاق در كشور در سال‌هاى 1386 تا 1390

جەدوەڵی تەڵاق

ڕێژەی زۆربوونی تەڵاق لە ساڵی ١٣٩٠دا بە بەراوەرد لەگەڵ ساڵی ١٣٨٦ چل وسێ لەسەد زیادی کردووە لە پارێزگای کرماشان ئەو ڕێژەیە لە نێونجی وڵات زۆرترە، ڕێژەی تەڵاق لە ناوەندی شارەکان ١٨.٧٤ لە سەدە و هەر ئەو ڕێژەیە لە گوندەکان دەگاتە ٧،٦٥ لە سەد، ئەو ڕێژەیە لە پارێزگای ورمێ ١٦.٣ لە سەد و لە پارێزگای ئیلام ٩.٧ لە سەد و لە پارێزگاکانی سنە و کرماشان بە تەرتیب ٢٠،٣ و٢٠.٥ لە سەدە کە ئامارێکی زۆر نیگەرانکەرە. دیارە لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و بە تایبەت ئەو چوار پارێزگایەی باسمان لێ کردوون سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆتە هۆی پێکهاتنی ئەو قەیرانە، بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە ناهەمووارە لە حاڵەتی یەکەمدا دەبێت حکوومەت بە پلانێکی تۆکمە پێش لە بێکاری و بڵاو بوونەوەی مادە هۆشبەرەکان بگرێت، لە حاڵەتی دووهەمدا بە پەروەردەکردنی بنەماڵەکان و بە تایبەت لاوان پێش زەماوەند بەستێنەکانی تەڵاق لە کۆمەڵگادا کۆنترۆڵ بکات. بەڵام بەداخەوە بە بوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو بوارەدا ئاسۆیەکی ڕوون نابینرێت.

| استان | 0-14 ساله | 15 تا 64 ساله | 64 ساله و بالاتر |
|---|---|---|---|
| كل كشور | 4/23 | 9/70 | 7/5 |
| آذربايجان غربى | 3/25 | 3/69 | 4/5 |
| ايلام | 4/22 | 9/72 | 7/4 |
| كردستان | 23 | 1/71 | 6/5 |
| كرمانشاه | 3/21 | 9/72 | 8/5 |

جدول شماره 1ـ توزيع جمعيت در استان‌هاى مورد بررسى بر حسب گروه‌هاى عمده سنى در سال 1390 (درصد)

نمودار شماره1 ـ توزيع جمعيت بر حسب گروه‌هاى عمده سنى در سال 1390




| واقعه / استان و سال | ولادت | فوت | ازدواج | طلاق |
|---|---|---|---|---|
| كشور 1388 | 1348546 | 393514 | 890208 | 125747 |
| كشور1389 | 1363542 | 441042 | 891627 | 137200 |
| كشور1390 | 1382229 | 422133 | 874792 | 142841 |
| آذربايجان‌غربى | 62289 | 15929 | 38591 | 4876 |
| ايلام | 10261 | 2743 | 7459 | 537 |
| كردستان | 27380 | 7802 | 21526 | 3271 |
| كرمانشاه | 33414 | 11650 | 24663 | 4417 |

سەرچاوەکان:

١. آمارهای جمعیتی، نتایج سرشماری سال١٣٩٠
٢.سالنامە آماری کشور ١٣٨٩- معاونت مدیریت و برنامەریزی کشور-سازمان آمار ایران
٣-سالنامەی ثبت و احوال کشور
٤- جەدوەڵە ئامارییەکان لە (سایت کلمە مقالەی احسان هوشمند) وەرگیراون.

رۆژەڤ

## هەژاری یان چەککردنی ناوکی

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

ماڵپەڕی واشینگتۆن پۆست وتارێکی لە ژێر ناوی " ئێران پێویە تا لە نێوان هەژاری و چەککردنی ناوکیدا، یەکەمیان هەڵبژێرێ" بە قەڵەمی "ڕەی تاکی" بڵاو کردووەتەوە کە تێیدا نووسەر لێکدانەوەی خۆی بۆ هەڵوێستی ئێران لەسەر بەرنامە ناوکییەکەی دەخاتە ڕوو. لە سەرەتای وتارەکەدا هاتووە: "لە کاتێکدا لە ٢٤ی نۆڤامبر نزیك دەبینەوە کە وەکوو دوایین هەلی ئێران و زلهێزەکان بۆ وتووێژ لەسەر ڕێککەوتننامەیەکی ناوکی هەمەلایەنە دیاری کراوە، هەر دوو لا ڕەنگە ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێکی زۆرگرینگ ببنەوە. چی ڕوو دەدا ئەگەر ئەو گەڕانە یەك دەبەیبە لە پێناو ڕێککەوتنێکی کونترۆڵی چەکوچۆڵ بە ئاکام نەگات؟ لە کاتێکدا بەڵگەی کەم لەبەردەستدایە کە نیشان بدەن ڕۆژئاوا بیر لە ستراتیژییەکی جێگرەوە دەکاتەوە، بکەرە گرینگەکان لە ئێراندا خۆیان بۆ ژیانەوەی پاش شکستی دیپلۆماتیك ئامادە دەکەن."

نووسەر وێڕای ئاماژە بەوە کە لە پاش ئاشکرابوونی بەرنامەی نایاسایی ناوکیی ئێران، دەوڵەتەکانی خاتەمی، ئەحمەدی نژاد و ڕووحانی چ ڕێگەیەکیان لە بەرامبەر کۆمەڵگای جیهانی هەڵبژاردووە، دەنووسێ: "ئێران دواجار دەگاتە نوختەی وەرچەرخان و ڕێبەری ڕێژیم، ئایەتوڵڵا خامنەیی و زۆرێك لە ماکە توندڕەوەکان وێدەچێ ئامادەی بردنەپێشی خولیا ناوکییەکان بن، تەنانەت ئەگەر تووشی گوشاری ئابووری زیاتر ببن."

دواتر باسی ئەوە دەکات توندڕەوەکان و لە سەروویانەوە خامنەیی لەو بڕوادان گەمارۆی ئابووریی باشترین هەلە بۆ خۆبەدەستەوەنەدان و پشتبەستن بە بەرهەمهێنانی نێوخۆیی و دەڵێ: "مێشك ویشکەکانی ئێران وا دیارە هەژاری نەتەوەییان لە چەککرانی ناوکی پێ باشترە".

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا، ئاماژە بە دەرکەوتنی ناڕاستگۆیی و پێبەندنەبوونی ئێران بە ڕێککەوتننامەی ناوکی لە ڕابردوودا کراوە و قسەکانی عەلی ئەکبەر ساڵحی، سەرۆکی ئاژانسی وزەی ناوکیی ئێران بە نموونە هێنراوەتەوە کە مانگێك لەمەوپێش باسی دامەزرانی سانتریفیوژی نوێی لە داهاتووی نزیکدا کردبوو.

لە کۆتاییدا هاتووە: "لە چەند حەوتووی داهاتوودا، جۆلانێی پەتی باریکی وتووێژە زۆردەرهەستەکان بە دڵنیاییەوە ڕادەوەستێ. دیپلۆماسییەکی چڕ و هاتووچۆی وەزیرانی دەرەوە بۆ پێتەختەکانی ئەورووپا دەبینین. بەڵام هەر ئێستا وێدەچێ ڕوون بێ کە خامنەیی و توندڕەوەکان پێوەن تا لە نێوان هێزی ناوکی و سەرکەوتنی ئابووریدا ئەوەی یەکەمیان هەڵبژێرن ـ بڕیارێك کە کارەساتی بۆ وڵاتەکە بەدواوە دەبێ. ڕووحانی ڕەنگە هێشتا بتوانێ بۆ ماوەیەك توورە بێت و هەندێ کێشە بنێتەوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە، دڕدۆنگبوون لەمەڕ ستراتیژییە جێگرەوەکان خۆی لە خۆیدا بەفیڕۆدانی دیپلۆماسییە، چوونکە وا دیارە ئێران خەریکە لە خاڵێکی وەرچەرخانی مەترسیدار تێدەپەڕێ".

سەرچاوە:

Washingtonpost.com

كوردستان



### دوكتور حەمید دەربەندی لە وتووێژ لەگەڵ كوردستاندا:

# نزیكایەتی نێوان لایەنەكان و هێزە سەرەكییەكانی كورد لە بەرژەوەندیی نەتەوەی كورد و هەموانە

**دیمانە: كوردستان**

هەر وەك خوێنەرانی بەڕێز ئاگادارن، پاش چەندین مانگ ناكۆكی و دوو دەستەیی لە نێوان هێزە سیاسییەكانی كوردستانی سووریە، دواجار پاش كۆبوونەوەیەك كە لە شاری دهۆكی هەرێمی كوردستان و بە نێوبژیوانیی سەرۆكی هەرێم بەڕێوەچوو، هەردوو لایەن بە مەبەستی چارەسەری كێشەكانیان گەیشتنە ڕێككەوتنێك.

هەر لەو پەیوەندییەدا وتوێژێكمان لەگەڵ دوكتور حەمید دەربەندی، بەرپرسی پەیوەندییە گشتیەكان و دۆسییەی ڕۆژئاوای كوردستان لە سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان پێكهێناوە كە سەرنجتان بۆ دەقی ئەو وتووێژە ڕادەكێشین:

**كوردستان: كێشە سەرەكییەكانی نێوان لایەنەكانی ڕۆژئاوا چ بوون كە بۆ چارەسەركردنیان پێویست بوو لایەنی سێهەم یان چوارەم بێتە ناو كایەكەوە؟ ئەو كێشانە لەم ڕێككەوتنەدا چۆن چارەسەر كراون؟**

**د. حەمید دەربەندی:** كێشەی بنەڕەتی لە نێوان پارتی یەكێتی دیموكراتی (پەیەدە) و حزبەكانی ناو ئەنجومەنی نیشتمانیی كورد لە سوریا بوو (كە بریتین لە ٨ حزب و چەندین لایەن و كەسایەتی سەربەخۆ). كێشەكەش خۆی لە خۆسەپاندنی لایەنێك و ڕەتكردنەوەی لایەنەكەی تر دەدۆزییەوە.

لەم ڕێككەوتنەدا سێ خاڵی سەرەكی ڕێككەوتنیان لەسەر كرا كە بریتین لە:

- پێكهێنانی لێوەگەڕێكی سیاسی (مەرجەعیەتێكی سیاسی) بۆ كوردانی ڕۆژئاوای كوردستان كە هەموو بڕیارە چارەنوسساز و ستراتیژییەكان لەوێ بڕیاری لەسەر دەدرێت. كە ئەمە خۆی لەخۆیدا زۆربەی كێشەكان چارەسەر دەكا.

- پێكهێنانی ئیدارەییێكی هاوبەش بۆ بەڕیوەبردنی كاروباری ناوچە كوردنشینەكانی ڕۆژئاوای كوردستان. هەوڵدان بۆ پێكهێنانی یەك ئیدارە بۆ هەرسێك ناوچە كوردییەكان واتە عفرین و كۆبانێ و جزیری.

- پێكهێنانی هێزێكی هاوبەشی سەربازی بۆ پاراستنی خۆیان و بەرگری لە گەل و وڵات.

**كوردستان: دەگوترێ كێشەی ڕۆژئاوا لە ڕاستییدا نەك كێشەی نێوان خودی خەڵكی ڕۆژئاوا، بەڵكوو بەشێك لە ئەجێندای لایەنەكانی دوو پارچەی باشوور و باكووری كوردستان و تەنانەت درێژكراوەی هاوكێشەی هێز لە ناوچەدایە. ئەمە تا چ ڕادەیەك ڕاستە و هۆكارەكەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**د. حەمید دەربەندی:** شتێكی سروشتییە كە هەر حزب و لایەنێكی كوردی بەرژەوەندی و ستراتیژیەتێكی خۆی هەبێ و ڕەچاوی ئەم بەرژەوەندیانەش بكات، بەڵام ناسروشتییەكە لەوەدایە كە سنورە سروشتییەكانی ئەم بوارە ببەزێنرێن و بەرژەوەندی نەتەوەیی و گشتی ڕەچاو نەكرێن.

من لە ڕۆژی یەكەمەوە تا ئەمڕۆ بەرپرسی دۆسییەی ڕۆژئاوای كوردستان بوومە لە سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان و نوێنەرایەتی بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستانم كردوە لەم پرۆسەیەدا. لە ڕۆژی یەكەمەوە تا ئەمڕۆ جەنابی سەرۆك سێ شتی لە هەموو ئەم لایەنانە خواستوە و ئەم سێ خواستەیەش مەرج بوونە بۆ هاوكاریكردنیان:

- یەكبوون
- دەركردنی بڕیاری هاوبەش
- هەر بڕیارێك كە لەسەر بنەمای خاڵەكانی یەكەم و دووەم بدرێ، جێی ڕێز و پێزانین دەبێ بۆ ئێمە، بە پێچەوانەوەش ەەر بڕیارێكی یەك لایەنە دانی پێدانانەدرێت.

ئەمەش هەمووی تەنیا لەپێناو یەكڕیزی و یەكبوونی كورد بووە لە ڕۆژئاوای كوردستان. ئەم ستراتیژیەتەش بۆ هەموو لایێك بەكار هاتووە نەك تەنیا بۆ یەك لایەن.

**كوردستان: ڕێككەوتنی دهۆك لە حاڵێكدایە كە پێشتریش بە نێوبژیوانیی سەرۆكی هەرێم، ڕێككەوتنێك لە نێوان لایەنەكانی ڕۆژئاوا واژۆ كرا بوو، بەڵام هەر لە سەر كاغەز مایەوە، گەرەنتی چیە بۆ جێبەجێكردن و پابەندبوونی لایەنەكانی ڕۆژئاوا بەم ڕێككەوتنە؟**

**د. حەمید دەربەندی:** هیچ گەرەنتییێك نیە. گەرەنتی دەبێ بەرژەوەندی نەتەوەیی و گشتی بێت. گەرەنتی دەبێت گەلی كورد بێت. گەرەنتی دەبێت حزبەكانی كوردیی هەرچوار پارچەی كوردستان بن. چوونكە بارودۆخێ كە كوردستان و كوردی پێدا گوزەر دەكا ئەمەمان لێدەخوازێ. كورد لە باشور و ڕۆژئاوای كوردستان بەدرێژایی زیاتر لە هەزار كیلۆمەتر، هەر لە جەلەولاوە تا كۆبانێ لە شەڕێكی مان و نەماندایە لەگەڵا خوێنڕێژترین و دڕندەترین ڕێكخراوی تیروریستی. لە بەرامبەریشدا لەم شەڕەدا پاڵپشتی و هاوسۆزی و هاوكارییێكی جیهانی هەیە بۆ گەلی كورد، بۆیە هەردوو بابەتەكان ئەمەمان لێدەخوازێ كە یەكبین بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانمان و بەدەستهێنانی متمانەی دۆستانمان.

**كوردستان: دەگوترێ كە دوو لایەنی ڕۆژئاوا لە بنەڕەتدا بە سەر دوو جەمسەری لایەنگران و نەیارانی ڕیژیمی سووریەدا دابەش دەبن، پێتان وا نییە ئەم مەسەلەیە لە داهاتوودا دووبارە ببێتە هۆی لێكترازانیان؟ خوێندنەوەتان بۆ ئەم بابەتە چۆنە؟**

**د. حەمید دەربەندی:** لەم باوەڕەدا نیم كە كێشەی سەرەكی ئەمەبێ. ئەگەر لێوەگەڕە سیاسییەكە كاری پێبكرێ و خواست و تێڕوانینی سیاسی كورد لەوێ بڕیاری لەسەر بدرێت هیچ كێشەیك دروست نابێ.

**كوردستان: باس لەوە دەكرێت كە هێندێك لایەنی سیاسیی بە ئاشكرا یان ژێر بە ژێر هەوڵیان داوە ئەو ڕێككەوتنە سەر نەگرێت، چوونكە بە سەركەوتنی پارتی دیموكراتی كوردستان یان خاڵێك بۆ لێكنزیكبوونەوەی پارتی و پەكەكەی دەزانن، بۆچوونی ئێوە لەم پێوەندییەدا چیە؟**

**د. حەمید دەربەندی:** دورنیە وابێت، بەڵام وەك گووتم ئەمڕۆ هەموومان لەناو یەك كەشتیداین، بۆیە لێك نزیكبوونەوەی لایەنە كوردییە سەرەكییەكان بەسودی گەلی كورد و هەموانە. هەلێكی زێڕینمان لەپێشە و نابێ لەدەستی بدەین.

**كوردستان: پێتان وایە هێزە ناوچەییەكان(بە تایبەتی ئێران و توركیا) لەمە بەدوا چۆن لەگەڵ واقێعی نوێی ڕۆژئاوای كوردستان و لێكەوتەكانی ئەم ڕێككەوتنە هەڵسوكەوت دەكەن؟**

**د. حەمید دەربەندی:** شتێكی سەلمێنراوە كە بەهێزیی كورد و ئارامیی كوردستان هەمیشە فاكتەری ئارامی و سەقامگیری بوونە لە ناوچەكە و لەگەڵا دراوسێكانماندا. پێچەوانەكەشی بەهەمان شێوە كاریگەری پێچەوانەی خۆی هەبووە. یەزدان و سروشت چارەنوسی ژیانێكی هاوبەشیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوە بە گەلانی ناوچەكە، بۆیە ناتوانین بەپێچەوانەی یەزدان و سروشت بجوڵێنەوە. دەبێت هەموومان فێری بەیەكەوە ژیان و لەیەك تێگەیشتن بین. بەبۆچوونی من لەسەر ئەم ڕێڕەوەدا گۆڕانی گەورە ڕویانداوە و گەلانی ناوچەش تا ڕادەیێكی باش لەمە تێگەیشتوون.

**كوردستان: لە بارودۆخێكدا كە پەرتەوازەیی و لێكدابڕان باڵی بە سەر لایەنە سیاسییەكانی هەر چوار پارچەی كوردستاندا كێشاوە، پێتان وایە ئەم ڕێككەوتنە دەتوانێ كاریگەریی ئەرێنی لە سەر ئەو بارودۆخە دابنێت یان بە پێچەوانە، پەرتەوازەیی گشتگیری پارچەكانی دیكە كاریگەریی نەرێنی لە سەر ڕۆژئاوا دادەنێت و دۆخەكە لە بار دەبات؟**

**د. حەمید دەربەندی:** گومانم لەوە نیە كە ئەم ڕێككەوتنە دەروازەیێك بەڕوی لەیەك تێگەیشتن و لەیەك نزیكبوونەوەدا دەكاتەوە. بارودۆخی ئەمڕۆی كوردستان و ناوچە و جیهانیش جیاوازی هەیە لەگەڵا جاران و ئەستەمە لایەنێك یا چەند لایەنێك بەپێچەوانەی شەپۆلەكان بتوانن مەلە بكەن.

# كورد و بێ هەڵوێستیی توركیە



**شەهاب خالیدی**

كورد لە باشوور و لە ڕۆژئاوای كوردستان پێشەنگی خەبات لە دژی دەوڵەتێكی تیرۆریستی لە ناوچەكەدایە و خەبات و بەرخودانی كورد لەو بەشانەدا، بووەتە هۆی ئەوەی كە هەتا هێزێكی وەك PYD (كە سەر بە PKK یە)، لە لایەن ئامریكا و هاوپەیمانەكانیەوە پشتیوانیی سەربازیی بكرێ.

لەو شەڕە ناڕەوایەی كە داعش و پشتیوانانی پشت پەردەی داعش بە سەر ڕۆڵەكانی گەلی كورددا سەپاندوویانە، گومانی ئەوە دەكرێ كە ڕێژیمی ئێرانیش بە ئامانجی لاوازكردنی دەسەڵاتی هەرێمی كوردستان، دەستی لە ڕێنوێنی و ئاراستەكردنی داعش بەرەو باشووری كوردستان هەبووبێ. بەڵام ئێستا كە شەڕ لە نێو شاری كۆبانێ و دەوروبەری گەرمە و ئەو هەرێمەش هاوسنووری توركیەیە، بە هۆی ناڕوونیی هەڵوێستی توركیە لە مەڕ شەڕی دژی داعش، هێندێك هێز و لایەنی سیاسی پێیان وایە كە توركیە ناڕاستەوخۆ پشتیوانی داعش بێ. هەر بۆیەش ئەو لایەنانە داوا لە توركیە دەكەن كە هەڵوێستی خۆی زۆر ڕاشكاوانە دەربڕێ.

بەڵام دانانی مەرجگەلێكی قورس بۆ PYD لە لایەن توركیەوە، لە باتی پشتیوانیكردن لە خەڵكی كۆبانێ، لە كاتێكدا كە داعش لە كۆبانێ نزیك دەبوویەوە و هەروەها دانانی مەرجێكی وەك ئامادەبوونی ئامریكا و هاوپەیمانەكانی بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە بەرامبەر پشتیوانیی توركیە لە كۆبانێ، زیاتر لە ڕابردوو گومانی لە سەر توركیەی هاوپەیمانی ئامریكا دروست كرد.

بەڵام نە PYD و نە ئامریكا و هاوپەیمانەكانیشی تەسلیمی ئەو داوایەی توركیە نەبوون و لە ژێر زەخت و گوشاری زیاتردا، توانیان توركیە ڕازی بكەن كە ڕێگا بە هێزی پێشمەرگەی كوردستان بدات كە بۆ پشتیوانی لە شەڕڤانانی كۆبانێ، لە سنووری توركیەوە خۆیان بگەیەننە كۆبانێ.

بەڵام دیسانیش زۆر زەحمەتە كە ئەو گومانەی كە لە سەر توركیە هەیە لا بچێ، چونكە توركیە دەوڵەتێكی بەهێز و ئەندامی ناتۆیە و خۆی بە پێشەنگی ئیسلامی نەرم لە ناوچەكەدا دەناسێنێ و هەر بۆیەش داوای لێ دەكرێ كە زۆر بە ڕوونی و بە ڕاشكاوی هەڵوێستی خۆی لەمەڕ شەڕ لە دژی داعش ڕابگەیەنێ.

ئەگەر توركیە شەڕی داعش بكات:

١- پەیوەندیی نێوان حكوومەتی هەرێمی كوردستان و توركیە نە تەنیا تێك ناچێ، بەڵكوو بە هێزتریش دەبێ.

٢-كوردانی كوردستانی باكوور و ئەو لایەنانەی كە لە PKKەوە نزیكن، ئەو كات پێداگری لە سەر كۆتایی هێنان بە پرۆسەی ئاشتی ناكەن.

PYD-٣ وەك ئەكتەری سەرەكی لە گۆڕەپانی سیاسەتی كوردستانی ڕۆژئاوا، ئەگەریش نەیهەوێ جارێ لە توركیە نزیك ببێتەوە، بەڵام ENKS لە داوارۆژدا وێدەچێ هەوڵ بدات بۆ ئەوەی كە پەیوەندییەكی وەك پەیوەندیی نێوان توركیە و هەرێمی كوردستانی باشوور، لە ڕۆژئاوای كوردستانیش دابمەزرێنێ.

٤-توركیە كە لەو ساڵانەی دواییدا هەوڵی داوە كە خۆی دێموكراتیزە بكات و سیمایەكی ئاشتیخوازانە لە خۆی پێشان بدات و ببێتە نموونە بۆ وڵاتانی ناوچەكە، دەتوانێ لەو بیاڤەدا پێشكەوتنی بەرچاو بەدەست بێنێ.

بەڵام ئەگەر توركیە شەڕی داعش نەكات:

١- ئەوكات گومان لە سەر پەیوەندییەكانی نێوان داعش و توركیە زیاتر دەبن و ئەو گومانانە ئەگەریش نەتوانن زۆر كاریگەر بن لە سەر پەیوەندییەكانی نێوان توركیە و ئەندامانی ناتۆ، بەڵام وێدەچێ كاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەكانی نێوان توركیە و هەرێمی كوردستان (هەڵبەت لە ژێر زەخت و گوشاری هێندێك لە هێزە كوردییەكان) هەبێ.

٢- گەلی كورد لە كوردستانی باكوور بێ گومان بە وەڕێخستنی خۆپێشاندانی ناڕەزایەتیدەربڕین، دەتوانن ڕەوشی نێوخۆیی توركیە ئاڵۆز بكەن، كە لە ئاكامدا ئابووریی بەرەو گەشەی توركیە خەساری وێ دەكەوێ.

٣- بێ گومان ئەو كات پرۆسەی ئاشتی یان تێك دەچێ، یان زۆر لاواز دەبێ.

٤- مانەوەی زیاتری داعش لە ناوچەكەدا (ئەگەر هاوكارییەك لە نێوان داعش و توركیەدا هەبێ) ئەوا خەسارێكی زۆر گەورە بە ڕواڵەتی دێموكراتیكی توركیە دەگەیەنێ و بە چەندین هۆیەوە دەتوانین بڵێین كە بەرژەوەندیی ئێران و سووریەی تێدا زەق دەبێتەوە.

هەرچەند كە كاربەدەستانی توركیە لە لایەكەوە لە دژی هەبوونی دەسەڵاتێكی كوردی لە سەر خاكی كوردستانی ڕۆژئاوان و لە لایەكی دیكەشەوە بە ڕاشكاوانە ڕایدەگەیەنن كە دەبێ هاوپەیمانانی ئەوان لە ناتۆدا، لەسەركار لابردنی بەشار ئەسەد بكەنە ئەجێندای كاریی خۆیان و خەون بە نەمانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و دامەزراندنی دەسەڵاتێكەوە دەبینن كە تێدا شۆرای میللیی سوریە و ئەرتەشی ئازاد دەسەڵاتدار بن و كوردیش خاوەنی دەسەڵاتێكی سیاسی و نەتەوەیی نەبێ، بەڵام كارناسانی سیاسی پێیان وایە كە ئەگەر جارێ ئەو داواكارییەی توركیە (واتە هێرش بۆ سەر دەسەڵاتی بەشار ئەسەد) لە بەرنامەی كاری هاوپەیمانانیشدا نەبێ، بێ گومان ڕوونبوونەوەی هەڵوێستی توركیە و ئامادەبوونی توركیە بۆ شەڕی دژی داعش، لە بەرژەوەندیی توركیە و لایەنگرانی ئازادی و دێموكراسی لە ناوچەكەدا دەبێ.

# توندترکردنی سەرکوت و کپکردن لە کوردستاندا

ئیبراهیم قاسمی زادە
و: نسار

دەسبەسەرکرانە بەربڵاوەکان دوابەدوای خۆپیشاندانی نارەزایەتی خەڵك لە شارەکانی کوردستانی ئێران کە بۆ پشتیوانی خۆڕاگری قارەمانانەی خەڵکی کۆبانێ لە دژی گرووپی تیرۆریستی داعش ئەنجام درا، جارێکی دیکە لاگیری کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و جیهان بە جوانی نیشان دا. ئەنجامدانی ڕێپێوان بۆ نیشاندانی بێزاری لە کاروکردەوە دژە ئەخلاقی و دژە مرۆییەکانی گرووپی تێرۆریستی داعش، لە لایەن خەڵکی ئازادیخواز لە کوردستانی ئێران، هاوشان و هاوکات کوردستان بە پێداگری لە سەر ڕێگەی ئاشتیانە و دادپەروەرانە، بەرابەری، دێموکراسی و لەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ، هەر کام لە ڕێگایەکی بە تەواوەتی جیا لە یەکتر هەنگاویان هەڵدەگرت. لەو ڕۆژەوە دوو بەرەی ستەم و عەدالەتخوازی لە بەرامبەر یەکتر ڕاوەستان و ئەم هەڵویست گرتنە تا هەنووکەیش هەروا بەهێز ماوەتەوە.

لە سالانی ڕابردوودا، هاونیشتمانمان لە کوردستانی ئێران، زۆر جار بە کەڵکوەرگرتن لە گۆڕانکارییەکانی ناوچە و ئەو دەرفەتانەی کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان هاتوونەتە پێش لەگەڵ دەربڕینی پشتیوانی لە هاوزمانەکانیان داواکارییە سیاسی و نەتەوەییەکانی خۆیشیان هێناوەتە بەر باس. ترسی ڕێژیم لە هاتنە بەرباسی ئەم داواکارییانە بووەتە هۆی ئەوەیکە بە شێوەیەکی بەتەواوی ئامانجدار و تەنیا چەند ڕۆژ پێش لە ١ی نوامبر لە گرتووخانەی ورمێ ئەنجامدرا و بەشداریی هێزە سەرکوتکەرەکان لە شەقامەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا زیادی کرد. بەدواداچوون و سزادانی" چالاکانی شوناسخواز"ی کورد لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێران توندتر بوویەوە و هێزە سەرکوتکەرەکان بە هەموو تواناوە هەوڵیان دا پێش لە هاودڵی و یەکیەتی خەڵکی کوردستانی ئێران لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان بگرن. زیاد لەمە لە شارە فرە نەتەوەییەکانی وەك ورمێ، نەغەدە، خۆی، ماکۆ و سەڵماس بەکرێگیراوانی ڕێژیم هەوڵیان دا تاکوو بە بەڕێوەبردنی نمایشە بێ بنەماکانی دژی کورد، لە کردەوەدا ببنە بەربەست لە بیچمگرتنی یەکیەتی نەتەوەیی لە ماوەی سالانی ڕابردوودا، سەرهەڵدانی گرووپە سەلەفییەکان لە بەشێك لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران یان بە واتایەکی دیکە، دروستکردنی گرووپە سەلەفییەکان لە لایەن خودی دەزگا ئیتلاعاتی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە لە شارەکانی کوردستانی ئێران بووە ئامرازێکی نوێ لە دەستی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ سەرکوتی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و دێموکراسیخواز. بە شێوەیەك کە ڕێژیم، بە خەیاڵی خۆی بۆ پێشگیری لە ڕەوتی گەشەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی لە کۆمەڵگا، ئەم بە ڕواڵەت ئامرازەی دۆزییەوە تاکوو بە دانی پوانی کاتی و ئاسانکاری بۆ چالاکی ئەم تۆڕە ئایینییە دەمارگرژە سەلەفییە، لە لایەك داواکاری سەرەکی خەڵکی کوردستان تووشی ئاڵۆزی لە بەرەی خۆی زیاتر ڕاکێشێ و لە دژی کۆماری ئیسلامی چالاکی بکا، ئەندامەکانی سەرکوت، زیندانی و تەنانەت ئێعدامیش دەکرێن.

لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر ئەو سیاسەت پەیڕەو دەکا. بەشداری چالاکانەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە باشووری کوردستان لە ڕێگەی هێزەکانی شێعەی بەستراوە بە دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق، هەوڵدان بۆ دەستێوەردان لە بزووتنەوەی کوردستان لە ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان و چالاکی بەربڵاوی پرۆپاگەندەیی بۆ وانیشاندانی پشتیوانی لە کوردەکانی بەشەکانی دیکە هەر لەمەوە هەڵدەقوڵێ. بەڵام خەڵکی کوردستانی ئێران ساڵانێکە ڕووی دوودڵیکیان نەبێ.

لەو ڕۆژەوە تاکوو ئێستا کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك بەکرێگیراوی ڕۆژئاوا و دوژمنی سوێندخواردووی خۆیان سەیری نەتەوەی کورد دەکەن. بۆ ئەوان جیاوازییەك لە نێوان کوردی ئێران، یان کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان نەبووە و نییە، بەڵام ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجە دژە کوردەکانیان هەرجارەو لە فێڵێك کەڵکوەردەگرن. گۆڕانکارییەکانی ئەم دوواییانە، بەتایبەت هەڵوێستگرتنی کۆماری ئیسلامی لە دژی خۆپیشاندانەکانی پشتیوانی لە کۆبانێ، دژایەتی لەگەڵ ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ پشتیوانی لە هاوخەباتەکانیان لە کۆبانێ و دژایەتی توند لەگەڵ پشتیوانی هێزە هاوپەیمانەکان بە تایبەت ئامریکا



لەگەڵ نەتەوەی کورد لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان و ئازادیخوازانی هەموو جیهان، بووە هۆی ئەوەیکە ڕێژیمی ئێران جارێکی دیکە لە هەموو شارەکانی کوردستان فەزای پولیسی و فەزایێکی داخراو دروست بکا. بە شێوەیەك کە لە بەرەبەری ١ی نوامبر ڕۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ خۆڕاگری کۆبانێ، هەموو شارەکانی کوردستانی ئێران، بە تەپ و تۆزی بەربڵاوی هێزە پاسدار و بەسیجییەکان داپۆشرێ.

کۆماری ئیسلامی هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتایی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ئێراندا، بە گرتنە بەری سیاسەتی گرژی و ئاڵۆزی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان، بە کردەوە لە بەرامبەر بەرەی دێموکراسیخوازی و پێشکەوتوو ڕاوەستا. لەوەیکە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان، بە بەها ئەخلاقی، مرۆیی، مرۆڤدۆستانە و مەدەنییەکانی وەك بەرەبەستی سەرەکی لە بەرامبەر ئامانجە فراوانخواز، دواکەتنخوازانە، خەیاڵی و دژەبەهاکانی حاکمانی ئێران ڕاوەستا، کوردستان چووە سەرەوەی پێرستی بەرنامە سەرکوتکەرانەکانی ڕێژیم. کۆماری ئیسلامی و هاوپەیمانانی هاوفکری بە توندکردنی سەرکوت، کپکردن، کوشتار، و بزووتنەوەی هەر کات نیشانەیەك لە بیچمگرتنی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی یان جووڵەیەکی خەڵکی لە کوردستان هەست پێکرابێ هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە خێرای کردەوە سەرکوتکەرانەکانی خۆیان لە هەموو کوردستان دوو قات دەکەنەوە.

لە بەرەبەری ڕۆژ جیهانیی هاوپێوەندی لەگەڵ خەڵکی کۆبانێ، هێزە سەکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی تا ئەو جێگەیەی کە توانایان هەبوو هەوڵیان دا بە هەر شێوەیەکی لواو پتانسێلی (وزەی) شۆڕشی کوردستانیان بە قازانجی ئامانجەکانی خۆیان ئەندازیاری بکەن. کاتێك کە لەم کارەدا سەرکەوتوو نەبوون، ئەمجارە هەوڵیان دا پێش لە گردبوونەوەی خەڵك بگرن. لەم ڕووەوە هاوکات بە ڕاگەیاندنی بڕیاری ئازادیخوازانی جیهان بۆ پشتیوانی جیهانیی لە کۆبانێ و پێش ئەوەیکە حیزبە سیاسییەکانی کوردی ئێران و لە سەرەوەی ئەوان حیزبی ئێمە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوی پشتیوانی بەربڵاو لەم کردەوەیە بڵاو بکاتەوە، لە کوردستانی ئێران سەرکوتی چالاکانی مەدەنی گەیشتە ترۆپکی خۆی. بەرنامەی ئێعدامی گرووپێك لە مەحکوومکراوە کوردەکان لە گرتووخانەکانی ڕێژیم، دژی جینایتکارانی داعش.

هاوکات هێزەکانی سپا و بەسیج لە بەشێك لە شارەکانی کوردستان بە دانانی دووربینی خولگەداخراو لە کافی نێتەکاندا، هەوڵیاندا کە فەزای گشتی هەرچی زیادتر کونترۆڵ بکەن و بێدەنگی زاڵ بەسەر کۆمەڵگا دوو قات بکەنەوە. لە لایەکی دیکەوە بە دەسپێکی شەپۆلی نوێ لە سەرکوتی گشتی و پێشگیری لە کەڵکوەرگرتنی خەڵك لە سەتەلایەت و بەهێزکردنی فیلتێرینگی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵیاندا پێش لە ڕێکخستنی نارەزایەتییە خەڵکییەکان لە پشتیوانی لە کۆبانێ بگرن.

کاتێك کە هیچ یەك لەم کردەوە سەرکوتکەرانەیە نەیتوانی خەڵکی خەباتگێڕی کوردستانی ئێران لە بەڕێوەبردنی خۆپیشاندانەکان لە پشتیوانی لە خۆڕاگری کۆبانێ ڕاوەستێنێ، ڕێژیم ڕوویکردە کردەوەیەکی نوێ بەڵام کۆن و هەمیشەیی، ئەویش کەڵکوەرگرتن لە هاوفیکرانی داعش لە کوردستان واتە گرووپە سەلەفییەکان. ڕەوتێك کە هەر لە سەرەتاوە بێ ئاکام هاتە گۆڕەپانی سیاسی کوردستانەوە و هیچکات نەیتوانی پێوەندێکی نزیکی ئەم دوو هێزە ئەهریمەنییە لەگەڵ یەکتر بشارێتەوە.

بکات و لە لایەکی دیکەوە ڕووخساری مافویستانەی بزووتنەوەی کوردستان لە جیهان بە لاڕێدا بەرێت.

کۆماری ئیسلامی بە هەڵویستێکی دوولایەنە، ئەم جووڵە دەمارگرژانەی ڕێنوێنی کرد و ئاراستەی کرد و ئەوی خستە کونترۆڵی تەواوی خۆیەوە تا هەرکات پێویست بوو ئەوی لە دژی بزووتنەوەی کوردستان بەکار بێنێ. بە شێوەیەك کە تا ئەوجێگایەی کە ئەم گرووپە تەنیا سەرقاڵی ئەندامگیری لە نێو لاوانی کورد بە مەبەستی بەکارهێنانی ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی دابێ و پشتیوانیانی لێ کرد. بەڵگەکان بە ڕوونی نیشان دەدەن کە ئەو دەستە لە گرووپە سەلەفییەکان کە تەنیا جەختیان لەسەر ڕاکێشان و ناردنی ئەندامە بە ناو موجاهێدەکان بۆ شەر لە ئەفغانستان، کوردستان ( بە دڵنیاییەوە لە دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کورد )، یەمەن، سۆماڵی و... بێ، زۆر کەم لەگەڵ هێزە ئەمنیەتییەکان تووشی کێشە دەبن و تەنانەت لە هاوکارییە بەرفراوانەکانی سوپای پاسدارانیش کەڵك وەردەگرن. زۆریەك لەم هێزانە بۆ جیهاد دەنێردرێنە ئەفغانستان یان کوردستانی عێراق و سووریە و هەندێك لە ئەوان هیچ کات ناگەڕێنەوە. بەڵام کاتێك کە ئەم گرووپە بیهەوێ کە پێ ڕاستقینەی کۆماری ئیسلامیان بۆ دەرکەوتووە و پەردەیان لە سەر لابردووە و هەموو فێل و تەڵەکەکانی کۆماری ئیسلامییان لە سەرەتاوە ئاشکرا کردووە چوونکە خەڵکی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ و فتوای جینایتکارانەی خومەینیان کە لەودا بڕیاری سەرکوتی هۆڤانەی خەڵکی کوردستانی دابوو لە بیرناکەن. لەو ڕۆژەدا خومەینی، هێزەکانی ئەرتەش، پاسدارەکان و بەکرێگیراوانی هاوڕێ لەگەڵ دوو جین دادوەری دڵڕەق و دواکەوتوو بە سەرپەرەستی ئاخووند خەڵخاڵی بۆ بەڕێوەبردنی حوکمی جیهاد لە دژی خەڵکی کورد ناردە کوردستان. خومەینی جیا لە تۆمەتبارکردنی بێ بنەمای ئەوەیکە خەڵکی کوردستان بەکرێگیراوی ڕۆژئاوان، تاوانی سەرەکی ئێمەی " دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی" و " بایکۆت کردنی ڕیفراندۆم" ڕاگەیاند و هەر بەم هۆیە ویستی بۆ هەمیشە نەتەوەی ئێمە سەرکوت بکا. ئەو هەروەها بە نووسینی ڕەستەی" دژبەرانی ئیسلام کە دەیانهەوێ وڵات بەرەو کوفر بەرن، دەبێ ڕیشە کێش بکرێن" بەستێنی جنایەتێکی بەربڵاوی بۆ دوژمنان لە کوردستان هێناگۆڕێ تاکوو ئەوان لە ئێعدام و بومبارانی گوند و شارەکانی کوردستان هیچ لە خەباتی ڕەوای کورد بە دروستی ڕوخساری دژەکوردی کۆماری ئیسلامی و ترسی ئەوان لە خەڵکی کوردستانی نیشانی جیهان دا.

نوێترین نموونەی ترسی ئێران لە خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران و حیزبە سیاسییەکان لەم بەشە لە خاکی کوردستان سەرکوتی خەڵك، بەتایبەت شارەکانی کرماشان، سنە، بۆکان و ورمێ بوو کە دوای کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ ئاوارەکانی کوردی ئیزەدیی لە کێوەکانی شەنگاڵ و کوردەکانی سووریە و دوابەدوای دووایین خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی لە کۆبانێ ئەنجام درا. بەرپرچدانەوەی نامرۆڤانەی هێزەکانی سپا و بەسیج لە بەرامبەر جووڵە نارەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران، جارێکی دیکە ترسی ڕێژیم لە جووڵەی خەڵکیی و چالاکی حیزبە سیاسییەکان، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی نیشان دا. چوونکە ڕێژیم نیگەرانی ئەوەیە کە قەیرانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دێر یان زوو بەرۆکی دەسەڵاتدارانی تارانیش دەگرێ و لەوەها دۆخێکدا بەتەواوەتی ڕوونە کە هێزی پێشرەوی بزووتنەوەی گۆڕانخواز لە ئێران بزووتنەوەی کوردستان دەبێ.

# ڕەوشی قوتابی و قوتابخانەکان لە سێبەری ڕێژیمی ئێراندا

**ناسر ساڵحی ئەسڵ**

١٣ی خەزەڵوەری هەموو ساڵێك، دەسەڵاتی ناڕەوا و فریوکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بۆنەی داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران و ڕۆژی قوتابی، قوتابیانی قوتابخانەکان لە ئێران و کوردستان بە زۆرەملێ بەرەو شەقامەکان ڕاکێش دەکا و بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی بیر و هزری قوتابیان بە دروشمگەلێکی بێ مانا، قوتابیان و خوێندکاران بە دژ ئامریکا و ڕۆژئاوا هانی دەدا. لەو ڕۆژەدا مامۆستایان و قوتابیان دەکرێنە ئامانج، بۆ داپۆشینی ئاکار و کردەوە بێ مانا و بێ بنەماکانی کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بە لاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی جیهان، قوتابیان و مامۆستایان ناچار دەکرێن بێنە سەر شەقام، بەڵام زۆربەیان لە یەکەم دەرفەتدا خۆیان لە ڕێپیوانی زۆرەملێ دەدزنەوە. هەر بۆیە ئەزموونی نزیك بە چوار دەیە لە دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا نیشانی داوە کە زۆربەی بەرنامە و پلانەکانی بۆ قوتابیان، یان سەرچاوەی کتێبە دەرسییەکان لەگەڵ زاتی فیر بوون و بارهێنانی قوتابیان نامۆن و ئەم بابەت و نێوەڕۆکانە ناتوانن بۆ درێژەدان بە خوێندن قوتابیان دڵخۆش یان هاندەرێکی گۆنجاو بێ. هەر بۆیە ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن، بە هۆی نەبوونی پەروەردەی سالم، شوێنی پێویست بۆ خوێندن، ئەمنییەتی کردنی قوتابخانەکان، بوونی ماددە هوشبەرەکان لە قوتابخانەکان، بە تایبەت لە پارێزگاکانی کوردستانی ئێران زیادی کردووە. لە لایەکی دیکەوە خراپیی بینای قوتابخانەکان کە پێویستییان بە نوێژەنکردنەوە هەیە، سیستمی گەرمکەرەوەی کەلاسەکان بە سۆبەی نەوت کە کارەساتی قوتابخانەی شیناویی پیرانشاری لێکەوتەوە، ترس لە ناوچە مین ڕێژکراوەکان لە گوندەکانی کوردستان کە ڕۆژانە کارەساتی دڵتەزێنی لێ دەکەوێتەوە، هوکارێکی دیکەن بۆ دابەزینی ئاستی خوێندن لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. بە پێی ئامارەکانی خودی ڕێژیمی ئێران زۆربەی قوتابخانەکانی پارێزگاکانی کوردستانی ئێران پێویستییان بە نوێژەنکردنەوە هەیە. بە پێی ئامارەکان لە پارێزگای ورمێ ٤٧٥٠ قوتابخانە و لە پارێزگای سنە١٢٦٨ قوتابخانە و لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام زۆربەی قوتابخانەکان پێویستیان بە نوێژەنکردنەوە هەیە. ئەوە لە کاتێکدایە سەرمایە و داهاتی نەوت لە ئێران بۆ بنکە ئەتۆمییەکان و چالاکیی و پاڵپشتیی گرووپە تێرۆریستییەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران تەرخان دەکرێ و لە ئەسڵی ٣٠ی یاسای بنەڕەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییدا هاتووە: "دەوڵەت ئەرکدارە پێداویستییەکانی پەروەردە و بارهێنانی بێ بەرانبەر بۆ هەموو خەڵك هەتا کۆتایی قۆناغی دواناوەندی دابین بکات و خوێندنی باڵاش هەتا ئاستی خۆبژیویی وڵات بە شێوی بێ بەرانبەر پەرە پێ بدات".

هەنووکە لە ئێران و کوردستاندا سیاسەتێکی ئەمنیەتی و مێتودێکی سەدە نێوەڕاستیی بە سەر کەش و هەوای قوتابخانەکاندا زاڵە. ئامانجدار کردنی نێوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکان بە بیرۆکەی دوگمی ئیدئۆلۆژی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەن وەزارەتی پەروەردەو ڕاهێنانەوە، تەنیا لە پێناو بەهێزکردنی ئیدئۆلۆژی دوگم و بەرتەسکی دەسەڵاتی داسەپاو و دوور خستنەوەی قوتابیان لە گەیشتن بە ئامانجە سەردەمییەکانە. هەروەها ڕاکێشانی زۆرەملێی قوتابیان بۆ پڕکردنەوەی فورمی بەسیجی قوتابی لە قوتابخانەکاندا و بڵاوکردنەوەی هەمووجۆرە ماددەیەکی هوشبەر لە لایەن دەست و پێوەندەکانی ڕێژیمەوە لە قوتابخانە و زانستگاکاندا لە کردەوە دزێوانەکانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە، بۆ ئەوەی لە لایەك بیر و هەستی قوتابییان لە هەستی نشتمانپەروەری و ئازادیخوازی و مافویستی بەتاڵ بکەنەوە و لە لایەکی دیکەوە قوتابیان گوێڕایەڵی سیاسەتەکانی خۆیان بکەن تا هەر دەم لە چالاکییەکانی ڕێژیمدا، وەك ڕێپێوانە حکوومەتییەکان کەڵکیان لێ وەربگرێت یان بیری سەدە ناوەڕاستی خۆیان لەنێو ئەم توێژە ڕوو لەگەشەیەدا بڵاو بکاتەوە. هەرەوەها لە قوتابخانە و زانستگاکاندا سەرەڕای هەموو ئەو کارانەی کە هێمایان بۆ کرا، ڕێژیم بە وەڕێ خستنی گەشتیی مەزهەبی بەناوی ڕاهیانی نوور بیری مەرگ و شەڕ و قین و مردوو پەرەستیان لە نێودا پەرە پێ دەدات. هەر بۆیە ساڵانە بە دەیان قوتابی و خوێندکار لەم ڕێگایەدا بە هۆی پێکدادانی ئۆتۆمۆبیل یان وەرگەڕان، گیان لە دەست دەدەن.



لە لایەکی دیکەوە کاربەدەستانی پەروەردە و بارهێنان، ئەنجومەنی بنەماڵەی قوتابخانەکانیان، تەنیا بۆ دابین کردنی پێداویستیی قوتابخانەکان لە ڕێگای وەرگرتن و کۆکردنەوەی پارەی زۆرەملێ لە بنەماڵەی قوتابیان بەکار دێنن. هەر بۆیە لە دەسپێکی ساڵی خوێندنەوە بەرپرسانی ئیدارەکانی پەروەردە و بارهێنان لە پارێزگاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات سەرەڕای ئەوەیکە توانای دابین کردنی ئیمکاناتی پێویستیان بۆ خوێندن و قوتابخانەکان نییە، بە مەبەستی دابین کردنی سووتەمەنی و پێداویستییەکانی قوتابخانە، بەرپرسانی قوتابخانەکانیان ئاگادار کردووتەوە کە پارەی زۆرەملێ بە بڕی ٥٠ تا ١٠٠ هەزارتمەمەن لە بنەماڵەی قوتابییەکان وەرگرن. بەڵام بەشێکی بەرچاو لە بنەماڵەی قوتابییان بە هۆکارەکانی وەکوو گوشاری ئابووری، کەمی داهات و هەژاری، ناتوانن ئەو بڕە پارەیە بدەن و بەو هۆیەوە قوتابییانی قوتابخانەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ مەترسی دەرکران یان بێبەش بوون لە خوێندن بەرەوڕوو دەبنەوە. لە لایەکی دیکەوە بەشێکی زۆری قوتابیان و بە تایبەت قوتابیانی گوندەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، وانەکانیان لە بینا پێش ساختەکان (کانیکس) کە جێگا و ڕێگای بۆ خوێندن و بارهێنانی قوتابیان تێیدا نییە، دەخوێنن. هەروەها ئەو جورە قوتابخانانە لە ئیمکاناتی پەروەردە و ڕاهێنان، ئیمکاناتی وەرزشی، سرویسی بێهداشتی ستاندارد، حەسار و ڕێگا و بان بێبەشن. بۆ ساڵی خوێندن ١٣٩٣-٩٤ی هەتاوی، سەرانەی خوراکی هەر قوتابییەك لە ناوچە بێبەشەکان و گوندەکان ٩٠ هەزار تەمەنە کە تا ئیستا ئەو بڕە پارەیە لە لایەن بەرپرسانی پەروەردە و بارهێنان بە قوتابیانی ئەو ناوچانە نەدراوە. ئەم هۆکارانە و زۆر هۆکاری دیکە وای کردووە کە لە ئاستی خوێندندا پارێزگاکانی کوردستانی ئێران (ئیلام، کرماشان، سنە، ورمێ) لە ڕیزبەندی نەخوێندەوارترین پارێزگاکانی ئێراندا جێبگرن. پەروەردە و بارهێنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، هیچکات هەوڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابی و قوتابخانە نەداوە و تەنانەت زۆر جار یاسا و ڕێساکانی خۆیشی لەمەڕ پەروەردە و بارهێنان ڕەچاو ناکات و بگرە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆی ڕێخۆشکەر و هۆکاری سەرەکیی دواکەوتوویی پەروەردە و بارهێنانە بە تایبەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

# چەواشەکاری و شاردنەوەی راستییەکان لە پێناو چی دا؟

**عارف وەڵزی**

ماوەیەکە مژاری لایەنگری یان خود شکانەوەی کاناڵەکانی تلفزیۆنی "دەنگی ئامریکا" و "بی بی سی" و تا ڕادەیەك "یۆرۆنیوز" بە لای کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت بەرەی پاوانخوازی نێو دەسەڵاتی ئەم وڵاتەدا، بۆتە ڕۆژەڤی هەندێك لە میدیاکان و تەنانەت هەندێك ناوەندی بڕیاردانی گرینگیشی وەك کۆنگرەی ئامریکایش هێنایە سەر خەت، تاکوو بتوانن لە بەرانبەر هەوڵە ئامانجدارەکانی ئەم ناوەندە هەواڵدەرییانە ڕاوەستن و ڕێگر بن لە چەواشەکردن و شاردنەوەی ڕاستییەکان.

چەواشەکردن و سیاسەتی ڕێگە خۆشکردن بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ئەم کاناڵەوە، ئێستا گەیشتۆتە جێگایەك کە ڕۆژی ٢٣ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٣ هەتاوی، ٩ کەس لە نوێنەرانی کۆماریخواز و دێموکراتی کۆنگرەی ئامریکا، لە نامەیەکدا بۆ "جان کێری" وەزیری دەرەوەی ئەم وڵاتە، داوایان کرد کە لێکۆڵینەوە لەمەڕ بەڕێوەبەریی خراپ و شکانەوەی دەنگی ئامریکا(کە بە زیاتر لە ٤٥ زمانی دونیا بەرنامە بڵاو دەکاتەوە) بەرەو لای کۆماری ئیسلامیدا بکرێت. ئەم کۆنگرێسمەنانە هەروەها ڕایانگەیاند کە، بڕیار وابوو دەنگی ئامریکا لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری ئامانجدارەوە، هەوڵی بەرەوپێشبردنی ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا بدات، بەڵام ئێستا نەك هیچ هاوکارییەکی بۆ ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ لەم وڵاتەدا نەکردووە، بەڵکوو تەنانەت خەساریشی بە مافی مرۆڤ لە ئێراندا گەیاندوە. لە بەشێکی دیکەی نامەکەدا هاتووە کە تەنیا لە یەك ساڵی یەکەمی سەرکۆماریی حەسەن ڕۆحانیدا ٩٠٠ کەس لە ئێراندا لە سێدارە دراوەن، کەچی لە دەنگی ئامریکادا تەنیا هێمای بۆ بەشێکی کەم لەو ئیعدامانە کراوە.

بە لەبەرچاو گرتنی سکاڵای ئەم کۆنگرێسمەنانە، ئەگەر بێین و پێداچوونەوەیەك بە بڵاوکراوەکانی کاناڵەکانی دەنگی ئامریکا و بەتایبە بی بی سی بکەین، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە ستراتێژی میدیایی و درێژخایەنی ئەم ناوەندە هەواڵدەرییانە، لە ڕاستای بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆماری ئیسلامیدا دەخولێنەوە و لە خزمەتی هەندێك کەسی ناوەندخواز دان کە دووره دیمەنییان، نیشاندەر و سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە لابی و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامین.

لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە چەواشەکاری و شاردنەوەی ڕاستییەکان لە لایەن ئەم کاناڵە میدیاییانەوە داڕێژراو و سیستماتیك دەکرێت. واتە یان بە سەهو یان بە ئەنقەست بە شێوەیەکی ورد و پۆلێنبەندی کراو و لە ڕاستای بەرەوپێشچوونی سیاسەتەکانی ئەم دەسەڵاتە دژی گەلییە کار دەکەن، بەو هیوایە کە سیاسەتی میدیاییان بتوانێت سەرەتا کاریگەری ئەرێنی بۆ کپکردنی دەنگی نەیارانی دەسەڵات لە نێوخۆی ئێران بێت و دواتریش هاوکێشە سیاسییەکانی دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە بە قازانجی کۆماری ئیسلامی بقۆزێتەوە.

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش کە لایەنگری کردن لە کۆماری ئیسلامی لەسەر ئاستی دەرەوە، لە پشتی سیاسەتی ئەم کاناڵانە خۆی دەنوێنێ، دەتوانین هێما بۆ ئەوە بکەین کە لە بەرنامەکانی خۆیاندا هەمیشە بە شێوەیەکی چەواشەکارانە و هەڵخەڵەتێنەرانە باس لە دانووستانە ئەتۆمییەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا دەکەن و هەروەها کەمترین هێما بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری وڵاتانی دیکە و پشتیوانی لە تیرۆریزم دەکەن و هاوکات بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕۆژەڤی وڵاتانی سووریە و لوبنان و غەزە کە هاوپەیمانی ستراتیژیکی ئێرانن لە ناوچەکەدا، سانسۆر دەکەن و یەکلایەنە دەیانگوازنەوە و چاوپۆشی لە هەموو جینایەتەکانیان دەکەن.

هەروەها لەهەمبەر نێوخۆی ئێرانیش سیاسەتی "بی بی سی و دەنگی ئامریکا" و هەندێك کاناڵی دیکە، سیاسەتی ڕووماڵ نەکردنی مژارەکانی پێوەندیدار بە مافی نەتەوە و کەمایەتیەکانی نێوخۆی ئێران و جیاوازی دانانی توندی نەژادی و فەرهەنگی و دینییە لە نێوانیاندا. ئەوەی کە جێگای سرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە سیاسەتی ئەم کاناڵاتە لە هەمبەر نێوخۆی ئێرانیش، سیاسەتی زەقکردنەوە و گرینگیدان بە پارێزگا فارس نشینەکان و بە گشتی بە فارس نیشاندانی نەتەوەکانی ئێران و هەروەها، پەراوێزخستن و گرینگی نەدان بە بابەتەکانی پێوەندیدار بە نەتەوە جیاوازەکان و هەرێمەکانیان و لە سەرووی هەموویان نەتەوەی کوردە.

چاوپۆشی کردن لە کوشتنی ڕۆژانەی خەڵکی هەژار و کەمداهاتی کوردستان لەسەر سنوورەکان، لەسێدارەدانی شۆڕشگێڕانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە بیانووی جۆراوجۆر، دەستبەسەرکردنی ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگی و سیاسی، بێبەشکردنی کوردستان و نەتەوەی کورد و ناوچە و نەتەوەکانی دیکە لە سەروەت و سامانی وڵات، مافی مرۆڤ و لە تازەترینیاندا تیزاب پڕژاندنەکانی کوردستان بە گشتی و چەند مانگ پێشی کرماشان بەتایبەتی و لە بەرانبەردا زەقکردنەوەی تیزاب پڕژاندن لە شاری ئیسفەهان، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە ئەم کاناڵانە سیاسەتی میدیاییان سەرەتا لە خزمەت پاوانخوازەکانی تاران و دواتریش لە خزمەت هەندێك لایەنی شۆڤێنی فارسی ئێرانی دایە.



# حەوتووی جیهانیی داماڵینی چەک و هەوڵی ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی

هیوا میرزایی

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتی هەڵبدەینەوە و سەیرێکی مێژووی شارستانییەت و ژیانی مرۆڤەکان لەسەر گۆی زەویدا بکەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەم مێژووە کە هەنووکە مرۆڤ شانازی پێوە دەکا، بە خوێنی سەدان میلیۆن مرۆڤ نووسراوەتەوە و لە هەموو قۆناخەکانی مرۆڤایەتیدا شەڕ و کوشتار لەم مێژووەدا باڵادەست بووە. هۆکاری بەشێکی زۆری شەڕ و کوشتارە مێژووییەکان و ناکۆکی و شەڕەکانی سەردەمی ئێستاش دەگەڕێتەوە بۆ هێژمونی خوازی و بەرژەوەندیخوازی بەشێك لە مرۆڤ و نەتەوەکان و هەستی باڵادەستی و داگیرکاری ئەوان. بۆیە هەر گەل و نەتەوەیەك لە بواری حەشیمەت و کەرەستە و تکینیکەکانی شەڕ شارەزایی و دەوڵەمەندتر بووبایەت بێگومان براوەی شەڕەکان دەبوو.

دوو شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیی کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٤ تاکوو ١٩٤٥ ڕوویاندا دەتوانن نموونەیەکی بەرچاو بن بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی لایەنەکانی شەڕ و کاریگەری و ئاسەوارەکانی شەڕ لەسەر مرۆڤ و ژینگە و دابەشبوونە سیاسییەکانی جیهان و هەوڵی ولاتان بۆ پڕچەك بوون و کەڵکوەرگرتن لە کەرەستە مودێرن و کۆمەڵکوژەکان لە شەڕەکاندا. کەرەستەگەلێك وەك بۆمبی ناوکی، بۆمبە میکرۆبییەکان، گازە ژەهراویی و مەرگهێنەرەکان و... بوونە جێی کێبەرکێی وڵاتە زلهێزەکان و بازاڕگەرمی بۆ کارخانە و کۆمپانیا چەکسازییەکانی جیهان و هەر ئەمەیش وای کرد کە وڵاتانی نابەرپرس و دیکتاتۆر و یاخی لە کۆمەڵگا بتوانن دەستیان بەم چەکانە ڕابگا و خەڵك و نەتەوەکانی دیکەی پێ بترسێنن و لە هێندێك حاڵەتیشدا بە دژیان بە کاری بێنن کە نەتەوەی کورد یەکێك لە قوربانیانی ئەم جۆرە چەکانەیە و ڕێژیمی ڕووخاوی سەدام حوسێن لە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی توانی تراژیدیای هەڵەبجە لە باشووری کوردستان و سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێ بخوڵقێنێ و بەم کارە بوو بە هۆی شەهیدبوونی هەزارن کەس لە نەتەوەی کورد و جیهانیش لەو کاتەدا لە هەمبەر ئەم جینایەتەی ڕێژیمی بەعس بێدەنگ مایەوە.

یەکێك لە ئامانجەکانی پێکهاتنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکهێنانی ئاشتی و تەناهی و دروست کردنی کەشێکی هێمن و ئارام لە نێوان وڵاتان و دەوڵەتەکانە. هەر بەم بۆنەیە ئەم ڕێکخراوە هەموو ساڵێك لە ڕێکەوتی ٢٤ تا ٣٠ی ئۆکتۆبری وەك حەوتووی داماڵینی چەك دەستنیشان کردووە تاکوو خەڵك و دەوڵەتەکان لە شوێنەوارە نەگتیڤ و خراپەکانی چەکە کۆمەڵکوژەکان و هەموو ئەو چەکانەی کە مرۆڤی پێ لە نێو دەبرێت، ئاگادار بکرێنەوە.

لە سەردەمی ئێستادا کە تێروریسم لە پەرەگرتندایە و چەند وڵاتێکی دیاریکراو هەوڵی پڕچەك کردنی ئەم گرووپانە دەدەن، دیاری کردنی ئەم بۆنەیە گرینگییەکی تایبەتی هەیە و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش یەکێك لەو وڵاتانەیە کە بەردەوام لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاوایی و دەوروبەر بە پشتیوانی تێرۆر و گرووپە تیرۆریستەکان ناسراوە و لە ماوەی دەسەڵاتداریی خۆیدا بەردەوام و بە ئاشکرا پشتیوانی لە گرووپگەلێکی وەك حیزبوولڵا لە لوبنان و حەماس لە فەلستین و حووسیەکانی یەمەن و لە هێندیك حاڵەتی دیکەدا پشتیوانی شاراوەی لە گرووپی تێرۆریستی ئەلقاعیدە و ئەو گرووپانەی کە سەر بە ئیدۆلۆژی و قوتابخانەی فیکری ئەلقاعیدەن کردووە و لە دەیان حاڵەتدا چەك و چۆڵی سەربازیی ئێران لە کاتی ناردن بۆ ئەم گرووپانە لە لایەن دەوڵەتەکانی دیکەوە دەستی بەسەردا گیراوە.

کۆماری ئیسلامی ئێران جیا لە پڕچەککردنی لایەنە تیرۆریستییەکان، خۆیشی هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوکی دەدا و ئەم کردەوەی کۆماری ئیسلامی بووەتە هۆی کێشە و ئاریشەیەکی جیهانی و زۆر جار لە لایەن ڕێکخراوی ئاژانسی ناوکیی مەحکووم کراوە و هەروەها بۆ لاوازکردن و پابەندبوونی ئەم وڵاتە بە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان تووشی گەمارۆی ئابووری بووەتەوە. هەر چەند کۆماری ئیسلامی بەردەوام نکۆڵی لەوە دەکا کە لە هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوکیدایە بەڵام بەهۆی ترسێك کە ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆرە لە مانەوەی خۆی هەیەتی و هەروەها بۆ باڵادەست بوونی سیستم و ئیدۆلۆژی خۆی لە ناوچەکە و جیهان و ئەو پرۆسە شاراوایە کە لە وزەی ناوکییدا هەیەتی شیمانەیەکی زۆری لێدەکرێ کە پرۆسەیەکی شاراوەی بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی هەبێ و لە دوایین لێدوانی سووزان ڕایس ڕاوێژکاری ئەمنیەتی نەتەوەیی ئامریکا هاتووە کە: "ئێران وڵاتێکە کە پشتیوانی تیرۆریزمە و بۆ ناسەقامگیرکردنی وڵاتانی جیران و ناوچە، هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوکیی دەدا".

مێژووی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشانی داوە کە ئەم وڵاتە پابەند نییە بە هیچ یاسا و ڕێسایەکی نێونەتەوەیی و هەرکات بۆی کرابێ ئەم یاسایانەی لە بەر بەرژەوەندییەکانی خۆی پێشێل کردووە و دژایەتی لەمێژینەی ئەم وڵاتە لەگەڵ ئیسراییل و هەڕەشە یەك لە دوای یەکەکانی بەرپرسە باڵاکانی ئەم ڕێژیمە لە خاك و دەوڵەتی ئیسراییل و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دیکەی وەك پشتیوانی لە دەوڵەتی دیکتاتۆری سووریە و هاوکاری سەربازیی ئەم وڵاتە لەگەڵ بەشار ئەسەددا بە دژی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە وای کردووە کە متمانەی نێونەتەوەیی لە هەمبەر ئێران کەم ببێتەوە و وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئامریکا بڕوا بە بەڵینەکانی ئێران نەکەن.

# پرژاندنی تێزاب، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسەتێکی پشتی پەردە

شەماڵ تەرغیبی

لە حەوتووی ڕابردوودا، دڵەڕاوکێیەکی نوێ بەرۆکی کۆمەڵگەی ئێران بە تایبەت ژنانی گرتەوە و خەمێکی دیکە قورسایی خەمەکانی دیکەی سەرشانیانی زیاتر کرد. تاقمێك بە ناو مرۆڤی بۆ حکوومەت نەناسراو و بۆ خەڵکی ئێران ناسراو لە زنجیرە پەلامارێکی دڕندانەدا کە تەنیا لە فەلسەفە و ئیدئۆلۆژی داعش ئاسای ئەواندا جێ دەگرێت ،هێرشیان کردە سەر چەند ژنێکی بێ تاوان کە تەنیا سووچی ئەوان بە قەولی سەرانی ویلایەتی"تدبیر و ئومید"، بدحیجابی بوو. پرسی پرژاندنی تێزاب لە کۆمەڵگای ئێراندا ژانێکی نوێ نیە و ناکرێت بە بیاڤی مانایی خوێەوە سنووردار بکرێت. بەڵکوو ئاماژەیەکە لە ستەم و چەوساندنەویەکی هەمەلایەنە و فرەلایەن کە خاوەنی مێژوو و بەگراوەندنی زەینیی زۆرە و هەرجار و بە شێوازێك خۆی دەنوێنێ. چەوساندنەوەیەك کە ڕاستەوخۆ ژنانی ئێران دەگرێتەوە و ناڕاستەوخۆش هەمووکۆمەڵگەی ئێرانی تەنیوەتەوە هەربۆیە لە چەندین ڕەهەندی جۆربەجۆری وەك کۆمەڵناسی ،دەروونناسی، چینایەتی، فیمینیستی، نەتەوایەتی و سیاسیەوە دەکرێ شرۆڤە بکرێت. بەڵام ئەوەیکە جێگەی باسە خستنە ڕووی هێندێك لایەنی شاراوە و نادیاری ئەم خەسارە ترسهێنەرەیە کە لە ئێستادا بووتە مانشێت وسەردێڕی بەشێکی بەرچاو لە ڕاگەیەنە نێوخۆیی و دەرەکییەکان.

بە گشتی ئەوەیکە بە هۆکاری پەرەسەندنی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و یەك لەوان دیاردەی پرژاندنی تێزاب دێتە ئەژمار هەوڵە سازماندراوە و سیستماتیکەکانی ڕژیمی زاڵ بەسەر ئێرانە کە لە ژێر ناوی جۆربەجۆری وەك گەلاڵەی جیاکاریی جینسی ،بەرز کردنەوەی پێگەی بنەماڵە ،سزادانی کەسانی خەتاکار و قەساس و ئیعدام لە پێش چاوی ڕای گشتی جێبەجێیان دەکات و لە ڕاستیدا ئەمانە چەشنێك لە بەیاسایی کردنی توندوتیژییەکانە کە هەم لە باری زەینی و هەم لە باری کردەکییەوە شوێندانەریی نگەتیف لەسەر کۆمەڵ دادەنێ بە واتایەکی دیکە ڕێژیم لە ڕێگەی زەقکردنەوە و گەورەکردنی توندوتیژییەکان و هەوڵ بۆ زیادکردنی ئاست و درێژەی توندوتیژییەکان دەدات و وەك کۆمەڵناسەکان دەڵێن توندوتیژییەکان بەرهەم دێنێتەوە. ڕوون و ئاشکرایە کە هەوڵدان بۆ دوور خستنەوەی ژنان لە بیاڤە جۆراوجۆرەکانی وەك سیاسەت، زانکۆ ،ئابووری ،کۆمەڵایەتی ،بازاڕ و ئیدارەکان بەشێك بووە لەو ڕێوشوێنە بەیاسایی کراوەکەی تاران کە لە ژێر ناوی "زن ستیزی" ناوبانگی دەرکردووە تاکوو بە دروست کردنی ئەم بۆشایی و کەلێنە، دەرەتانێکی زیاتر و لەبارتر بۆ زاڵ کردنی پرسی "پیاو سالاری" بخوڵقێنن تا لەم ڕێگەوە ئەو باوەڕە هەڵە و دژە مرۆییە لە نێو خەڵکدا بچەسپێنین کە ژن مرۆڤێکی بێ توانا ،لاواز ،بێکەڵك و بێئێرادەیە و تەنیا وەك کەرەستەیەك دەبێ کەڵکی لێ وەربگیرێ.

لایەنێکی دیکەی ئەم تراژیدیا خەوتووەی نێو کۆمەڵگەی ئێران کە هەر جارە و لە شوێنێکی ئێران و بە شێواز و مۆدێلێکی نوێ سەر هەڵدەبڕێ، چەشنێك لە ڕەواییدانە بە جێبەجێ کردنی گەڵاڵە و یاساگەلێکی وەك دابینکردنی ئەمنیەتی گشتی و نەزمی ئەخلاقی. دوایین نموونەی ئەم گەڵاڵەنەش دەتوانێ هەمان یاسا ناسراو بە "ێمران بە معروف و ناهیان از منکر" بێت کە لە مەجلیسی ڕێژیمدا کەوتە بەرباس. بەو واتایەکی دیکە باڵە توندڕەوەکانی ڕێژیم لە ڕێگەی نۆکەرە ئالقە لە گوێیەکانیان لەوانە بەسیج و ئیتلاعات و هێزە لیباس شەخسییەکانەوە هەوڵی نائەمن کردنی کۆمەڵگە دەدەن و بە وەڕێخستنی شانتاژی جۆربەجۆر، بێ نۆڕمی و ناسەقامگیری لە نێو جڤاکدا پەرە پێدەدەن تاکوو ڕەواییەکی زیاتر بۆ بەڕێوەبردنی ئەم چەشنە یاساگەلە وەدەست بێنن و بەستێنێکی لەبارتر بۆ زاڵکردنی هێژمۆنیی خۆیان و بەرتەسك کردنی بیاڤی چالاکییەکان بخوڵقێنن و فەزای پۆلیسی و خەفەقان و سانسۆر و گرتن و لێدان زیاتر و زیاتر زاڵ بکەن. هەر بەم پێیەش دەبینین کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو" مەهدیە گوڵڕوو" چالاکی مافەکانی ژنان و ئەندامی کانونی شارۆمەندی ژنان کە لە ڕۆژی ٣٠ی ڕەزبەر لە بەردەم مەجلیسدا وێڕای چەند چالاکێکی دیکە بۆ نارەزایەتیی دەربڕین لە هەمبەر تێزاپاشییەکانی ئیسفەهان کۆبوونەوە؟؟؟؟؟ دەکرێ لە ڕۆژانی داهاتوویشدا ئەم ڕەوتە بەردەوام بێت و بە بیانۆگەلێکی جۆراوجۆر وەك پێوەندی گرتن لەگەڵ وڵاتانی بێگانە و دژە شۆڕش و هتد.. ڕەوتی دەست بە سەرکردنەکان زیاتر بێت.

پرسێکی دیکەی جێگەی تێڕامان ئەو ڕاستییە کە ڕووداوێکی هاوچەشنی ئیسفەهان چەند ڕۆژ پێشتر لە شارێکی وەك کرماشانیش ڕووی دا، ئەوەی بۆچی بەمشێوەیە بە پان و بەرینی باسی لێوە نەکرا؟ یەکەمین وەڵام کە بۆ ئەم پرسیارە لە مێشکدا چەکەرە دەبەستێت چەشنێك لە هەڵاواردنی نەتەوەییە کە لە مێژساڵە دەرهەق بە نەتەوەکانی بندەستی ڕێژیمی تاران ڕەچاو کراوە و ڕچاو دەکرێت. دەنا چ جیاوازییەك کە لە نێوان ئەو ڕووداوانەدا هەیە؟ جگە لەوەیکە لە هەموو حاڵەتەکاندا پەلامار بۆ سەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەدرێت؟

بە گشتی ئەوەیکە هێزی ئینتزامی و لایەنە پێوەندیدارەکان لە ڕۆژانی داهاتوودا وەك دژکردەوە نیشانی دەدەن کە لە گەشبینانەترین حاڵەتدا ئەوەیەکە ڕادەگەێنێت، ئەوەی کە ڕوویدا لە لایەن چەند کەسێکی خودسەرەوە بوو یان پێوەندی بە پرسگەلی شەخسییەوە هەبووە و ئە کەسانەش سزا دەدرێن. بە پێی ئەزمونێکیش کە لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بینراوە، کارەساتەکە لە نێو وادە و بەڵێنە جۆراوجۆر و وتە و ئاخاوتنە دژ بە یەکەکانی بەرپرسان و بە تێپەڕینی کات، مەسەلەکە لە بیر دەکرێت و بەدواداچوونی ئەم دۆسییانە بە کردەوە نامومکین دەبێت.



جووت حەوت

## هەوراز

ئەم مەسەلەی تیزاو پرژاندنەش بە سەروچاوی کچاندا بۆ جارێکی دیکە تواناییەکانی زۆر کەس و لەوانەش لاریجانییەکانی بۆ دۆزینەوەی سەرەداوەکان و خستنەڕووی سێناریۆی جیمز باندی دەرخست. بۆ نموونە دوکتور موحەممەد جەواد ئەردەشیر لاریجانی (کە من نازانم بە منداڵی، دایکی چۆن بانگی کردووە) دەڵێ: "من لایەنگری تیۆریی پیلانگێڕی نیم، بەڵام پێم وایە هەر ئەو وڵاتانەی کە ئەو کچەیان لە شەقامەکانی تاران کوشت (واتە ندا ئاغا سوڵتان) و بکوژەکانیشی ئێستا لە شەقامەکانی لەندەن دەسووڕێنەوە، ئەم کارەشیان کردووە تاکوو بیدەنە پاڵ کۆماری ئیسلامی".

دەبێ شوکرانە ببژێرین کە بەڕێزیان ئەسڵەن باوەڕی بە تیۆریی پیلانگێڕی نیە و زۆر واقیع بین و بە ویژدان تەشریفیان هەس. بەڵام لەگەڵ هەموو واقیعبینییەکەشدا ئەم فەرمایشتانەی کاك محەممەد جەواد ئەردەشیر بەو واتایەیە کە لە شەقامەکانی ئێراندا هەموو وڵاتێك دەسەڵاتی کوشتن و بڕینی خەڵکی هەیە، غەیری خودی کۆماری ئیسلامی نەبێت کە نەك هەر ناتوانێ پێشیان پێ بگرێت، بەڵکوو ناتوانێ دواتر تاوانبارەکانیش بدۆزێتەوە.

ناهەقیشی نیە، پاساودانی ئەو هەموو جینایەت و تاوانەی برادەرانی گومنام کاری حەزرەتی فیلە و پیاو کە بیهەوێ بەرگریی لێ بکات، دەبێ خۆی بۆ نووسینی هەزار جۆر سێناریۆی گاڵتەجاڕی ئامادە بکات.

بۆ نموونە کاتێك کە لێیان دەپرسن فڵانە قەتڵ لە "عەلیابادی کەتوولی تورکەمەن سەحرا" لە لایەن چ کەسێکەوە ئەنجام دراوە؟ لە بەر ئەوەی کە لە شەرعدا "غەیبەت کردن" واتەی قسەکردن لە پشت سەری برادەرانی پاسدار و بەسیج حەرامە، لە جیاتی ئەوەی کە ناوی قاتڵ (واتە سەرهەنگ حاج کازم) بێنن، ناوی وڵاتێکی ئورووپایی (کە باشتر وایە ئینگلیس بێت) لەگەڵ ناوی ئەمریکا (کە وەك پیواز بۆ هەموو چێشتێك بە کەڵك دێت) و چەند وڵاتی وەك تورکیە و ئازەربایجان و عەرەبستان و ئیسراییل و هێندێك جار هەرێمی کوردستانیش ڕیز دەکەن کە گوایە تۆڕێکی سیخوڕیی هاوبەشیان پێك هێناوە و دواتر لە ڕێگەی پاکستانەوە و بە هاوکاریی دەزگای ئیتلاعاتی ئەرتەشی پاکستان و هێزەکانی ناتۆ لە ئەفغانستان لە سنووری بەلووچستانەوە ناردوویانەتە نێو خاکی ئێران بۆ کوشتنی میرزا باقری سەروپێفرۆش. لەم نێوانەدا مووسەوی و کەڕووبی بە فەیسبووکێکی نەناسراوەوە (کە وێنەی کچێکی جوانی لە سەرە) پێوەندییان بە ڕەزا پەهلەوی و یۆرگن هابرماس و ئەنستیتۆی سەهیۆنیستیی جۆرج سۆرۆسەوە گرتووە کە دەمانچەیەکیان لە موجاهیدینی خەڵك بۆ وەربگرێت. دواتر پێنج فیشەکیان لە حیزبێکی تەجزیەتەڵەب کڕیوە و لە ماڵی نەسرین ستوودە دوایین کۆبوونەوەی پێش عەمەلیاتیان گرتووە. لێرەدا کۆماندۆیەکی تایبەت کە جلی وێبلاگنووسی لە بەر کردووە و ناوی خۆی ناوە "ستار بەهەشتی" (بەڵام دواتر بە لوتفی خوا و هەوڵ و کۆششی سەربازانی گومنامی ئیمامی زەمان دەرکەوت کە ئەوە ناوی نهێنیی پوورزای گەورەی ئاندرێس فۆگ راسمۆسن، سەرۆکی پەیمانی ناتۆیە) لە کەرەج دەمانچەکە وەردەگرێت و بە سواری فڕۆکەی سی ١٣٠ خۆی دەگەیەنێتە دارستانەکانی باکووری ئێران و لەوێ بە پەڕەشووت (واتە چەتر) باز دەداتە نێو ماڵی میرزا کووچك خان. پاش خواردنی هێلکەوڕۆنێك لەگەڵ کوچك خان، لە ڕۆژی دیاریکراودا خۆی دەگەیەنێتە عەلیابادی کەتوول و لەوێ بە بیانووی کڕینی سەروپێ، خۆی لە میرزا باقر نزیك دەکاتەوە و لە مەودای ٣٥٠ میترییەوە بە ١٢ گوللەی دەمانچە کە یەکێکیان لە تەوقە سەری میرزا باقری داوە، ناوبراو دەکوژێت. دەستبەجێ برادەرانی گومنام دەگەیەنە شوێنی ڕووداوەکە و لە پلانێکی ئەمنیەتیی بێ وێنەدا بە دەستبەسەرکردنی ناوبراو، پیلانی هاوبەشی دژەشۆڕشی نێوخۆیی و دوژمنانی دەرەکیی نیزام پووچەڵ دەکەنەوە. تاوانبار ماوەیەك دوای دەستبەسەرکران، بۆ ئەوەی کە نهێنییەکان نەدرکێنێ، لە زیندانی ئێڤین بە پیلانی مووساد دەکوژرێت، بەڵام ئێستا هەموو زانیارییەکان لە کن برادەرانە و پاش هێوربوونەوەی دۆخی نیزام و ئینقلاب (واتە پاش ئەوەی کە گوڵە بێتەوە لە کانی) بو ڕای گشتیی ئوممەتی ئیسلام بڵاو دەکرێتەوە.

هەر کەس ئەم ڕاپۆرتەی خوێندەوە و لە دڵەوە پێ نەکەنی، دڵنیام فەرمایشتەکانی موحەممەد جەواد ئەردەشیر وەك دەقی پیرۆز وەردەگریت و گومان لە دروستبوونی ناکات.

ئیتر هەر خۆشیتان.

# بەسیج هێزێکی گەلی یان گۆپاڵێکی سەرکوت

**تەرەغە**

لەنێو هەموو دەسەڵاتە پاوانخواز و چەوسێنەرەکاندا، پێکهێنانی میلیشیا و هێزی نافەرمی سەربازی و ناسەربازی وەک نەریتێک چاو لێدەکرێت. بەواتایەکی تر حکوومەتە دیکتاتۆرەکان بەهۆی ئەوەی کە لەناخی کۆمەڵگا سەریان هەڵنەداوە و هەمیشە دژی ویستەکانی خەڵکن، هەردەم ترس و دڵەڕاوکێیان لە دڵ دایە کە نەکا ڕۆژێک وەبەر شەپۆلی ڕق و قینی خەڵک بکەون و هێزی فەرمی وڵاتیش پاڵ وە پشتی خەڵک بدات و چیتر گوێڕایەڵی فەرمانی ئەربابەکانیان نەبن، هەر لەم ڕووەوە هێزێکی بەکرێگیراوی گوێ لەمست پەروەردە دەکەن و بۆ ڕۆژی مەبادا کەڵکیان لێوەردەگرن؛ فیدایانی سەددام، هێزی تایبەتی بەشار ئەسەد و قەزافی نموونەگەلێکن لەم هێزە بەکرێگیراوانە کە هەنووکە و دوێنێ لە نێو دیکتاتۆراندا بوونیان هەبووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لەسەرەوەی ئەم ڕێژیمە ڕێبەرەکانی کە ڕووی هەموو دیکتاتۆرێکیان سپی کردووە لەم چوارچێوەیە نەچوونەتە دەرەوە و تەنانەت زۆر بەرفراوان تر لە باقی دیکتاتۆران لەسەرەتای ڕژێمەکەیانەوە هەوڵی دروست کردنی گرووپ و هێزی بەکرێگیراوی سەرکوتکەریان داوە بۆ ئەوەی جیا لە هێزی فەرمی وڵات ئەم هێزە نافەرمی و نایاسایانەشیان وەک گۆپاڵێک لەبەردەستی دابێت و هەر جۆرێک کە ویستیان کەڵکیان لێ وەرگرن.

بەسیج یەکێک لەو هێزانەیە کە لەسەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە بۆ پەرە پێدان و بڵاوکردنەوەی کەڵک لە هەموو ئامرازەکان وەرگیراوە.

شێرپەنجەیەک وەک بەسیج لە ڕاستیدا وەک باسکی ڕێژیم لەنێو کۆمەڵگادایە و ڕێژیم بۆ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی بیر و هزری خۆی کەڵکی لێوەردەگرێت. بەسیج ئەو هێزە دەسکردە نایاسایەییە کە بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی ڕێژیم هیچ لەمپەر و سنوورێکی لەپێش نییە و ڕێژیم هەموو ڕێگا و شێوەکانی بۆ ئەم تاقمە ئاوەڵا کردۆتەوە، بە واتایەکی تر کاتێک ڕێژیم بە ئامانجی بەڕێوەبردنی سیاسەتێک بێت بەڵام نەیهەوێت هێزە فەرمییەکانی ئەم سیاسەتانە لە کۆمەڵگا بەڕێوە بەرن یان ترسیان هەبێت لە کاردانەوەی نەرێنی خەڵک لەسەر ڕێژیم، ئەو کاتەیە کە بەسیج بەردەدەنە گیانی خەڵک و کۆمەڵگا و ئەو تاقمە سەرەڕۆ و ملهوڕە بێ وەبەرچاو گرتنی هەرچەشنە، ئەخلاق و یاسا و ڕێسایەک سیاسەتەکانی ڕێژیم پیادە دەکەن، ئەگەر بێت و ڕێکخراوەگەلێکی مافی مرۆڤیش لەهەمبەر کردارەکانی ئەم تاقمە نارەزایاتی دەربڕن ئەوە ڕێژیم بە هێنانەوەی پاساوی ئەوەی کە ئەم هێزە لە نێو خەڵک هەڵقوڵاوە ڕێگای دەرباز بوون لە ژێر گوشارەکان بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.

بە کورتی بەسیج بۆ دەستەبەر کردنی ئەم ئامانجانەی خوارەوە پێک هاتووە.

ئـ- ئامانجی فەرهەنگی ڕێژیم؛ ئەو ئامانجانە لە ڕاستیدا ئەو بەشە لە ویستەکانی ڕێژیم دەگرنەوە کە لەگەڵ هزر و ڕوانگە ئایینییەکانی خەڵک سەروکاریان هەیە. ڕۆڵی بەسیج لەم بەشە لە ویستەکانی ڕێژیم وەک باسکی سەرەکی لەنێو گەڕەک و کۆڵانەکان و ئاواییەکاندایە، بەڕێوە بردنی ڕێوڕەسمی عەزاداری، بەڕێوە بردنی شەوانی دوعا خوێندن بۆ ڕاکێشانی لاوان و تازە لاوان بۆ لای خۆیان، بەڕێوە بردنی بۆنە ئایینییەکانی کە بەنێو جەژن ناویان دەبەن، بەڕێوە بردنی ڕێوڕەسمی بە تەمەنی تەکلیف گەیشتنی کچان کە لەگشت ئەم ڕێوڕەسمانە تەوەرە ئایینییەکە تەنیا بۆ ڕواڵەتی کۆبوونەوەکانە، ئەگینا لەڕاستیدا لە گشت لەم بۆنانە ئامانج باسکردن لە سیاسەتەکانی ڕێژیم و خستنە نێو مێشکی لاوان و تازەلاوانە بۆ ئەوەی کە خامەنەیی ئیمامێکی بەرحەق نیشان بدەن و وای دەخەنە مێشکی بیسەرانیان کە ئەشێ وەک نێردراوێکی خودا و جێنشینی بەرحەقی خودا وایە و هەرچی ئەو بیلێت ڕاستە و نەیارانی ئەو دوژمنی خودانە و ڕەوایە هەموو کردارێک بە دژی نەیارانی خامەنەیی بەڕێوە بچێت، هەر لەم چوارچێوەیەدابوو کە گرووپێک لە لاوانی بەسیجی لە کرمان زنجیرەیەکیان لە قەتڵ و عامی لاوان و خەڵکی بێتاوان وەڕێخستبوو بە بیانووی ئەوەی کە ئەوانە دژی ویستەکانی وەلی فەقیه دەجووڵێنەوە.

سەرەڕای ئەوانە پایەگاکانی بەسیج لەنێو گەڕەکەکاندا وەک چاو و گوێی ڕێژیم هەڵسووکەوت دەکەن و هەرچەشنە جموجۆڵێکی فەرهەنگی وەک کۆڕی شێعر یان کۆڕی مۆسیقا کە بەدەر لە ئامانجەکانی ئەوان بێت بەری لێدەگیرێت. هەروەها پێش گرتن لە کوڕان و کچان لە کۆڵانەکان بە بیانووی نەپاراستنی حیجاب یا دەبەر کردنی جل و بەرگی ڕۆژئاوایی یان گوێ گرتن بۆ مۆسیقای بێگانە و ... کۆمەڵێکی تر لەو کارانەن کە بەسیج لە شار و گوند و کۆڵانەکان بەڕێوەی دەبەن. ئەڵبەتە بۆ کوردستان لەم ڕوانگەشەوە ئامانجەکان لە پێکهاتنی بەسیج جیاوازە، ئەرکەکانی بەسیج لەباری فەرهەنگییەوە لە کوردستان، ڕاکێشانی لاوان و تازە لاوان بۆ ئەم مافیایە و بڵاوکردنەوەی هەمووجۆرە ماددەیەکی سڕکەر، جاسووسی کردن لە خەڵک و بەتایبەت ڕاپۆرتدان لە چالاکە سیاسییەکانی حیزبە کوردییەکان و گرتنی بکەرانی ئەم چالاکییانە، کۆمەڵێک لە کارەکانیانن. لە نێو قوتابخانە و زانستگاکان و ئیدارەکانی ڕێژیمیش ئەم چالاکییانە بەڕێوە دەچێت بەتایبەت لە قوتابخانەکاندا، ئەمڕۆکە ڕێژیم بە هۆی نائاگایی قوتابییەکان بێ ئاگاداری ئەوان و زۆرکاتیش بە زۆری فۆرمی بە بەسیج بوونیان پێ پڕ دەکاتەوە و لە چالاکییەکانی ڕێژیمدا وەک ڕێپێوانە حکوومەتێکان کەڵکیان لێوەردەگرێت یان بیری سەدە ناوەڕاستی خۆی لەنێو ئەم توێژە ڕوو لەگەشەیەدا بڵاودەکاتەوە. هەروەها لەنێو زانستگاکاندا سەرەڕای هەموو ئەو کارانەی کە لەسەرەوە هێمامان بۆ کردوون ڕێژیم بە وەڕێ خستنی گەشتی مەزهەبی بەنێوی ڕاهیانی نوور بیری مەرگ و شەڕ و قین و مردوو پەرەستیان لەنێودا پەرە پێدەدات.

ب- ئامانجە نیزامی و سەربازییەکان؛ تاقمی بەسیج لەڕاستیدا لەبەرە بەری شەڕی ئێران و ئێراق ڕیشەی داکوتا و ڕێژیم پاشان لق و پۆپی پێدا. ڕێژیم لە شەڕی ماڵوێرانکەری ٨ساڵەدا کاتێک کە دیتی لاوان و تازەلاوان بە لێشاو دێن بۆ بەرەکانی شەڕ، کەڵکی لە هەستی ئەم توێژە ئیحساساتیە وەرگرت و بە وورووژاندنی هەستە ئایینییەکانی ئەم توێژە بۆ مەبەستەکانی خۆی کەڵکی لێوەرگرتن، سەرەڕای ئەوە ڕێژیم کە توانایی پەروەردە کردنی نیزامیی ئەم شەپۆلەی لە خەڵک نەبوو وەک سپەرێکی مرۆڤی لە بەرامبەر هێزەکانی ئێراقدا بۆ پاک کردنەوەی مەیدانەکانی مین و شکاندنی گەمارۆی شەڕ کەڵکی لێوەرگرتن و هەر بۆیەش زۆربەی هەرە زۆری کوژراوانی شەڕی ئێران و ئێراق لاوان و تازەلاوانی بێ ئەزموون بوون، بەڵام پاش شەڕ ڕێژیم لەباری نیزامییەوە بە لەونێکی تر کەڵکی لەبەسیج وەرگرت ئەمجارە نە بۆ شەڕ کردن لەگەڵ دوژمنی دەرەکی، بەڵکوو بۆ سەرکوت کردنی دوژمنانی نێوخۆیی و نەیارانی ڕێژیم بە تایبەت وەلی فەقیه کەڵکیان لێ وەردەگرن. سەرکوتی خوێندکاران لە ١٨ پووشپەڕی٧٨، سەرکووتی خوێندکاران لە ساڵی ٨٢ ، کوشتن و سەرکوتی خەڵکی نارازی کوردستان لە هاوینی ساڵی ٨٤ و سەرکوتی خەڵك لە ساڵی ٨٨ کۆمەڵێکی چووکە لەو جینایاتانەن کە ڕێژم لە ڕێگای بە کار هێنانی تاقمە گۆپاڵ بەدەستەکانی بەسیج کردوونی.

سەرەڕای ئەوانە لە کوردستان ڕێژیم لەم تاقمە بۆ هەموو جۆرە عەمەلیات و چالاکییەک دژ بە خەڵکی کوردستان کەڵک وەردەگرێت، گرتنی چالاکانی خوێندکاری و مەدەنی، سیخوڕی کردن لە سەر خەڵک، بڵاو کردنەوەی ماددە سڕکەرەکان و گیرۆدە کردنی لاوان بەم بەڵا ماڵوێرانکەرە، بڵاو کردنەوەی لەش فرۆشی و فەسادی ئەخلاقی لەنێو لاوان، کوشتنی کۆڵبەران، قاچاخی ماددە سڕکەرەکان بۆ باشووری کوردستان، تیرۆری پێشمەرگە و چالاکانی سیاسی کوردستانی ئێران لە باشووری کوردستان کۆمەڵێک لەو ئەرکانەن کە هێزی بەناو بەسیج لە کوردستان بەڕێوەی دەبەن.

ژمارەی بەسیجێکان؛ لە پێوەندی لەگەڵ ژمارەی بەسیجییەکاندا ڕەقمێکی ڕوون و ئاشکرا لەبەردەستدا نییە بەڵام ڕێژیم بۆ ئەوەی هێز و دەسەڵاتی خۆی بەسەر دوژمنانیدا بسەپێنێت و هەروەها بۆ دڵگەرمی وەلی فەقیه هەمووکات ئامارێکی زۆر و زەبەلاح بڵاو دەکاتەوە کە بە سرنجدان بەو پێشینەی کە ڕێژیم لە دانی ئاماری ناڕاست هەیەتی بە دڵنیاییەوە ئاماری ڕێژەی بەسیجییش ڕاست نییە، لە لایەکی ترەوە جیا لەو کەسانەی کە بەدڵ دەچن بۆ نێو بەسیج و باوەڕیان بە ڕێژیم هەیە باقی ئەو کەسانەی کە بەناو بەسیجین یان کارمەندن و بە هۆی لەدەست نەدانی پیشەکەیان بوونەتە بەسیج بەڵام لە کرداردا هیچ باوەڕێکیان بەم تاقمە نییە، یان توێژی قوتابینە و لە زۆربەی کاتەکاندا ئاگاداری ناونووس کرانیان نینە لە لایەن بەرپرسانی ناونووسی قوتابخانە و لە ڕێژەی بەسیج بە حیسێب دێن یان کەسانێکن کە بەهۆی هەژارییەوە ڕوویان کردۆتە ناوەندەکانی بەسیج و بۆ ئەوەی مانگانە مووچەیەک وەرگرن چوونەتە نێو ئەم تاقمە.

باوەڕی خەڵکی کوردستان لە هەمبەر بەسیج: خەڵکی کوردستان هەموو کات ئەو کەسانەی کە خۆیان لە ڕیزی بەسیجدا جێ کردۆتەوە و پەیوەستی ئەم ناوەندە بوونە بە هەر بیانوو و پاساوێک بێت وەک مرۆڤی نیشتمان فرۆش چاو لێ دەکەن و هەموو کات ئەم جۆرە کەسانە لەبەرچاوی خەڵک سووک دێنە ئەژمار و تەنانەت لە وڵامی ئەو کەسانەی کە دەڵێن تەنیا بۆ وەرگرتنی پارووە نانێک چووینەتە نێو ئەم تاقمە و هیچ باوەڕێکمان پێی نییە دەڵێن کە ڕۆژانە بە سەدان و هەزاران تاکی کورد سەربەرزانە لە ڕێگەگەلی شەرافەتمەندانە و بە دژوارترین شێوە خەریکی پەیدا کردنی بژێوی ژیانن و کاری ئەم کەسانەی کە لە ڕێگای بەسیجەوە نان دەخۆن بە چڵکاوخۆری پێناسە دەکەن.

# کێشەکانی بەردەم دێموکراسییە سەرکەوتووەکەی توونێس

**کەیهان یووسفی**

توونێسییەکان، ڕۆژی یەکشەممە، ٥ی مانگی خەزەڵوەر، خولی دووهەمی هەڵبژاردنەکانی پارلمانیان بەڕێوە برد، هەڵبژاردنێك کە تاقیکردنەوەیەکی باش بوو بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو دێموکراسیەی کە بڕیار وا بوو وڵات لە نەهامەتی کێشەکانی سەردەمی دیکتاتۆری بن عەلی ڕزگار بکات.

هەڵبژاردنەکان بێ گرفت و بەدوور لە هەر چەشنە دەستێوەردانێك سەرکەوتنی سێکۆلارەکانی لێ کەوتەوە. پارتی سێکۆلاری نیدای توونێس زیاتر لە ٣٩ لە سەدی کورسییەکانی بەدەستهێنا و پارتی ئیسلامیستی ئەلنەهەزە واتا پارتی دەسەڵاتداری تووشی شکست کرد (ئەلنەهزە توانی تەنیا ٣١ لە سەدی کورسییەکان بەدەست بێنێت).

هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی توونێس، شەڕی نێوان ئایدۆلۆژییەکان نەبوو، داواکاری زۆرینەی توونێسییەکان، سڕینەوەی بێکاری و جێگیرکردنی ئاسایش بوو. سێکۆلارەکان و لەوانە پارتی نیدای توونێس لە ماوەی ئەم یەك ساڵەی دواییەدا دەسەڵاتی ئیسلامیستەکانی بە پێکۆڵ کێشابوو. ئەوان دوای ئەوەی دوو پارلمانتارییان تیرۆر کرا، لە دەسەڵات کشانەوە و نارەزایەتییەکی ئامانجدار و بەپلانیان وەڕێخست. نارەزایەتییەك کە توانی کۆتایی بە تاکڕەوی و ملهوڕی ئیسلامیستەکان بێنێت و کورسی دەسەڵاتیان لێ بسێنێتەوە.

کاتێك لە مانگی مارسی ساڵی ٢٠١٠ و لە یەکێك لە شەقامەکانی ناوچەی بووزەید لە دڵی توونێسا، محەممەد بووزیزی، دەسفرۆشێکی ٢٦ ساڵەی توونێسی بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین لەهەمبەر بێکاری و ستەمێك کە حکوومەت بەسەریدا سەپاندبووی، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، شۆڕشی توونێس دەستی پێکرد و بووە هۆی ئەوەیکە دەسەڵاتی دیکتاتۆری بن عەلی کە لە کاتی سەربەخۆیی ئەم وڵاتەوە لە ساڵی ١٩٥٦وە لە سەر دەسەڵات بوو، بڕووخێت و لەنێو بچێت.

دێموکراسی سیاسی لە توونێسدا پلەی قەبووڵی وەرگرت و بەرەنجامی شۆڕشی ئەوان نەبووە ئەو زەلکاوەی کە وڵاتانی دیکەی بەهاری عەرەبی تێیدا چەقیون، وڵاتانێك کە توونێس ئیلهام بەخشی ئەوان بۆ گەیشتن بە دێموکراسی بوو، لیبی، میسر، سووریە و یەمەن.

لیبی دوای قەزافی لە گێژاوی شەڕێك لە نێوان میلیشاکانی ڕەکابەر لە دەسەڵاتدا چەقیوە. میسری دوای حوسنی موبارەك کەوتە دەست ئیسلامییە میانەڕەوەکانی ئیخوانولموسلمین بە ڕێبەری موحەممەد مۆرسی، بەڵام کۆمەڵگای سێکۆلار و سوپای ئەم وڵاتە دوای یەك ساڵ تێپەڕبوون لە دەسەڵاتدارێتی ئیسلامیستەکان، کۆتاییان بە دەسەڵاتدارییان هێنا و سوپای ئەو وڵاتە خۆی جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. میسر لە ماوەی ئەم چەن ساڵەدا لە گەڵ خراپترین دۆخی ئابووری خۆی لە ساڵی ١٩٣٠وە تا هەنووکە بەرەوڕوو بووە، ئەگەرچی عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆك کۆماری سەربازیی ئەم وڵاتە دەیهەوێت چاکسازی لە ئابووریدا بکات.

سووریە لە زەلکاوی شەڕێکی نێوخۆییدا گیری خواردووە و بۆتە گۆڕەپانی تیرۆریستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریادا، هەڕەشەیەك کە جیهان بۆ لەنێو بردنی یەکی گرتووە. یەمەنیش بۆتە شوێنی ململانێ و شەڕی نێوان حووسییەکان و ئەلقاعیدە و ڕەوتەکانی دیکە.



شۆڕشی توونێس بۆ دێموکراسی سیاسی و باشتربوونی دۆخی ئابووری بوو. نرخی بێکاری لاوان لەم وڵاتە نزیکەی ٣٤ لە سەدە، کێشەیەك کە هێشتا بە بێ چارەسەری ماوەتەوە. ژمارەی ئەو لاوانەی کە دەرچووی زانستگەن و بێکارن، ئێجگار زۆرە. باشترنەبوونی دۆخی ئابووری هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ویبلاگ نووسانی کۆمەڵگای مەدەنی توونێس لە ڕاگەیەندراوگەلێکدا خوازیاری بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکان بن، بە چەشنێك دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵگای مەدەنی توونێس تا ڕادەیەك متمانەی بە سیستمی سیاسی ئەم وڵاتە لە دەست داوە.

تیرۆریسمیش لەم وڵاتەدا گەشەی سەندووە. بزووتنەوەیەکی جیهادی بچووك بەڵام مەترسیدار لەم وڵاتەدا بوونی هەیە. پەناگەی ئەوان شاخی چامبی لە نزیکی شاری کاسێرنیە، شوێنێك کە بەرپرسان دەڵێن لە ساڵی ٢٠١٢وە تا هەنووکە ئەو شاخە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندایە. بە پێی قسەکانی بەرپرسانی فەرمیی ئەم وڵاتە تا هەنووکە ٢٤٠٠ توونێسی ـ زیاتر لە هەر وڵاتێك ـ پەیوەست بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریە بوون، بابەتێك کە دەتوانێت نیگەرانیی گەورەی بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە بە دواوە بێت.

یەکێك لە دڵەڕاوەکەکانی چاوەدێرانی هەڵبژاردنەکانی تونێس و لەوانە مارك گرین، سەرۆکی پێگەی بوونیاتی کۆماریخوازانی نێونەتەوەیی کە لە گەڵ گرووپێك لە چاوەدێرانی هەڵبژاردنەکان لە توونێس بوو، بەشداریی کەمڕەنگی لاوان لە دەنگداندا بوو، سەرەڕای ئەوەیکە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵك هاتبوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان ـ لە هەندێك ناوچە نزیکەی ٦٠ لە سەد ـ ، مارك گرین بە ماڵپەڕی ABCnews.com وتووە کە توونێس بۆ داهاتووی پێویستی بە بەشداری لاوانە. یەکێك لەو قەیرانانەی کە دێموکراسی توونێس لەگەڵی بەرەوڕووە، هەڵاتنی سەرمایەیە بۆ ئۆرووپا. یەکێکی دیکە لە سەرەکیترین نیگەرانییەکانی توونێسیەکان دابەشبوونی سیاسییەکانی ئەم وڵاتە لە نێوان دوو بەرەی ئایدۆلۆژیکە کە دەتوانێت جێگیربوونی سیاسی ئەم وڵاتە تووشی مەترسی بکات. هەر چۆن سێکۆلارەکان توانیان یەك ساڵی کۆتایی دەسەڵاتدارێتی ئیسلامییەکان بە پێکۆڵ بکێشن و بە پێی قسەکانی بەرپرسانی باڵای پارتی نیدای توونێس کە وتبوویان نایانهەوێت لەگەڵ ئیسلامییەکان حکوومەت پێك بێنن، چاوەڕێ دەکرێت کە دەسەڵاتی داهاتووی توونێسیش لەگەڵ قەیرانێکی قووڵ بەرەوڕوو بێت. لە ڕوانگەی توونێسیەکانەوە چارەئەندێشییەکی سیاسی و کۆدەنگییەکی نەتەوەیی لە نێو پارتە سیاسیەکاندا دەتوانێت دێموکراسی توونێس بەرەو داهاتوویەکی ڕوون ببات.

# سکاڵایەکی ڕۆژهەڵاتی

■ شەریف فەلاح

ڕۆژهەڵاتێکم، دڵم زامارە
بە قەرای مێژوو خەم لە دڵم بارە
ڕۆژهەڵاتێکم بەدڵ ڕاساوم
لە بۆغزی نەیار قەت نەترساوم
ئەمن گڕکانی پەنگ خواردووی ژینم
سەرچاوەی جوانی و کانگای ئەوینم
کوێستان مەکۆمە، قیبلەم چیایە
بەبێ شاخ شارم لا بێ مانایە
ڕۆژهەڵاتێکم، حەجمێتم نییە
گەلێک هەورازم لەم ژینە دییە
شۆڕش و خەبات لە خوێنم دایە
حاشام لێمەکەن با نەبن زایە
چاو مەنووقێنن لە ئاست ڕابردووم
بۆ من وەک ئێوە پووشی بابردووم؟
وەک کێوی قایم پەنای گشتانم
دایمە پردێکم بۆ براکانم
وا دەیان ساڵە زووخاو ئەچێژم
بۆ سەربەرزیتان فرمێسک ئەڕێژم
بۆچی لە ئاستم ئەمەگتان نییە؟
مەگەر تاوانی براتان چییە؟
بەسەر مێژووما بۆ تاران مەچن
لانیکەم "گوڵ نین چۆن دڕکیش مەبن"*
ڕۆژهەڵاتێکم، بوومەتە قەقنەس
هیوای ڕزگاریم هێزی خۆمە و بەس
تژیم لە هیوا، پڕ لە هەناسەم
کوانێ مشتێ ژین، من زۆر بە تاسەم
تاسەی یارانی خۆمم کردووە
چەمەڕایانم، باڵم گرتووە
هاکا بینیتان، دەریای ئەوینم
شەپۆلی تووڕەی چەند ساڵەی ژینم
پاک ڕابماڵێ خاشاکی وڵات
بۆ نیشتمانم گوڵ کاتە خەڵات
ڕۆژهەڵاتێکم، بە نەیار نامۆ
وەک ئاسکێکی سرک نابم دەستەمۆ
من بە فیتی کەس هەڵنەپەڕیوم
چەشنی تووڵی تەڕ زوو نەچەمیوم
لە ئاستی دوژمن سەر نەوی ناکەم
وا لەبەرچاوم هاوکاریی براکەم
جیا لە کەمتیاری پیری جەماران
بێجگە نەیاری سەد ساڵەی کوردان
چەند هەلپەرستی لەدوورەو هاتگ
یەک دوو بڵقێکی تازە پێیا کەفتگ
چەند کۆنە دۆستی ئێستا لێم نەیار
بە زۆر هاتوون مێژووم بکەن بار
"تا ماڵ وێساوێ مزگت حەرامە"**
من خۆم ئەزانم دەردەکەم کامە
برام، هەڤاڵم، ماڵی خۆتت هەس
دەی بۆ ماڵی خەڵک کەم بکە هەوەس
تۆ بە زێدی خۆت نەیاری نەیار
مەیە ناو جێگەم وەک ماری زامار
بە فیتی ئەوان قاو و قوو مەکە
هێشتا نەگەیوی زووە، شوو مەکە
بۆچی نازانن من خاوەن مێژووم
من خۆم پێشەنگی ئێستا و ڕابردووم
هەڵۆم شابازم، قەفەس ئەشکێنم
سروودی ئازادی بۆ ژین ئەخوێنم
ڕۆژهەڵاتێکم تێک خرۆشاوم
ئاگرێکی بەتین وا لە هەناوم
سنەم سابڵاغم، شاهۆم ئاویەرم
بە گوڵ دەینووسم مێژووی سەنگەرم
مەتەرێزێکم، کرماشان دڵمە
ئیلام مێژوومە و ورمێ سەرچڵمە
هەوارامانەکەم دڵ ئەهوورایە
زێدی زەردەشتە و ئەوم لا خوایە
ڕۆژهەڵاتی من کانگای خەباتە
جەغزی ئەوینە و خۆری وڵاتە
پێشمەرگە هێمای دنیا و دینمە
نیشتمان ڕووگە و هەم ئایینمە
هەستم بێخەوشە و ڕواڵەتی نییە
زامارم مەکەن بۆ سووچم چییە؟
ڕۆژهەڵاتێکم هەمیشە خەمخۆر
سەر نەوی ناکەم لەبۆ چەکمە بۆر
خاوەن سێ برام، سێ هاوخوێنم هەن
بۆ من پیرۆزن، ئومێدن ڕووگەن
هەر سات بۆ یەکیان خوێنم ڕژاوە
هەردەم بە جۆرێ قوربانیم داوە
لانکەی شۆڕشم زۆر ڕاژاندووە
نەمامی ژینم بەدڵ چاندووە
کەچی لە بەختی کوردی کۆڵەوار
لەبەر پیلانی دوژمنی غەدار
هەر سات بە جۆرێ کەوتوونە گیانم
بەدەستی خۆیی ئەشکێ ئێسقانم
وەک کۆنە داڵاش تینوون بە خوێنم
هاوار لەم دۆخە من کێ بروێنم؟
ئێوە هەرچی بن من هەروەک خۆمم
نە پیلانگێڕم نە کۆنە دۆمم
خاوەن ڕێبازم، شەهیدم داوە
مەبزوون دانیشن خەیاڵتان خاوە
من پیرە دارم، لق و پۆپی زۆر
ڕقمە لە پواز و هۆرە و مشەخۆر
ڕیشەم لە دڵی نەتەوەم دایە
دوژمن لەلای من "پووشی دەم بایە"
هەر لقم بێ بە دەسکی تەور
بێشەڵان خاتە مەینەت و جەور
وەچەی داهاتووم دەیخاتە لاوە
پاک ڕایەماڵێ و دەیدا دەم باوە
من باش دەزانم ئاسۆکەم ڕوونە
چارەی دوژمنم فەوتان و چوونە
ڕۆژهەڵاتێکم ژینم خۆش ئەوێ
لام نەنگە برام دوای دوژمن کەوێ
برای باشوورم، نووری چەمانم
هەڤاڵی باکوور، ڕۆحی ڕەوانم
دە هەستن لە خەو بێدار بینەوە
بناغەی ژینتان دابڕێژنەوە
کەم بینە کلک و پاشکۆی ئەم و ئەو
ژین کە ڕابرێ قەت ناگەڕێتەو
ئێستە کە داعش دەوری تەنیون
گەلێک هاوپەیمان پێتان خەنیون
مەیکەنە هەرا تەفسیری ناوێ
گەر تیفکرن و ڕامێنن تاوێ
پشت لە دوژمن و ڕوو لە گەلی خۆ
جا دەردەکەوێ نەیاری بەدخۆ
ئەوسا ئەزانن داعش کامەیە
دراوسێتانەو وەک لاسامەیە
دەبینن کۆنە دوژمنی خۆتان
دیمەشق و بەغدا، ئانکارا و تاران
مەکۆی پیلان و سەرچاوەی شەڕن
بە خوێنمان تینوون هەر هەڵەوەڕن
ڕۆژهەڵاتی گەل زوو پێی زانیوە
کەچی برامان گوێی لێ ئاخنیوە
وا سی و پێنج ساڵە داعش لێی داوین
بۆ چرکەیەکیش لێی نەترساوین
ئێستا کە خاکمان بۆتە چوار بەش
با وەلای بنێین خاڵی سپی و ڕەش
بە یەکیەتیمان دوژمن زەلیلە
گەر پشت یەک نەگرین کوردستان دیلە
ڕەمزی سەرکەوتن تەنیا یەکبوونە
بە یەکبوونمان سیخوڕ زەبوونە
وەرن کوردستان بکەینە سەنتەر
لە ئاستی زاڵم گشت بینە لەمپەر
تەنیا کوردستان مەکۆی خەبات بێ
هەزار ڕمووزن فیدای وڵات بێ
پێشینانی مە چاکیان زانیوە
کاتێ نەیاران زۆریان هانیوە
بە واتەی نەستەق دەرسیان داوین
گەر برا نەبین هەموو فەوتاوین
"برا گەر بەڕاست پشتی برا بێ،
دوورە لە بەڵا و قەزای بۆ نابێ" ***
کۆتایی کەلام، کوردە ڕێبازم
بۆ بەرزی دەچم وەک سەقر و بازم
من ڕۆژهەڵاتم، کوردستانە جێم
بۆ سەربەرزیی کورد خاکی بەری پێم
هەتا هەتایە من هەر ئەمێنم
کوردم و کوردم، هەر کورد ئەمێنم

٢٠ی ڕەزبەری ١٣٩٣ – سلێمانی



*. لە فۆلکلۆر وەرگیراوە
(گەر گوڵ نیت، دڕکیش مەبە)
**. لە فۆلکلۆر وەرگیراوە
***. لە فۆلکلۆر وەرگیراوە
(برا لە پشت برا بێ قەزاو و بەڵا لای خوا بێ)

## ئاوێزە



● گوڵباخ بەهرامی

"گوڵباخ بەهرامی" لەدایکبووی ١٩٨٢ لە شاری دیواندەرە.

ئەندامی دەستەی بەڕێوبەریی ئەنجومەنی ئەدەبی شاری دیواندەرە بووە لە ساڵی ١٣٨٠دا. هەر لەو ئەنجومەنەدا بە شێوەیەکی جیددی و چالاکانە کاری ئەدەبی و نووسینی شێعری پەرەپێداوە و بەشداری لە چالاکییە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی ڕۆژهەڵاتدا کردووە.

زۆربەی شێعر و وتارە ئەدەبی و سیاسییەکانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاو کردۆتەوە .

لە ساڵی ٢٠١٢دا یەکەمین کتێبی بە ناونیشانی (نیوەی پڕی من، نیوەی بەتاڵی ئاوێنە) چاپ و بڵاو کراوەتەوە، ئەم کتێبە لە لایەن یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوکەوە چاپ کراوە .

ئەو بەرهەمانەی کە ئێستا ئامادەی چاپن بریتین لە:

وەرگێڕانی کۆمەڵە وتارێکی فەلسەفی لە فیلسوفە جیهانییەکان. هەروەها کتێبی خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی فمێنیزم کە وەرگێڕانە لە دەقە فارسییەکەیەوە. کۆمەڵە شێعرێکی بڵاونەکراوەی شاعیر بە ناوی (ساردتر لە نەهاتن، دوورتر لە سەفەر) کە ئامادەی چاپ کراوە.

لە بەشداری لە کۆڕو فستیڤاڵەکاندا چەند خەڵاتێکی پێبەخشراوە:

خەڵاتی ڕێزلێنانی ڕێکخراوی پەرەپێدانی دێموکراسی _ هەولێر
خەڵاتی فێستیڤاڵی نەتەوەیی شێعری کوردی _ هەولێر
خەڵاتی سەنتەری ڕۆشنبیری هەناسە_ سلێمانی.
خەڵاتی فێستیڤاڵی شێعری لاوان _ هەولێر
خەڵاتی فێستیڤاڵی هەڵبەستی نەورۆز _دهۆك
خەڵاتی فێستیڤاڵی ڕۆژی جیهانی شێعر _ هەولێر
خەڵاتی فێستیڤاڵی شێعری کوردستانی گەورە_ کفری
خەڵاتی فێستیڤاڵی شێعری ژنانی چوارپارچە _ سلێمانی
خەڵاتی ڕێزلێنانی ڕۆژنامەنووسی چالاك، ساڵی ٢٠١٣ _ هەولێر
خەڵاتی ڕێزلێنانی ڕاگەیاندنکاری سەرکەوتوو ٢٠١٣ _ هەولێر
خەڵاتی ڕێزلێنانی ڕۆژنامەنووسی سەرکەوتوو لە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی ٢٠١٣_ هەولێر



KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 640 ▪ 6 Nev 2014

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

# بەرهەمە ناوازەکەی دوکتور قاسملوو بە زاراوەی کرمانجی چاپ و بڵاوکرایەوە

کتێبی کوردستان و کورد، گرینگترین سەرچاوە لەسەر جوگرافیا، ئابووری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردستان، کە بەرهەمی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووە، بە زاراوەی کرمانجیی ژووروو چاپ و بڵاو کرایەوە.

کتێبی "کوردستان و کورد" لەلایەن سەلیم زەنجیری پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە زاراوەی سۆرانییەوە گۆڕدراوەتەوە سەر زاراوەی کرمانجیی ژووروو و لەسەر ئەرکی دەزگای ڕۆشنبیریی جەماڵ عیرفان و لە شاری دیاربەکر لە چاپ درا.

کتێبی کوردستان و کورد، کە ساڵی ١٣٤٤ و یەکەمجار بە زمانی چێکی لە پڕاگ چاپ و بڵاو کرایەوە، بە شێوەیەکی زانستییانە پرژاوەتە سەر بوارەکانی جوگرافیا، ئابووری سیاسی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی هەر چوار پارچەی کوردستان و وەکوو گرینگترین سەرچاوە لە سەر کوردستان بە ئەژمار دێت.

ئەو سەرچاوە گرینگە، جگە لە زمانی چێکی، هەتا ئێستا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی، سلۆڤاکی، عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی، پۆلۆنیایی و فارسی و چەند بەشێکیشی بە زمانی فەرانسەیی چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

کتێبی کوردستان و کورد، یەکێک لەو دەگمەن سەرچاوانەیە کە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کوردستان پشتی پێ بستراوە و لە لێکۆڵینەوەکانی سەر کوردستان وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو هێمای بۆ کراوە.




# کتێبی ئوورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو کرایەوە

کتێبی ئوورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا لە نووسینی نەسرین قاسملوو، لەلایەن "ناهید حوسێنی" شاعیر، وەرگێڕ و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەرگێڕان کرایە سەر زمانی کوردی و چاپ کرا.

ئەم کتێبە لەلایەن چاپەمەنیی "سەردەم"ەوە لە هەرێمی کوردستان چاپ و بڵاو کرایەوە.

کتێبی "ئوورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا" لە نووسینی "نەسرین قاسملوو" هاوسەری "دوکتور قاسملوو" بەشێک لە بیرەوەرییەکانی نەسرین قاسملووی لە کوردستاندا لە خۆ گرتووە.

ئەم کتێبە لەلایەن نەسرین قاسملوو بە زمانی فەرانسەوی نووسراوە و لەلایەن "خوسرەو عەبدوڵلاهی" ئەندامی جێگری کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دێموکراتەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی و لەلایەن "نیهات نویان" بە زمانی تورکی وەرگێڕان کراوە.

"هێلێن کرولیچ" ناسراو بە "نەسرین قاسملوو" تەمەن ٨٢ ساڵە و خەڵکی چێکسلواکی، لە دەستپێکی دەیەی٥٠ی سەدەی ٢٠ی زایینی لەگەڵ دوکتور عەبدولڕحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات لە شاری پراگ ئاشنا بوو و دواتر ژیانی هاوبەشییان پێک هێنا.




# جاڵجاڵۆکە زیرەکترین ئەندازیاری نەخشەیە

تۆڕی جاڵجالۆکە، ئەو تۆڕە بچووك و سەیرەیە ئەگەر بە وردی سەیری بکەی، سەرت سووڕ دەمێنێ کە چۆن ئەو تۆڕە بچووکە بەم شێوە ئەندازەیی و ڕێکخراوییە لەلایەن ئەو گیاندارە بچووکەوە دروست کراوە. (ئەرگەیوب) ئەو جۆرە جاڵجالۆکەیە، کە جوانترین نەخش و نیگار لەسەر تۆڕی خانووی و ماڵە بچووکەکەی خۆیدا نیشان دەدات و دروست دەکات، ئەو تۆڕە بچووکە جگە لەوەی شوێنێکە بۆ حەوانەوە و پشوو، هەروەها هەستیارێکی بەهێزە بۆ دەنگە دەنگی هەر گیاندارێکی دیکە کە نزیکی تۆڕەکە بکەوێت، تەنانەت زانایان دەڵێن : جاڵجالۆکە ئەندازیارێکی بە توانایە لە بواری نەخش و یەکسانی و بارستایی لە دروست کردن و جێگیرکردنی تۆڕێکی ئاوا بچووك و بەهێز، وێرای ئەوەی تۆڕی جاڵجالۆکە، تەڵەیەکی بەهێزە بۆ ئەو گیاندارانەی نزیك تۆڕەکەی دەبن و پێوە دەبن و دواتریش دەمرن.



# بەبێ پارێزکردن کێشت دابەزێنە

هۆکاری دابەزاندنی کێشی لەش زۆرن، بەتایبەت لەڕێی پارێزکردن و ڕاهێنانەوە، بەڵام شایانی باسە کە بە بێ بەکارهێنانی دەوا و دەرمان و لە ڕێگەی سروشتییەوە دەتوانی کێشی خۆت دابەزێنی بە بێ ئەوەیکە چووکەترین مەترسی هەبێت بۆ سەر باری تەندروستی. لێرەدا هێما بۆ چەن ڕێکاری سروشتی دەکەین:

•بەباشی بخەوە: ئەگەر بەشێوەیەکی باش نەخەویت ئەوا کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەو هۆڕمۆنانەی کە ئارەزووی خواردن لە مرۆڤدا زیاد دەکەن، ئەمەش وا دەکات کەسەکە هەمیشە هەست بە برسێتی بکات و لەبەرامبەریشدا خواردنێکی زۆر بخوات و قەڵەو ببێت ، لەبەرئەوە هەوڵ بدە ٨ کاتژمێر بخەویت.

•واز لە خواردنەوە گازییەکان بهێنە: خواردنەوە گازییەکان بڕێکی زۆر شەکریان تێدایە، ئەمەش زیان بەتەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێت، ئەو کەسانەی ڕۆژانە جارێك یان خود زیاتر لە جارێك خواردنەوە گازییەکان دەخۆنەوە، مەترسی تووشبوونیان بە نەخۆشی شەکرە و قەڵەوی بە ڕێژەی ٥٠٪ زیاد دەبێت.

• خواردنی خۆراك بەشێوەیەکی تەندروست: سەیرکردنی تەلەفزیۆن یاخود دانیشتن لەبەردەم کۆمپیتەر و خواردنی خۆراك لەو کاتانەدا دەبێتە هۆی زیادبوونی کێش، بۆ ئەوەی مەترسی زیادبوونی کێشت لەسەر نەمێنێت ئەوا هەوڵ بدە خۆراك لە کاتی خۆیدا و لە شوێنی گونجاودا بخۆیت.

•گرنگیدان بە خواردنی سەوزە و میوە: یەکێك لە ڕێگا تەندروستەکان بۆ دابەزاندنی کێش گرنگیدانە بە خواردنی سەوزە و میوە، گۆڕینی هەندێك لە ژەمە خۆراکەکان بۆ خواردنی سەوزە و میوە مەترسی دووبارە زیادبوونی کێش کەم دەکاتەوە و هەروەها دەبێتە هۆی دەستکەوتنی مادە و کانزا بەسوودەکان بۆ لەش.

•خواردنەوەی ئاو: خواردنەوەی ئاو پێش ژەمە خۆراکە سەرەکییەکان یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەوەی کە کێش بەجێگری بمێنێتەوە و زیاد نەکات، توێژینەوە نوێیەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن خواردنەی ٨ کوپ ئاو لە ڕۆژێکدا و هەروەها خواردنەوەی ئاو پێش ژەمە خۆراکییەکان هۆکارێکە بۆ درەنگ خستنی پیری و هەروەها پارێزگاریکردن لە کێش بەشێوەیەکی تەندروست.



## زایەڵە

### ئەژماردنی پێچەوانە

فاتێح ساڵحی

حەڤدە ڕۆژی دیکە دوا مۆڵەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئێرانە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی هەمە لایەنەی ناوکیی. بەم پێیە دەبێ تا ڕۆژی ٢٤ی نوامبر واتە ٣ی سەرماوەزی ئەمساڵ دوو لایەن لەسەر هەموو بابەتە پێوەندییدارەکان بە دۆسییەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی بە ڕێککەوتن بگەن و بە شێوەیەك لە شێوەکان پاش زیاتر لە ١٠ ساڵ کێشەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی بەرەو چارەسەرییەکی بنەڕەتی هەنگاو هەڵبگرێ. بەڵام گەلۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕازیی دەبن کە دەست لە بەرەزەفرییە ناوکییەکانیان هەڵبگرن و ملکەچی داخوازییەکانی ڕۆژئاوا و ئامریکا ببن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەگەر ئاوڕێك لە لێدوان و هەڵوێستەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوو و بە تایبەت ئەم یەك دوو مانگای دواییدا بدەینەوە بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی ئەستەمە بتوانێ لەم ساڵێشدا لەسەر کێشەی ناوکیی وڵاتەکەی بە ڕێککەوتنێ بگات کە توانای مانۆڕدانی لە داهاتووی ناوچەکەدا بەرتەسك و قەتیس بکاتەوە. چونکوو ڕوون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی لە پڕۆژە ناوکییەکەی وەك چەکێکی بەهێز لە بەرانبەر وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەمریکادا کەڵکی وەرگرتووە و بۆ داسەپاندنی هێژمۆنی خۆی بەسەر ناوچەکەدا هەرکات پێویست بووبێت بە جۆرێك پڕۆژە ناوکییەکانی خۆی زەق کردووەتەوەو لەم ڕێگەیەوە هەوڵی داوە پوانی زیاتر لە ڕۆژئاوا بەدەست بێنێت.

ئێستاش کە وتووێژە ناوکییەکان بە پێی پلانێکی لە پێش داڕێژراو خەریکە بەرەو ڕۆژانی کۆتایی خۆی نزیك دەبێتەوە، کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی هەمە لایەنەدایە کە ماوەی ئەم وتوویژانە درێژتر بکاتەوە و بە ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە کە چارەسەریی ئەم کێشەیە وێناچێ لە ماوەی دیاریکراوی خۆیدا بە ئەنجام بگات و بەمجۆرە لە هەوڵی ئەوەدایە کە بۆ ماوەیەکی دیکەش وتوویژەکان درێژ بکاتەوە و وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئامریکا پابەند بکات کە تاکە ڕێگای چارەسەری کێشەی ناوکی ئەم وڵاتە تەنیا و تەنیا دانووستانە.

دانووستانێ کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە باشترین شێوە بە مەبەستی درێژەدانی پڕۆگرامە ناوکییەکانی کەڵکی لێ وەرگرتووە و تا ڕادەیەك وڵاتانی ڕۆژئاوایی تووشی دۆشدامان کردووە. هەرچەند کە گەورە کاربەدەستانی ڕۆژئاوایی و ئامریکایی لە لێدوانەکانی خۆیاندا هێمایان بۆ ئەوە کردووە کە چیدیکە ماوەی وتوویژەکان درێژ ناکرێنەوە بەڵام بە ئاماژە بەو ڕووداوانەی کە لە ئێستادا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بوونیان هەیە، دوور نییە کە کاربەدەستانی ڕۆژئاوایی جارێکی دیکە بێنە سەر ئەو قەناعەتەی کە ماوەی دانووستانەکان بۆ کاتێکی دیکە دووا بخەن و پڕۆسەی وتوویژەکان بە قازانجی کۆماری ئیسلامی درێژ بکەنەوە. چونکوو هەروەك پێشتر باس کرا ئەستەمە کە کۆماری ئیسلامی بەو سادەییە ئامادە بێت دەس لە بەرزەفڕییە ناوکییەکانی هەڵبگرێ و هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەدەستی هێناوە بە سانایی ڕادەستی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئامریکای بکات، چونکوو باش دەزانێ کە یەکێ لە گەرەنتییە بەهێزەکانی بۆ مانەوەی لە خەریتەی دەسەڵاتداریی ناوچەکە و جیهاندا بەرنامە و پڕۆگرامە ناوکییەکانییەتی.